# جووەکانی کوردستان

ژیانی رۆژانە، داوونەریت، هونەر و پیشە



# جووەکانی کوردستان

## ژیانی رۆژانە، داوونەریت، هونەر و پیشە

**ئۆرا شۆرتز بێیری**

مۆزەخانەی ئیسرائیل، قودس

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

**گۆران سەباح**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئۆرا شۆرتز بێیری
جووەكانی كوردستان
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٥٧
چاپی یەكەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٥٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٢٨٣٩ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەكرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ناوەرۆك

بەرکوڵ: جەیمس س. سنایدەر ..... ٩
نەخشەی کوردستان ..... ١٢
پێشەکی: ئۆرا شۆرتز بێیری ..... ١٧
پێشەکییەکی مێژوویی: یۆنا سەبار ..... ٢٥
ژیانی رۆژانە ..... ٣٧
پۆشاك ..... ٦٧
چنین (تەونکردن) ..... ٩٣
نەخش و نیگار و رازاندنەوە ..... ١٤١
چاوەزار (نوشتە) ..... ١٦٩
دروستکردنی شت لە کانزا (کانزاکاری) و خشڵ ..... ١٨٩
دەستنووسی رازاوە ..... ٢٠٧
کۆڕی ئاینیی جوو، شتەکانی مەراسیم و داوونەریت ..... ٢٣٣
تابلۆی ئافرەتە کوردە جووەکان ..... ٢٥٧
سوپاس و پێزانین ..... ٢٦٠
فەرهەنگۆك ..... ٢٦٣







# بەرکوڵ

ئەم کتێبە، دوای بیست ساڵ لە یەکەم بڵاوبوونەوەی بەزمانی عیبری ئەوجا بەئینگلیزی بڵاو بووەوە، بەری لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لەبارەی کولتووری مادیی جووەکانی کوردستان کە کۆمەڵگەیەکی دەوڵەمەند بوون بە نەریت و کەلەپوور. کەتەلۆگی بنەڕەتیی عیبرییەکە لە پێشانگەیەك لە ١٩٨١ لە مۆزەخانەی ئیسرائیل پێشان درا، کە یەکەم لێکۆڵینەوەی مەیدانی بوو لەو زنجیرە لێکۆڵینەوەیەی ئەنجام دران لەبارەی کولتووری کۆمەڵگە ئیتنییەکانی دنیای جووان کە دانیشتووانێکی فرەشوێنیان هەیە. پێشانگەی ١٩٨١ رەنجی لیجنەیەك بوو کە لە سەرەتای حەفتاکان پێك هات لەلایەن سەرۆکی ئەوسای بەشی مۆزەخانەی ئیتنۆگرافیی جووان بەناوی خاتوو ئەڤیڤا مولەر-لانسێت. لیجنەکە دروست کرا بۆ تاوتوێکردنی لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو کۆمەڵگە ئیتنییە جووانەی کەوا کولتووریان خێرا لەناو دەچوون. لێکۆڵینەوەی دواتر بەقووڵی جەخت دەکاتە سەر سەردانیکردنی ئەندامانی کۆمەڵگەکە و سووکەژەمی رۆژانەیان و ئەو شتانەی لە مەراسیمەکاندا بەکاریان دێنان. ئەم لێکۆڵینەوەیە پڕبایەخ بوو بۆ پاراستنی نەریت و کولتووری کۆنی جوو کە لە گەلێ لاوە تا هەتایە بزر بوون یان چوونە ناو رێچکەی سەرەکیی کولتووری ئیسرائیل.

لێکۆڵینەوە لە بارەی کۆمەڵگەی کوردی جوولەکە، کە لە ١٩٧٤ دەستی پێ کرد، پێنج ساڵی خایاند و پرۆژەیەکی سەرەکیی بەشی ئیتنۆگرافیی جووان بوو. هەرکە کارەکە دەستی پێ کرد، ئەنجامەکەی روون نەبوو لەبەرئەوەی کولتووری مادیی کوردستان تا ئەوساکەش بزر بوو، هەروەها لێکۆڵینەوە نێزیکەی ٢٥ ساڵ دوای گەیشتنی دوا جوولەکە بەئیسرائیل دەستی پێ کرد. تەنانەت لە حەفتاکانیش، رێچکەی ژیانی کورد خێرا رووەو لەناوچوون بوو، هەروەها جووە کوردەکان دەمێك بوو تێکەڵی کولتووری وڵاتەکە بوو بوون. سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە، بەتایبەتی لە پێشانگە و کەتەلۆگی ١٩٨١، زەوینەی خۆش کرد بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی کۆمەڵگە ئیتنییەکانەوە، بۆیە ئەم شاکارە برێتییە لە بەردی بناخەی مۆزەخانەی جولیا و لیۆ فۆرچیمیەر لە بەشی ئیتنرۆگرافیی مۆزەخانەی جووان. ئەم ساڵ، لە ٢٠٠٠ و دوابەدوای پێشانگە و بڵاوکراوەی "یەمەنییەکان: دوو هەزار ساڵ لە کولتووری جووان"، بەشەکە سەرکەوتووانە کارە چڕوپڕەکەی تەواو کرد لەبارەی چەندان کۆمەڵگەی جوو لە دنیادا، هەریەکەیان ئێستە بەشێکن لە شێوازی هاوچەرخی ژیان لە ئیسرائیل.

ئێمە لێرەوە سوپاسی تەواوی ئەندامانی بێشوماری کۆمەڵگەی کوردی بکەین لە ئیسرائیل کە بەخۆشحاڵییەوە یارمەتی ئێمەیان دا لەو لێکۆڵینەوەیە چەند ساڵییە لە رێگەی زانیاری، ئەزموون، بیرۆکەکانیان و شتەکان کەوا یارمەتیدەریش بوون بۆ بڵاوکردنەوە و پێشانگەکان. چاکە، پابەند بوون، میوانداریێتی و پەرۆشییان بۆ ئەم پرۆژەیە قەت بیر ناچێتەوە.

ئۆرا شۆرتز بێیری و هاوەڵەکانی لە بەشی ئیتنۆگرافیای جووان شایەنی سوپاسی بێ پایانی ئێمە لە بەرامبەر پابەندبوونیان بەم ئەرکە درێژدادڕەی بەشەکە و بەگرینگیزانینی پرۆژەکە.

لە کۆتاییدا، ئەم کتێبە پێشکێشە بەیادەوەرییەکانی دیتا مۆراوێتز، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی رێکخراوی خۆبەخشەکانی مۆزەخانەی ئیسرائیل. بەلای دیتاوە، لێکۆڵینەوە لە کولتووری کۆمەڵگەی جووەکان زۆر گرینگ بوو. لەکاتی ئەم پرۆژەیەدا، خۆی و سەرچاوەکانی خستە خزمەتی مۆزەخانەکە و مەیدانەکەی ئەوەندە فرەوان کرد کەوا لە چوارچێوەی قودسدا تێی پەڕاند.

جەیمس س. سنایدەر

بەڕێوەبەری ئان و جیرۆم فیشەر



حەوشەی خانووێکی گوندی، کونەکانی ناو دیوارەکان بۆ شت هەڵگرتنن. لە نێزیك کامیاران، کوردستانی ئێران، ۱۹۷۷



گوندێکی کوردی لە پایزدا. خۆئامادەکردن بۆ زستان بەردەوامە، کۆکردنەوەی پووش بۆ بابڕکردن و قشپل بۆ خو گەرمکردنەوە و چێشت لێنان. لە نێزیك سەقز، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.



Great Zab
URMIYA
LAKE URMIYA
Maragheh
Shiranish
Neri
Betanure
Maza
Amidiya
Sakhne
Sandor
Atrush
Ushno
Barashi
Miandowab
Barzan
Nakda
Shush
Dohok
Zibar
Nerwa
Sheihan
Rostaka
Elkosh
Aqra
Sojbulak
(Mahabad)
Garzangal
Shahin-Dag
Diana
Rawanduz
Gwanrud
Senekala
Sokho
Batass
Bokan
Shevarish
Shaklowa
Gaindj
Behirka
Sakhiz
MOSUL
IRAN
Raniyah
Karakush
Gazna
ARBIL
Qalat Dizah
Nagaran
Koisenjaq
Owna
Sheikh Sheruan
Koltafa
Bana
Bijar
Surdash
Altun Kupri
Marba
Makhmur
Panjwin
Chamchamal
Little Zab
Sulaimaniye
KIRKUK
Golumbar
Seneh
(Sanandaj)
Halabja
River Tigris
Hir
IRAQ
Kamyaran
Kifri
Serpoli Zahav
Kara Tafa
Qasr-Shirin
KERMANSHAH
Krend


Jarmok
Siverek
Diyarbakhar
River Tigris
River Euphrates
TURKEY
Mardin
Siti
Jesirat Ibn-Omar
Birecik
URFA
Nisibin
Qamishlo
Zakho
SYRIA
نشینگە و پیشەی جووان لە کوردستان
نشینگەی شاری
گوند
نشینگەی ئاسنگەران
نشینگەی پیاوانی تەونچی و شت هەڵواسین بەدیوارەوە لە کوردستانی عێراق
نشینگەی پیاوانی تەونچیی جلوبەرگ
نشینگەی نەخش و نیگارکێشان
ئەو کۆمەڵگانەی سەردانیان کراوە لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەدا، ١٩٧٧
ڕێگەی سەرەکی
رووبار
لق
سنووری نێودەوڵەتی
THE REGION OF KURDISTAN
ناوی هەندێ لە شوێنەکان لەسەر نەخشەکان بەدیار ناکەون. لەم حاڵەتانەشدا، پشت بەستراوە بەو دەستنووسانەی کە بەشێوەزاری لۆکاڵ نووسراون.
0
100 km.





– جڵ شووشتن لە نۆکەندێکدا

بۆکان، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧

حەوشەی ناوەوە، حەوز و بەلووعەی ئاو لە ناوەڕاست. سێ تەونی گەورە، دوو ئافرەتی جوو لەسەر یەکێکیان کار دەکەن، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧



مەیدانی کار، یەردەنا، ئیسرائیل
فۆتۆ: مارتن ویل



مەیدانی کار، جیڤۆلم، ئیسرائیل

# پێشەکی

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبی ″جووەکانی کوردستان″دا بەئینگلیزی، حەز دەکەم دەرفەتەکە بقۆزمەوە و لێرە باسی کاری لێکۆڵینەوەکە بکەم کە ئەنجامم دا لە ناو کۆمەڵگەی جووان لە کوردستان، کەوا ئەنجامەکانی لەم کتێبەدا و لە پێشانگەی بنەڕەتیی ١٩٨١–١٩٨٢ لە مۆزەخانەی ئیسرائیل بڵاو کراونەتەوە، ئەمە وێڕای هەندێ لەو شتانەی کەوا لەوساکەوە تا ئێستە لە کارەکانمدا دۆزیمنەتەوە.

نێزیکەی بیست ساڵ تێپەڕی بەسەر پێشانگە و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە بەزمانی عیبری. لەو ماوەیەدا، کولتووری جووان لە کوردستان زۆر تێکەڵی ڕێچکەی سەرەکیی کولتووری ئیسرائیلی بووە. بەڵام، دەکرێ بەڵگەکان لە پێشانگەکان و کتێبەکاندا بەدی بکرێن، هەروەها لە تێزی قوتابییاندا، لە کار داهێنانی هونەری، هەروەها لە هۆشیارییەکی بەرزی ئەندامە گەنجەکانی کۆمەڵگەی کوردیی جوو بۆ کەلەپوورییان. ئەمە هانی ئێمەی دا و هەوڵەکانی بەگوڕتر کرد بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی کولتووری کۆمەڵگەکانی تری جووان.

دانیشتووانی ئیسرائیل پێکهاتووە لەو کۆمەڵگانەی کە لە دەیان وڵاتی تردا ژیاون و هەریەکە کولتووری خۆی هێناوە، زۆرجار نەریتی دانسقە و ڕێگەکانی ژیان کە سەدان ساڵە ئەو خەڵکانە لەسەری دەڕۆن. گرینگە لە کولتووری مادیی ئەو کۆمەڵگانە تێ بگەین، جا بۆ سیفەتی رۆژانە بێت یان بۆ مەرامە ئاینییەکان. دۆزینەوە و کۆکردنەوەی کارەکانی هونەری دەستی و ناساندنیان، پاراستنیان، پێشاندانیان و لێکۆڵینەوەیان هۆکاری تێگەیشتنن لەو کولتوورەی لە ئیسرائیل دروست بووە بەهۆی نەخش و نیگار و نەریتی کۆمەڵگە جۆرەوجۆرەکانەوە. چەندە زانیاریی زیاتر کۆ بکەینەوە، کولتووری لۆکاڵمان ئەوەندە دەوڵەمەندتر دەبێت. ئەم زانیارییانە گرینگیی تایبەتییان هەیە بۆ نەوەی داهاتووی ئەو کۆمەڵگەیەی لە ئیسرائیل لە دایك بوونە، هەروەها وەك پردێکیش خزمەت دەکەن لە نێوان نەوە و کۆمەڵگەکاندا. لێکۆڵینەوە لەسەر جووەکانی کوردستان یەکەم بەرنامەی کاری لێکۆڵینەوەی مەیدانی بوو هاتە ئەنجامدان لەلایەن بەشی ئیتنۆگرافیای جووان لە مۆزەخانەی ئیسرائیل. پێشتر، کۆمەڵێك کاری هونەری دەستی لە کۆمەڵگەی جیاجیای جووانەوە کۆ کرابوونەوە لە بوخارا، مەغریب و یەمەن کە لەلایەن کۆچەرە بازرگانەکانەوە هێنرا بوون، یان ئەو شتانەی کە بەدەست هێنرا بوون لەلایەن ئیتنۆگرافکارانەوە لە وڵاتانی پێوەندار. کاتێ ئەو شت و زانیارییە راستەقینانە کۆکرانەوە، دەست کرا بەگەڕان بەدوای میتۆدی نوێ بۆ ئاسانکردنی بەردەوامبوونی لێکۆڵینەوە. هەر ئەمەش وای لە ئێمە کرد بگەڕێین بەدوای ئەو جووانەی کە ئێستە لە ماڵی خۆیان دەژین کە ئیسرائیلە.

ئەم کتێبە یەکەم هەوڵی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانییە و هەرکە ئێمە دەستمان پێ کرد میتۆدەکانیش گەشەیان کرد. هیچ ئەزموونمان نەبوو، کەسێکیش نەبوو لێوەی فێر بین. ڕێگەکە لە مەیدانی کارەوە بۆ ناو پێشانگە زۆر بەئازار بوو. سەرەتا هیچ دەقێکمان لەبەر دەستدا نەبوو، تەنیا تاکوتوك شتمان دۆزییەوە. بەردەوام ئەو شتانەمان دەدۆزییەوە کەوا لە سایەبان و کون و قوژبنان فڕێ درابوون. زۆرجار شکا بوون یانیش بۆ کاری رۆژانە بەکار دەهێنران، یان ئەوەتا لە بن دۆشەك یان ناو دۆڵابەکان شێردرابوونەوە. لەپاڵ هەموو ئەمانە، دەبوایە هەناسەی ژیانێکی نوێ هەڵمژین لە کاتێکدا ڕێگەکانی ژیان و نەریتەکان لە بیر کرابوون. ئەرکی توێژەرە مەیدانییەکە بە دراوێکی ئاوەژوو دەچوو، لە ڕوویێکەوە شتە پەڕاوێزخراوەکانمان کۆ دەکردەوە و لە ڕوویێکی تریشەوە هەوڵمان دەدا دروستیان بکەینەوە وەك بەشێك لە کولتوورێکی گشتی بۆ پێشانگە و بڵاوکردنەوە. کێشەیەکی تر لە دیمانەکاندا ئەوە بوو خاوەن شتەکان یان پیشەسازەکان نەیاندەتوانی باسی پرۆسە تیۆرییەکە بکەن ئەو دەمانەی خۆیان بەشێکی راستەقینە نەبوون لە دروستکردنی شتەکان.

لە سەرەتای کارکردن لەسەر گەڕەکی جووان، ئێمەش وەك ئەوان کەممان دەزانی لەبارەی کولتووری مادییانەوە. بەهەڵەدا چووبووین چونکە وامان دانابوو ئێمە دەتوانین بەیەك مانگ لێکۆڵینەوەکە تەواو بکەین. بەڵام کات تێدەپەڕی و دەوڵەمەندیی شتەکان زیاتر بەدەرکەوت، بۆیە بۆمان روون بووەوە کە کاتێکی زۆرمان پێویستە. لە ئەنجامدا، کاری مەیدانی لە ماوەی پێنج ساڵی پچڕپچڕ تەواو بوو، لە ١٩٧٤ەوە تا ١٩٧٩.

ئەو دەمە کولتووری مادیی کوردستان شتێکی لێڵ بوو. ئێریك براوەری مرۆڤناس (ئەنترۆپۆلۆجیست) لێکۆڵینەوەیەکی کردبوو پێش کۆچی بەکۆمەڵی کوردە جووەکان بۆ ئیسرائیل لە پەنجاکاندا. تەنیا پەنجەی خستبووە سەر قودس، زیاتر جەختی لەسەر ڕێگە و سووڕی ژیان و بۆنەکان کردبوو تا کولتووری مادییەکەیان. ئەو کۆمەڵە هونەرە دەستییەی براوەر کۆی کردبوونەوە لە ژێرزەمینی مۆزەخانەی



رۆکفێلەر هەڵگیرابوون پێش شەڕی سەربەخۆیی لە ١٩٤٨دا. دوای شەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧ هیچیان نەدۆزرانەوە و بۆیە هیچ شتێك نەبوو بۆ لێکۆڵینەوەکە پشتی پێ ببەستین.

وێڕای نەناسراوی و پەراوێزیی کوردستان، بەرەنجامێکی گرینگی لێکۆڵینەوەکەمان ئەوەیە کولتووری مادیی جووەکان رەنگدانەوەی روونی وڵاتانی دراوسێی تێدایە و هەروەها ئەو نەخشانەی کە بەکار براون لە ماوەکانی کۆچکردندا لە ژێر حوکمی فەرمانڕەوای جیاجیادا. بەڵگەی ئەو نەخشانەش ئاشکران، نەك هەر تەنیا لەسەر قاپوقاچاخی رۆژانە، بگرە لەسەر ئەو شتانەش کە لە بۆنە ئاینییەکانی جوواندا بەکار هێنراون، کە هەندێکیان بەڕوونی دیارە سەرچاوەیان گرتووە لە پێوەندیی سەرکەوتووی نێوان جووان و ژینگە غەیرە جووەکان. ئەو پێوەندییانە دوو خەسڵەتیان هەیە: وێڕای لەسێدارەدان و کوشتنی بازرگانە گەڕۆکەکان، بەڵگە لەسەر ئەوەش هەیە کەوا وەستا و پیشەسازانی جوو بەهۆی کارەکەیانەوە دوور خراونەتەوە بۆ گوندەکان. لەوێ فێری جوانترین نەریتی میوانداریێتی بوونە، هەروەها نەریتی ساباسیان وەرگرتووە (Sabbath) واتە مەراسیمی شەممان، هەروەها درێژەیان بە یاساکانی کاشروت (kashrut) داوە کە برێتییە لە پێڕۆی جووان بۆ ئامادەکردنی خوان و رازاندنەوە و بۆنەکان.

پێوەندییەکی تر دروست بووە لە نێوان تەونچییە جووەکان و کۆچەرە شوانەکان کە سووفیان بۆ تەونچییەکان دابین کردووە. ئێمە دەزانین کە ئەم پێوەندییانە فرەوان بوونە تا گەیشتووەتە پێوەندیی کولتووری، وەك خڕبوونەوە لە چایخانە، هاریکاریی یەکتر لە قاچاخچیاتی لە سنوور، تەنانەت بردنی جووان بەقاچاخ بۆ ئیرێتز ئیسرائیل.

لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەدا، یەکەم جار چاوم کەوت بە کوردە جووەکانی عێراق، کۆمەڵگەیەکی کۆنن، ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە پێشتر لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا گەیشتنە ئیسرائیل. دواتر چەندان کەسی ترم بینی کەوا لە ساڵانی پەنجاکان کۆچیان کرد و چوونە ئیسرائیل. ئەم گرووپە گرینگییەکی یەکجار زۆریان هەبوو و زۆربەی دۆزینەوەکانی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری ئەوان. پاشان دیمانەی چەندان جووی کوردم کرد لە ئێران و سوریا و تورکیا کەوا زۆربەیان بەشێکن لەو کۆمەڵگە کۆنەی لە سەرەتای سەدەکەوە گەیشتنە ئیسرائیل، هەرچەندە هەندێکیان تەنیا لە پەنجاکان گەیشتن. لە حەفتاکاندا، کەمێکی تریش دوای ئازارێکی زۆر گەیشتن. وێڕای هەموو شتێك، کۆچی ساڵانی حەفتاکان هێمای دواییهاتنی کۆمەڵگەکانی جووان بوو لە کوردستاندا.

جووە کوردە بەتەمەنەکان، کەوا هێشتا زۆر وردەکاریی ژیانیان لە کوردستان لە بیر مابوو، سەرچاوەی گرینگی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بوون. دانیشتن لەگەڵ ئەوان ئەو هەستەی بەئێمە بەخشی کە کاتی ئێمە سنووردار دەبوو ئەگەر ئەو نەوەیە زیندوو نەبایە. ئێمە ٢٥ ساڵ دوای ئەوەی زۆربەی کۆچەرە کوردەکان گەیشتنە ئیسرائیل دەستمان بەکارەکە کرد: ئەوساکە دەمێك بوو تێکەڵی کولتووری وڵاتەکە بووبوون و رێچکەی نەریتی ژیانی خۆیان خێرا لەناو دەچوو. زۆربەی جلوبەرگیان، کە بەڕوونی ئەوانی لە دانیشتووان جیا دەکردەوە، نەمابوون. تاکە سیفەتی کولتووری مادییان کە تا ئەو دەمە زیندوو بوو هونەری چێشت لێنانیان بوو. ئێستەش یەکێك دەتوانێ پاشماوەی رێگەی ژیانی کوردستان ببینێت. بۆ نموونە، جگە لە کەلوپەل و ئامێری مۆدێرن لە ناندینەکاندا وەك بەفرگر و سۆبەی کارەبایی، ئێستە پریمز ماوە لە هەندێ ماڵدا کە شیوی نەریتییانەی پێ لێ دەنێن بەهەمان ئەو رێگەیەی لە کوردستان بەکاریان دێنا. شان بەشانی هەندێ ناوچەی لادێیی، ئێستەش یەکێك بگەڕێ پیاو و ئافرەتی پیر بەجلوبەرگی کۆنەوە دەبینێت کە جلەکان لە ئیسرئیل دووراون. ماڵ هەیە لە ئیسرائیل زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی میوانان دەکەن تەنانەت ئەگەر میوانەکە کتوپڕیش بێت. میوانەکە خواردنی پێ نەخورێت قاپەکەی هەر بۆ پڕ دەکەن بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی میوانەکە تێر دەخوات.

لە کاتی لێکۆڵینەوەکەمان و بەرەنجامەکانی، زەحمەت بوو بڵێین دۆزینەوەکانمان هی فلان ناوچەن. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، بابەتەکە جەماوەری زیاتر بوو. چەندان کەتەلۆگ بڵاو کرانەوە و پێشانگە لە ئەڵمانیا و نەمسا ساز دران، کە هەمووی لەبارەی کولتووری کوردییەوە بوون بەگشتی. کاری مەیدانیی ئێمە یارمەتیی ئێمەی دا لە ناساندنی شتەکان وەك دەستنووسە رازاوەکان، چاوەزار و نوشتەکان و شتەکانی تر بەگشتی، بەڵام سەرچاوەیان دیار نەبوون. بۆ نموونە، توێژەرمان لەسەر دەستنووسە کوردییەکان، پرۆفیسۆر یول ریڤلین، لە ١٩٥٩دا نووسیبووی کەوا هیچ دەستنووسێکی



رازاوە لە کوردستاندا نەبووە.

لە ١٩٧٧، لە کاتی سەردانەکەم بۆ کوردستانی ئێران، یەکێك لەوانەی دیمانەم کرد لەسەر داواکاریی خۆم کتێبێکی بۆم رازاندەوە. لە رێگەی ئەوەوە توانیم کتێب و لاپەڕەی رازاوەی چەندان کۆمەڵە بناسێنم کە هەمان دیزاینیان هەبوو، دەستنووسەکان هەمووی کوردی بوون. کەواتە ئەمە جلوبەرگی ساباسی نەشێنراو بوو لە بەشی جودایکای مۆزەخانە کە پێشتر وا دەزانرا فارسی بووبێت. لە یەك سەردانم بۆ موشاڤ یەردەنا لە کاتی فیستیڤالی سالآنەی سەحەرانەی کوردی جوو، کلاوێکی نەخشێنراوم بینی لەسەر پیاوێك کە جۆرە دیزاینێکی هەبوو پێشتر نەمبینیبوو. بەدوایدا چووم تا گەیشتەوە ماڵ لە موشاڤ پاتیش، تا هەوڵ بدەم باشتر بیبینم و هەوڵیش بدەم لێی بکڕم. نەخشەکە و پێکهاتەکانی وای لە من کرد شتەکانی تریش بناسێنم کە هەمان پێکهاتەیان هەبوو. بۆ نموونە، پۆشاکی ساباس، جانتای تالیت، تزیتزیت (قاقۆڵ) و تاد. هەموو ئەمانە لە هەمان ناوچەدا بوون، ئەویش ناوچەی سەقز بوو لە کوردستانی ئێران.

کاری مەیدانی لە ئیسرائیل هەمووی لە قودس بوو، هەروەها لە چەندان شارۆکەی تر و نێزیکەی ٣٥٠ ماڵ لە زیاتر لە ٣٠ گوند کە بەرەچەڵك کوردی کوردستان بوون، هەروەها لە کاری مەیدانی لە کۆڕە ئاینییەکانیشیاندا ئەنجام درا. لە کاتی سەردانەکانمان، پێوەندی و متمانە دروست بوو و پێدا پێدا زانیاری خڕ دەکرانەوە. بۆ نموونە، دیمانەیەکم لەگەڵ (راچل) کرد لە ماوەی دوو سەردان بۆ موشاڤ یەردەنا لە دۆڵی ئوردن، بەڵام لە سەردانی سێیەممدا سەرنجم دا فەرشێك بەسەر رستەیەکدا هەڵواسرابوو و داوام کرد چنینەکەی ببینم. حەپەسام لەبەرئەوەی دەرچوو هەمان ئەو راچلەیە ئەمەی دروست کردووە کە هەرگیز لە دوو سەردانی پێشووترمدا ئەم پیشەیەی خۆی بۆ من ئاشکرا نەکرد. بەهەمان شێوە، دیمانە لەگەڵ (شیمۆ) کە لە چەندان ساڵ دوای ئەوەی هەموو جووەکان کوردستانیان بەجێ هێشتبوو ئەو هەر لەوێ مابووەوە. چەندان جار سەردانم کرد دوای ئەوەی بەڵێنی پێ دام کارە هونەرییەکانی خۆیم پێشان بدات، جگە لەوەی ئەو چیرۆکانەم بۆ بخوێنێتەوە کە باس لە بردنەدەرەوەی جووەکان دەکات لە کوردستان بە قاچاخ، بەڵام دوای چەندان جار هیچم پێ پێشان نەدرا، وازم هێنا و هیچی تر سەردانم نەکردەوە. پاشان نامەیەکی نارد و گوتی دەبێ دیسان سەردانی بکەمەوە، ئەوجا بۆ یەکەم جار چەند فەرشێکی پێ پێشان دام.

ئەو پەنابەرانەی، لە خاکێکەوە هاتوون هەژار لە کاڵا، ژیانیان لە ماڵەوە لەسەر فەرشان بوو بەبێ هیچ کەلوپەلێکی تر. ئەوانە هەندێ شتیان هێنا زۆرجار کێشەیان لێ دەکەوتەوە. دەسەڵاتی مەحەلی هەناردنی زێڕ، خشڵ و فەرش و شتەکانی تریان قەدەخە کردبوو. بۆیە خاوەنەکان هەندێ شتیان هەڵبژاردبوو کە لە کەرەستەی خراپ دروست کرابوون و زۆرجار ئامێرەکانی دروستکراو لە خشڵ و زێڕ و زیو توابوونەوە یان فرۆشرابوون. توانیمان تەنیا چەند وتارێك بکڕینەوە، ئەویش دوای چەندان ساڵ هەوڵ بۆ قایلکردنیان تا پێمان بفرۆشن. لەکاتی دروستکردنی مۆزەخانەکە بۆ ئەم شت کۆکراوانە، زۆر شت فێر بووم لەبارەی داوونەریتی ئەو کۆمەڵگەیە. یەکەم دوو پۆشاکی نەخشێنراوم بینی، ئەوانیش چاکەتێکی پیاوان و چاکەتێکی ئافرەتان بوون. ئەوانەم لە ماڵی بەرێز دەروێشدا بینی لە تەورێز. کاری نەخشاندنەکە زۆر جوان بوو و ئافرەتێك کردبووی کە خەڵکی ئاکرێ بوو لە کوردستانی عێراق. هەمان ئافرەت چاکەتی بەنەخشی دروست دەکرد بۆ فەرمانڕەوای ئەو دەم. داوام کرد جلەکانم پێ بفرۆشن بۆ مۆزەخانە، یەکسەر رەتیان کردەوە و پێیان نەفرۆشتم. منیش بەنیوە سوعبەتێکەوە گوتم لەم ماڵە ناچمە دەرەوە بەبێ ئەو جلانە. لێرە لە تەلی سیفەتی میوانداریتیم دان و پاشان رازی بوون پێم بفرۆشن بەو مەرجەی کەس لە تەورێز بەمە نەزانێت چونکە پێشتر زۆر داوایان

لێ کردبوو بیانفرۆشێت، ڕەتی کردبوونەوە.

بۆیە کاری ئێمە لە کۆکردنەوەی کارەکانی هونەری دەستیی جۆرەوجۆر هێواش بوو. گەلێکیان دانسقەن و تەنیا لە مۆزەخانەکەی ئێمەدا دەبینرێن. بەگشتی، ئێمە زیاتر لە ٤٠٠ کاری هونەری دەستیمان کڕییەوە، وەك چاوەزار، قاپوقاچاخی ڕۆژانە، کەلوپەل، فەرش، فەرشی نەخشێنراوی سەر دیوار، جلوبەرگ، نەخش و نیگار، زێڕ و زیو و خشڵ و شتەکانی بۆنە و مەراسیمەکان. مێژووی هەندێکیان دیار نییە. هەندێکیان هی کۆتایی سەدەی نۆزدەن، بەڵام زۆربەیان هیی سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی بیستن. دانسقەیی ئەم شتانە ئەوەیە لەلایەن پیشەسازی جووەوە دروست کراون، ئەم پیشانەش کاری سەرەکیی جووەکان بوون، بۆیە بەگشتی زۆر تێکەڵی کولتووری کوردین، نەك هەر تەنیا کولتووری جووان.

تووشی گرفتی شوێن بووینەوە. پێش هەموو شتێ، دەبوایە بزانین ئەو کوردە جووانە لە کوێی ئیسرائیل گیرساونەتەوە. لە دۆکیومێنتەکانی دەسەڵاتی نشینگەدا، پەنابەران ناویان بەپێی وڵاتی بنەڕەتییان تۆمار کراوە وەك عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا، نەك کوردستان. لێکۆڵینەوەکەم لە قودس و دەوروبەری دەست پێ کرد و پاشان بەوەم زانی کە دابەشکردنی شوێنی پەنابەران بەگشتی بەپێی شوێنیان بووە لە کوردستان، کە تێیدا خەڵکی گوندێك ئاشنا نەبوون بەگوندێکی تر لەبەرئەوەی چیای بەرزیان لە نێواندا بووە. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ئاستەنگەدا، چوومەتە هەر ناوچەیەك کەوا دەنگۆی ئەوەی تێدا بووە کوردەکانی تێدا دەژین. لە گەراجی سەرەکیی پاسەکانی هەر شارۆچکەیەکدا، هەوڵم دەدا کوردەکان بناسمەوە و بەدوایاندا دەچووم تا گەیشتنەوە ماڵ. بەم شێوەیە لە شارۆچکەی ئەفولا، ڕێگەم دۆزییەوە بۆ گوندەکانی سەر بەناوچەی تەناخیم وەك میتاڤ، ئەڤیتال و پرازۆن، بەهەمان شێوە لە ناوچەی لاچیش و دۆڵی بێیت شان و شوێنەکانی تر. لە تبریاس، چاوم بەیەکێك کەوت لە موشاڤ ڕەڤاهە، لە سەحەرانە، یەردەنا چاوم بەیەکێکی تر کەوت لە یوکنیم، هەروەها لەسەر ڕێگەم بۆ مینوها چاوم بەیەکێك کەوت خەڵکی گوندی نۆگا بوو. هاوڕێیان باسی ئیلرۆ و ئین یاکوڤیان بۆ کردم و ئیتر هێواش هێواش تۆڕی دانیشتوانەکە فرەوان بوو.

دوای چەندان کۆبوونەوە، ئەو شتانەی تەنانەت لە ناو خێزانەکانیشدا شێردرابوونەوە هاتنە دەرەوە و دەرگەی دۆڵابەکان خرانە سەر پشت. بەختمان هەبوو، زۆربەی ئەو شتانەی چی تر بەکەڵك نەدەهاتن فڕێ نەدرابوون و تەنیا وەك هەستێك یان نۆستالجیایەك هەڵگیرابوون، یانیش لەبەرئەوەی هەندێ لە ئەندامانی خێزانەکە پێش ئەوەی بێنە ئیسرائیل زۆریان پێوە ماندوو بوونە تا دروستیان کردوون. چەند شتێك هەڵگیرابوون بۆ بەکارهێنانی نەریتییانە. یەکێ لەوانە فەرشێکی جوانی سەر دیوار بوو کە تایبەت چنرابوو بۆ ئاهەنگێکی هاوسەرگیریی کوڕە گەورەکەیان! لە نموونەیەکی تردا، گوێمان لە جلێکی دانسقەی ئاهەنگی هاوسەرگیری بوو، کە تەنانەت خێزانەکەش بەوە ئاگەدار نەبوون، تەنیا لەبەرئەوەی خاوەنەکەی ناچار بووە بیفرۆشێت بۆ کڕینی داوودەرمان. دوو ساڵی پێ چووبوو تا ئافرەتەکە ئەو جلەی دروست کردبوو، سەرەتا ئاوریشمی قۆزاخە کردووە، پاشان خۆشی کردووە، ئەوجا تەونی کردووە و دووریویەتەوە و نەخشاندوویەتی.

لە گەلێ ماڵدا، هیچ شتێك نەدۆزرانەوە. زۆرجار هیرباریان پێ پێشان دەدایین کە هیچ پێوەندییان بە کولتووری ڕاستەقینەوە نەبوو، ئەوانی تریش بەپێی تێپەڕبوونی کات لەناوچوون لەوەتەی کۆچکردنەوە. بەڵام لە سەروو هەمووو ئەمانەشەوە، کوردە جووەکان خەڵکی شارستانی بوون و پێویستییان بە کاڵای بەکاربەر زۆر میانڕەو بوو بۆیە بڕێکی زۆر سنووردارییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

وێڕای ڕاوکردنی ڕاستەقینەی شتەکان، ئێمە جەختمان کردەوە لەسەر کۆکردنەوەی زانیاریی چۆنیەتی بەکارهێنانیان. لە کاری مەیدانیی ئێمەدا، لەجیاتی دیمانەی سەرکردەکانی کۆمەڵگە، کە زۆر ساناتر دەبینران، بایەخم دا بەقسەکردن لەگەڵ ئافرەتان لە ماڵی خۆیاندا چونکە دەرفەتی زیاتر هەبوو بۆ ئاشکراکردنی ئەو شتانەی چەندان ساڵە هەڵیانگرتبوون. میتۆدەکانمان تۆمارکردنی داتای تەکنیکی تێدا بوو لەبارەی هەر شتێك، بەشێوەیەك وێنەی شتەکانمان دەگرت کەوا بەکارهێنانیان ڕوون بووایە، هەروەها وردەکاریی زیاترمان کۆ دەکردەوە لە ڕێی دیمانە لەگەڵ خاوەنەکانیان. بێ لەمەش، زانیاریمان خڕ دەکردەوە لەبارەی بابەتی گشتییەوە وەك میتۆدەکانی کارکردنی وەستا و پیشەسازەکان، بەکارهێنانی چاوەزار و تاد. سەرنجمان دەدا ڕێگەکانی ژیانیان، ئەمە زۆر گرینگ بوو بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکە.

دوای کاری مەیدانی لە ئیسرائیل، توانیم تەماشای چەندان شتی کۆکراوەی تر بکەم کە لە مۆزەخانە ئیتنۆگرافییەکاندا لە دنیا پارێزراون. لەوانەش: مۆزەخانەی کۆپنهاگن (١٩٧٦ سەردانم کرد)، تاران (١٩٧٧)، بەرلین (١٩٨٦)، ڤیەننا (١٩٩٤). ئەو شتانەی من بینیم جیاواز



بوون لەوانەی پێشتر لەکاتی لێکۆڵینەوەکەم پێیان ئاشنا بووم لە ئیسرائیل. ئەو شتانە نوێنەرایەتیی ژیانی کوردی جوویان نەدەکرد، جگە لە چەند خشڵێکی زیوین نەبێ لە مۆزەخانەی داهلم لە بەرلین، کە بەڕاستی لەلایەن پیشەسازێکی جوو دروست کرا بوو و ئێمەش توانیمان لە پێشانگەکەمان پێشانی بدەین.

لەپاڵ ئەوەی جووەکان هەندێ کەلوپەلیان بۆ ژیانی ڕۆژانەیان دروست دەکرد، زۆرێکیان بۆ کڕین و فرۆشتنیش بوون. زنجیرەیەکی گرینگیی ئەمە کۆمەڵێك شتی چنراوە بوو کە بەتەکنیکی هەمەجۆر و چەندان ڕەنگی جۆراوجۆر ڕازا بوونەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نەخشاندنی جلوبەرگ و دروستکردنی شتی نەخشێنراو.

لە ١٩٧٧، لەگەڵ وێنەگرێك چوومە کوردستانی ئێران. پێکەوە سەردانی پاشماوەی کۆمەڵگەکانی جووانمان کرد لە دە شوێن، چووینە لای دراوسێکانیان، خانوویان و کۆڕە ئاینییەکانیان، هەروەها لە ناوچەی جوواندا، سەردانی کەمپی کۆچەرەکانیشمان کرد، سەردانی گوند و شارۆچکە و شوێنەکانی ترمان کرد کەوا دانیشتووانی گشتی ژیانیان تێدا بەسەر دەبرد. لەوێ، خێرا هەستم بەوە کرد کە دەبێ واز لە دەوڵەمەندکردنی مۆزەخانەکە بێنم بەهۆی شت کۆکردنەوە لەبەرئەوەی گۆڕانێکی گەورە بەسەر ئەو ناوچانەدا هاتبوون. دوای باشتربوونی باری ئابووری، نرخی قاپوقاچاخی دروستکراو لە کەرەستەی جۆراوجۆر زۆر هەرزان بووبوو. هەروەها نرخی پۆشاکی تازە هەرزان بوون، ئافرەتان ئەوانەیان زیاتر دەویست تا جلی دروستکراو لە کەرەستەی سروشتی و گرانبەها. لە کاتی گەڕانەوەم بۆ ئیسرائیل، زیاتر خۆم ماندوو کرد بەهیوای ئەوەی شتێکی زیاتر بخەمە ناو مۆزەخانەکە کە چی تر لە کوردستان بەرچاو نەدەکەوت، ئەویش دەستم کرد بەگەڕان لە ماڵە کوردە جووەکانی ناو ئیسرائیل. زیاتر دەچوومە لای ئەو خێزانانەی کەوا گومانیان هەبوو لەو شتانەی کە هەڵیانگرتبوون. دێبابەکان شتەکانیان بەپردێك دەزانی دەیانبەستێتەوە بە ڕابردوو، هەستێکی سۆزناکی قووڵیان بۆ شتەکان هەبوو و پڕ بایەخ سەیریان دەکردن، کەچی هەندێ جار منداڵەکانیان بۆ یەکەم جار شتەکانیان دەبینی و بەیادەوەرییەکی نەویستراویان دەزانی بۆ بنەڕەتیی دێبابیان و زۆرجار پێیانەوە شەرمەزار بوون. ئەم بۆچوونەی نەوەی نوێ تەواو گۆڕا ئەو دەمەی درکیان بە بەها و گرینگیی شتەکان کرد لە چاوی نوێنەرانی مۆزەخانەکە. هەر لە سەردانەکانی ترمدا، پرسیارم دەکرد لەبارەی شتەکانەوە، دەیانگوت بەدیاری داومانەتە ئەندامانی خێزانەکە، یانیش فرۆشتبوویانەوە. بۆ ڕێگەگرتن لەم کارەش، زۆرجار ڕاستەوخۆ شتەکانم لەسەر حسێبی خۆم دەکڕییەوە.

لە ئەنجامدا، چەند سەت پارچەیەکی هونەری لە پێشانگەکەدا پێشان دران. تێیاندا بوو چەندان ساڵ شێردرابوونەوە، هەندێکیان لە دەستی دوو کرا بوونەوە و هەندێکیشیان بەقەرز درابوون. بێ لەمەش، پێشانگەیەکی تایبەتیمان کردەوە بۆ ئەو پارچە هونەرییانەی لەلایەن پیاوانەوە چنرابوون، کە گرینگترین پیشەی جووان بووە لە کوردستان. پێشانگە ئیتنۆگرافییەکە سەرنجی ژمارەیەکی ئێجگار زۆری خەڵك و تەنانەت ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردە جووەکانیشی ڕاکێشا. ئەو جەماوەرە بەهەست و سۆزێکی کەسانی و زۆر بەپەرۆشەوە سەیری شتەکانیان دەکرد.

جووەکانی کوردستان، بەشێوازی خۆیان، هەوڵیان دا ڕێچکەی نەریتییانەی ژیانیان بپارێزن و هەر وەك خۆیان بژین لە ئیسرائیل. لە کاتی سەردانی یەکەمم بۆ ماڵەکانیان، چەندان دیاردەم بینی کە جار دوای جار دووبارە دەبوونەوە. بۆ نموونە، دروستکردنی خانووی بچووك لە گوندەکان سەرەڕای پێوەرەکانی حکوومەت بۆ دروستکردنی خانوو بۆیان. ژوورەکان هەمان ئەو ژوورانەن کە لە کاتی خۆی لە کوردستان تێیاندا خڕ دەبوونەوە. لە گەلێ حەوشەی ماڵەکاندا، گەڵای مەیلە و پەمبەم دەبینی کە پێی دەڵێن: ڕێحان. ڕێحان گوڵێکی بۆنخۆش و ناسکە. کورد بەکاری دێنن و لە نێو دۆڵاب، یان بەجلەکانەوەی دەکەن یانیش پیاوان دەیخەنە ژێر چاکەتەکانیان بۆ بۆنخۆشی. ئەم گوڵە لای ئەوان دەسەڵاتێکی نەریتیی پڕ بەهای هەیە. پێیان وایە ئەم گوڵە دەیانپارێزێت لە خراپە و ڕوحی شەڕانگێزی، هەروەها وەکو چاوەزاریش بەکاری دێنن. زۆر چالاکی تر لەم ڕووەوە ڕوودەدەن وەك بژارکردنی برنج و وشککردنەوەی تۆو و بیبەری تیژ، نانکردن و تەشیکردن. هەرکە زستانیان لێ دەڕوات و هەتاو

وەك Sukkot سەكوت بۆنەی لەکاتی دەڕازێنرێتەوە حەوشە هەتاو. بەر دەیدەنە بالکۆنەوە و حەوشە بەدیواری فەرشەکانیان دەرێ، دێتە چۆن عادەت بوو لە کوردستان.

وێنەکانی ناو ئەم کتێبە یەکەم جار لە چاپە عیبرییەکە بڵاو کراونەتەوە و نێزیکەی هەموویان یان لە کوردستان یان لە ئیسرائیل گیراون. نێزیکەی ٢٥ وێنەیان لە سەرچاوەی ترەوە وەرگیراون و ١٠ی تریشیان لە ئان فیشەر و هیچنری فیلد وەرگیراون لە ساڵانی ١٩٢٨ و ١٩٣٤ لە ساندور، کە گوندێکی جووانە لە کوردستانی عێراقدا. بەداخەوە، هیچ وێنەیەکی تێدا نییە کە لە بنەڕەتەوە لەلایەن جووەکانەوە لە کوردستان گیرابن. ئەو کاتە هونەری فۆتۆگرافی نەبوو لە کوردستان لەبەر چەندان هۆ، هەندێ جار لەبەر پرسی ئەفسانە و خوڕافیات وێنە نەگیراون. پێیان وابوو وێنەگر روحی ئەو کەسە دەگرێت کە وێنەکەی بۆ دەگرێت. وێنەکان بەپێی بابەتەکان بەدیار دەکەون و خۆیان وەك بەڵگەیەك بۆ کولتوورێك کە لەناوچووە گرینگن.

ئەو شتانەی لەم کتێبەدا بڵاو کراونەتەوە لەسەر بنچینەی سەرچاوەی لاوەکین و تەنیا کورتەی لێکۆڵینەوەکەمان پێشان دەدەن کە لەسەر بنچینەی کاری مەیدانییەوە ئەنجام دراوە. دوای ئەوەی کەرەستەکانمان کرد بەچەند بەشێکەوە بەپێی دۆزینەوەیان، دەیانخەینە بەر دەستی خوێنەر وەك ناوەڕۆکی کتێبەکە. زۆربەی شتەکان و پارچە هونەرییەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە و نەریتی و لادێیین، هەرچەندە هەندێکیان دەکەونە ناوچە شارستانییەکان و کاریگەریی ژیانی مۆدێرنیان بەسەرەوە هەیە، ژیانێك کەوا دزەی کردووەتە ناویان لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانییەوە. بەگشتی، ئەم کتێبە پەنجەرەیەکە بۆ ئاشناکردنی کولتوورێکی بزر، دەتوانم بڵێم کولتوورێکی فەوتاو.

سەبارەت بە پێشانگەی ١٩٨١ و کتێبەکە بەزمانی عیبری، دەمەوێ جارێکی تر سوپاسی ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی بکەم لە ئیسرائیل کە زۆر بەگەرمی و شانازی و شکۆمەندییەوە پێشوازییان لێ کردم. هەروەها سوپاسی یاریدەدەرانی بەڕێوەبەری مۆزەخانە دەکەم لەوانەش ئیسەر جوهان، ئۆرپا سلاپاك و نەعوم بارام کوڕی بن یوسف، کە پەرۆشی و ماندووبوونیان پڕ بەهایە لە ئامادەکردنی ئەم پرۆژەیە. هەروەها سوپاسی هاوکارانم لە بەشی ئیتنۆگرافیای مۆزەخانەی ئیسرائیل دەکەم، لەوانەش ئەڤی نیلسن بن ئڤیی رەحمەتی، زوهەر ویلبوچ، عالیە بن عامی، تەکیە سابر و بەتیا نەتان، بۆ یارمەتی و پشتگیری و دڵسۆزییان.

چاپی ئینگلیزیی ئەم کتێبە بڵاو نەدەکرایەوە بەبێ یارمەتی و هاندانی ستافی مۆزەخانەکە، لەوانەش نیریت زور، بەڕێوەبەری بەشی بەلاڤۆك، کە چەندان ساڵ لەگەڵم بوو تا بڵاوکردنەوەی کتێبەکە. دانیال بن نەتان، جێگری سەرۆکی بەشی گەشەپێدان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یودیس گۆلستین کە هەردووکیان بێ وچان یارمەتییان دام. سوپاس بۆ دکتۆر ئیریس فیشۆف، بەڕێوەبەری بەشی خزمەتگوزارییەکان و سەرۆکی پێشووی ئیتنۆگرافیای جودایکا و جووان کە پشتگیرییە بێ دەنگە کاریگەرەکەی لە بیر ناکرێت. سوپاسی ئاشر وێیل دەکەم کە هەردەم باوەڕی وابوو ئەم کتێبە بەئینگلیزیش لەدایك دەبێت دوای ئەوەی بەزمانی عیبری بڵاو کرایەوە. سوپاسی مارتن گابیسۆن دەکەم کە دیزاینەری ئەم کتێبەیە، سوپاس بۆ پرۆفێشنالیزم و ئارامی و زەوقی بۆ ئەم کتێبە.

سوپاسێکی تایبەت بۆ ئارین میلەر کە خۆبەخشێکە بۆ مۆزەخانەکە و زۆر گەڕا بەدوای کۆمەکبەخشان بۆ ئەم کتێبە. هەروەها زۆر قەرزداری هەموو ئەو هاوڕێ و خۆبەخشانە دەکەم کە سەیارەکانیان خستە خزمەتی کارەکان و ئێمەیان دەگەیاندە گوندە دوورەکانی وڵات. بەم شێوەیە منیان لە کۆڵ گەشتە درێژەکانی ناو پاسەکان کردەوە، هەروەها لە کۆڵ رەپەرەپ و تەقەتەقی ناو تراکتۆر و رۆیشتنی سەر گردەکانیان کردمەوە، لە کۆڵ قوڕ و لیتەی گوندەکانیان کردمەوە. هەموو ئەمانە وایان کرد وێنەکان بەجوانی بێنە گرتن. لە دڵەوە بەگەرمی سوپاسی هەر هەموویان دەکەم.

لە کۆتاییدا، دەمەوێ سوپاسی مێردەکەم، ئیمانوێل بێیری رەحمەتی بکەم کە زۆر یارمەتی دام، لە تەواوی ساڵەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتگیری کردم و هانی دام، هەروەها زۆر یارمەتی دام لە وەرگێڕانی کەرەستەکان لە زۆر زمانی جیاجیاوە. بەداخەوە تەمەن رێی پێ نەدا بمێنێت و ئەم کتێبە ببینێت.

ئۆرا شۆرتز بێیری

بەڕێوەبەر، ئیتنۆگرافیای جووان



1
2
HAIFA
TIBERIAS
3
4
5
12
8
10
13
9
6
16
11
7
14
15
NATNYA
17
RAMAT GAN
TEL AVIV
18
RISHON LEZION
JERUSALEM
20
19
21
22
23
24
26
25
27
28
32
29
30
31
33
BEERSHEBA
EILAT



ڕەشماڵی کۆچەرانی کورد لە نێزیك کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧



ڕەشماڵی کۆچەرانی کورد لە نێزیك کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧

# پێشەكییەكی مێژوویی

وشەی كوردستان بە فارسی واتە ″خاكی كوردان.″ پێ دەچێت لەلایەن سەلجووقییەكانەوە داتاشرابێت. سەلجووقییەكان هۆزێكی تورك بوون فەرمانڕەوایی ڕۆهەڵاتی نێزیكیان كرد لە نێوان ساڵانی ١٠٣٨–١١٩٤. بەڵام بەپێی زاراوەكان یان خاكیان كوردەكان زۆر لەوە كۆنترن، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پێش زاین (پ ز). كورد لە تۆمارەكانی ئاشووری و سۆمەرییەكان ناوی براوە، هەروەها لە كارە كۆنەكانی یۆنان و لاتیندا ئاماژەیان پێ كراوە، بەتایبەتی لە لەشكری زەینەفوندا (٤٠٠–٤٠١ پ. ز).

كوردستان تێرمێكی ئیتنیی جوگرافییە و ئاماژەیە بەناوچەیەكی گەورە و فرەوان (نێزیكەی ٩٣٠ كیلۆمەتر درێژە و ١٩٠–٢٤٠ كیلۆمەتریش پانە) لە ناوەڕاستی ڕۆئاوای باشووری ئاسیا. كورد نەتەوەیەكە لە رووی سیاسییەوە دان بە وڵاتیان نەنراوە، هەروەها پێش ١٩١٤ دابەش كران بەسەر توركیا، پێرسیا و رووسیا. ئێستە نێزیكەی ٢,٢ ملیۆن كورد هەیە لە عێراق، ٢,٥ ملیۆن لە توركیا، دوو ملیۆن لە ئێران و ژمارەیەكی كەمتر لە سوریا و رووسیا. هەموویان پێكەوە دەكاتە نێزیكەی ٧,٦ ملیۆن. (ئەمە ژمارەیەكی ناجێگیرە، هەندێ پێیان وایە ژمارەی كوردەكان دەگاتە ٢٠ ملیۆن كەس. ئەم ژمارانە هی ئەم سەردەمە نین و زۆر كۆنن).



كوردستان زیاتر لە چیا و شاخی سەخت پێكهاتووە، وێڕای هەندێ دەشتایی و خاكی نزم. كەشوهەوای ناسراوە بە بەفری زۆری زستانان، دواتر بارانی بەهاری بەدوادا دێت و بەفر دەتوێنێتەوە و رووباری بە خوڕی لێ دروست دەبێت. ئەم تێكەڵەیەی ناوچەی دژوار و كەشوهەوای سەخت وای لە هەرێمەكە كردووە دوورە دەست بێت و بەزەحمەت نووچ بدات. بۆیە كۆنترۆڵی رۆژ بەڕۆژی حكوومەتە دوورەكان هەردەم كز و بێ هێز بووە. كوردستان بەبەردەوامی وەك پەناگەیەك خزمەتی گرووپە ئاینی و سیاسییە ئاوارەكانی كردووە لە تەواوی دەمەكاندا.

كورد گرووپێكی ئیتنیی غەیرە عەرەبن. زۆربەی موسڵمانی سونەن و زمان و نەریت و جل و شێوازی ژیانی خۆیان هەیە. بەكوردی قسە دەكەن، كە زمانێكی هیندۆ–ئێرانییە و چەندان شێوەزاری هەرێمی هەیە، دیارترینیان كرمانجی و سۆرانین. لە بنەڕەتدا، كورد كۆمەڵگەیەكی لادێیین. گوندی نەریتی و عەشایرییان هەیە، رەوەند و نیوە–رەوەندیان هەیە، بەڵام ئێستە ژمارەیەكی زۆریان لە شارۆچكەكاندا دەژین و لە چەندان كاری شارستانیدا جێ پەنجەیان دیارە. بەڵام زۆربەی كوردەكان، شارستانی و لادێیی وەك یەك هێشتا خۆیان لە گرووپی عەشایریدا دەبیننەوە. لە كوردستان، زەواج لە نێوان ئامۆزا و ئامۆزا، یان بەلانی كەم لە ناو هۆزێكدا خوازراوترە، هەروەها زەواج لە نێوان ئامۆزای پشتەباب زەواجێكی نایابە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زەواجە پارەی شیربایی لەگەڵدایە، بڕە پارەیەكە دەدرێت بەباوكی كچەكە. هەرچەندە كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەیەكی باوكسالارییە، پێوەندی زۆر گرینگە، بەگشتی ئافرەتی كورد زۆر ئازادتر و بەشدارییان لە ژیانی گشتیدا زۆر فرەوانترە لە ئافرەتانی عەرەب و تورك و فارس. هەروەها لە هەڵسوكەوتیان بەرامبەر بەپیاوان كراوەترن و بەدەگمەن ئەو پەچەیە دەپۆشن كە باوە لە ناو دنیای موسڵماناندا.

كوردستان نەتەوە و گرووپی ئیتنی و مەزهەبیی جیاجیای تێدایە. بێ لە تیرە كوردییەكان (زۆربەیان

سونەن و ئەوانی تر شیعە)، کە زۆربەی دانیشتووان پێك دێنن، چەندان تیرەی موسڵمانی تورك و عەرەبیان تێدا دەژی، چەندان مەزهەبی مەسیحییان تێدایە (نێستۆریان، یاقووبییەکان، ئاشوور و ئەرمەنییەکان)، هەروەها یەزیدی (یاوەرانی ئاینێکی کۆنی کوردستانی) و مەندایییەکان (لە مەزهەب گۆستیکن). تا کۆچی بەکۆمەڵییان بۆ ئیسرائیل لە ساڵانی پەنجاکان، نێزیکەی ٢٥ هەزار جوو هەبوون کە لە نێزیکەی ٢٠٠ گوند لە کوردستاندا پەرت و بڵاو دەژیان. زۆربەی جوو و مەسیحییەکان بەشێوەزاری جۆراوجۆری ئارامی دەدوان و تێیاندا چەندان وشەی کوردی بەدی دەکران. وەك ڕێسایەکی لێ هاتبوو کەوا جووەکان ئاشتییانەتر و دۆستانەتر لەگەڵ موسڵمانەکاندا ژیاون تا لەگەڵ مەزهەبە جۆربەجۆرەکانی مەسیحییەت.

بەپێی نەریتی زارەکییان، کە تۆمارکراون لەلایەن چەن دان گەشتەوەر بۆ ئەو وڵاتە، جووەکانی کوردستان نەوەی ئەو جووانەن کەوا کاتی خۆی لە ئیسرائیل و جوودی دوورخرابوونەوە لەلایەن شایەکانی ئاشووری و لەلایەن پێغەمبەر ئیسایە بەم شێوەیە ئاماژەیان بۆ کراوە "ئەوانەی لە خاکی ئاشوورییان ون بوونە." (ئیسایە ١٣:١٢)، "دوای ئەوەی شای ئاشوور سامارییای گرت و ئیسرائیلی لە ئاشوور دوور خستەوە و لە حەلا نیشتەجێیانی کرد، هەروەها لە هابور لەسەر ڕووباری گۆزان و لە شارەکانی وڵاتی ماد" (شایەکان بەشی دووەم ٦:١٧). چەندان پسپۆڕ بەلایەنی کەم بەشێکی ئەم نەریتە بەڕاست دەزانن. لەوانەیە وا باشترە بڵێین جووەکانی کوردستان، جگە لەوانی تر، برێتین لە نەوەی جووە دوورخراوەکان.

جێی سەرسڕمانە چەند ئاماژەیەك بەکوردستان لە تالمود (Talmud)دا بەدی بکرێت، هەرچەندە سەنتەرە تالمودییەکانی بابلی سورا و پەمبیدیسا زۆر دوور نەبوونە لە کوردستان. تاکە شاری کوردی کە لە تالمود ئاماژەی پێ کراوە ئەربیلە (ئەربێلا) (هەولێری ئێستا)، کە یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی دنیا. پێ دەچێت وێڕای نێزیکییەکی ڕێژەیی، پێوەندییەکی کەم هەبووە لە نێوان چیا سەختەکانی کوردستان و سەنتەرەکانی تالمود لە خاکە نزمەکانی باشوور. هێشتا، شێوەزارە ئارامییە لۆکاڵەکان، پێوەندییەکی نێزیکیان هەیە بە ئارامیی تالمود، کە قسەی پێ کراوە لەلایەن جوو و مەسیحییەکانی کوردستان، ئەمە بەڵگەیەکی ترە بۆ نیشتەجێبوونیان لە وڵاتەکەدا. بەرەو کۆتایی سەردەمی گاونیك (١٠٠٠ ساڵ پاش زاین)، ئارامی چی تر زمانی جووە خوێندەوارەکان نەبوو، هەرچەندە بۆ ماوەی چەندان سەدە زمانی ئیمپراتۆری فارس بووە، قسەی پێ کراوە لەلایەن جووەکان و خوێندەوارەکان لە سوریا، فەلەستین و بابل. دوای داگیرکاریی عەرەب بۆ ئەو ناوچانە، زمانی ئارامی وردە وردە لەناو چوو و زمانی عەرەبی شوێنی گرتەوە. تەنیا لە ناوچە دوور و سەختەکانی کوردستان زمانی ئارامی وەك زمانێکی قسەپێکراو و زیندوو تا ئەمڕۆکەش مایەوە.

لەبەرئەوەی کوردستان ناوچەیەکی ونبوو یان نەناسراو بوو، دانیشتنی جوو زۆر بەدەگمەن لەلایەن مێژوونووسە عەرەبەکانەوە ئاماژەی پێ کراوە. بەڵام، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری بوونی دانیشتنی جووان لە کوردستان بەدی دەکرێت لە یادەوەریی ڕۆژانەی دوو گەشتەوەری جووی سەدەی دوازدە، بێنجامینی تودێلا و پاسایەی ڕێگنسبێرگ. هەرچەندە نەپەڕینەتەوە ناوچە سەختەکانی کوردستانی ناوەڕاست، گەشتەکەیان زانیاریی پڕبەهای تێدایە.

بێنجامین دەڵێ سەد جوو لەو ناوچەیەدا دەژیان و ژمارەی جووانی ئامێدیا بە ٢٥ هەزار سەرنشین دەخەمڵێنێت، ئەم ژمارەیە زێدەڕۆییی زۆری تێدایە بەڵام ئاماژەیەکیشە بۆ دانیشتووانێکی زۆری جوو لە ناوچەکەدا. سەرنجڕاکێشترین قسە لەبارەی دەیڤد ئەلڕۆییەوەیە، سەرکردەیەکی مەسایە بوو لە کوردستان کە یاخی بوو لە دژی شای پێرسیا و پلانی دانا ڕێبەریی جووەکان بکات و بەرەو قودسیان ببات. دیارە کە لە ژێر فەرمانڕەوایی سەلجووقییەکاندا کوردستان جۆرە خۆشییەکی بەخۆیەوە بینیوە. هەردوو گەشتەوەر باس لە کۆمەڵگەی دەوڵەمەند و باش دامەزراوی جووان دەکەن، کە چەندان کۆڕی ئاینی و سەرکردنی ئاینییان هەبووە. دەگوترێ شاری مووسڵ، کە سەنتەری بازرگانی و رووحانی کوردستان بووە، ٦ هەزار جووی پێسایا یان ٧ هەزار جووی بێمجامینی لێ ژیاوە. لەوانەیە لە ئاکامی ترس و سزادانی خاچپەرستەکانەوە، گەلێ جوو لە سوریا و فەلەستین هەڵاتوون بۆ بابل و کوردستان. جووەکانی کوردستان تا ڕادەیەك ئۆتۆنۆمییان هەبوو، تەنانەت بەندیخانەی تایبەت بەخۆیان هەبوو، ئەو باجانەی جووەکان دەیاندا، نیوەی دەچووە دەسەڵات و نیوەشی بۆ حاکم.

بەڵام ئەو سەقامگیری و خۆشگوزەرانییە زۆری نەخایاند. لە دەوروبەری ١٢٣٠، چەندان دەیە پاش سەردانی بێنجامین، شاعیری جووی ئیسپانی بەناوی جودا هاریزی هاتە کوردستان. سەرنجە ورد و گاڵتەجاڕییەکانی لە مەقاماتدا باس کراوە (مەقامات ژانرێکی

ئیقاعی پەخشانە)، ئاماژەیە بەسەرەتای کاڵبوونەوەی رووح لەو ناوچەیەدا. هەرچەندە هاریزی زۆر سەرسام بوو بە جوانیی مووسڵ و گەورەییی کۆڕە ئاینییەکانی. ئەو باسی ئەوەی کردووە کەوا پەرستگەکانی ئەو کات پڕ بووە لە گەمژە و دەبەنگ، تەنانەت سروودبێژە ئاینییەکانیش، وێڕای کاری باشییان، لەکاتی خوێندنەوەی نوێژ و دێرە پیرۆزەکاندا هەڵەیەکی ئێجگار زۆریان کردووە. لە ماوەی ٢٠٠ساڵی دواتردا، لە سەدەی ١٤ و ١٥دا، هیچ باسێك لەسەر جووەکانی کوردستاندا نەبووە. ئەو "چاخە تاریکانە" لێوانلێو بوون لە کوشتار و وێرانکردنی شار و شارۆکەکان لەلایەن داگیرکەرانی مەغۆلەکان کە کاریگەریی هەبوو لەسەر تەواوی رۆهەڵاتی نێزیك. لەوانەیە لەو کاتە پڕ گرفتانەدا زۆربەی دانیشتووی شارەکان هەڵاتوون بۆ ناوچە دوور و سەختەکانی کوردستان، لەوێ کۆمەڵگەی لادێیی نوێیان دروست کردووە.

دوای سەرکەوتنی تورك بەسەر فەرمانڕەواکانی فارس (١٥٣٤)، کوردستان کەوتە ژێر حوکمی عوسمانییەکان، کە درێژەیان کێشا تا کۆتاییی شەڕی یەکەمی جیهانی. دیسان، سەقامگیرییەکی بەرچاو باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشایەوە، بەڵام شەڕی عەشایری و یاخیبوونی سەرۆك هۆزەکان لە دژی حکوومەتی ناوەند بەردەوام بوو.

لە سەدەی ١٦ بەولاوە، لەپاڵ راپۆرتی گەشتەوەراندا، دەستنووس و دۆکیومێنتە بەراییەکان هەبوون کە لەلایەن جووەکانی کوردستانەوە نووسرابوون. جووە گەشتەوەری یەمەنی بەناوی زەکەریا (یەحیا) زاهیری سەردانی چەندان شارۆکەی گەورەی کرد لە کوردستان، لەوانەش هەولێر، کەرکووك، مووسڵ، نسیبین و ئورفە (ئووری کلدانییەکان). دەڵێ لە هەولێر ژوورێکی سەربەکاریتەی بەکرێ گرتووە و مێز و چرای تێدا بووە. لە شەقامەکاندا، چاوی کەوتووە بە گەنج و پیری رۆشنبیر یەکسەر دەستی کردووە بەگفتوگۆ لەگەڵیان لەبارەی پرسەکانی ژیری، شیعر و لێڵییەکانی جووان.

ئەو دۆکیومێنت و دەستنووسانەی لەلایەن رابییەکانی کوردستان لە سەدەی ١٦ و ١٧دا نووسراون زۆر وردەکارییان تێدایە لە بارەی ژیانی رووحانی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان لەو ماوەیەدا. هەندێ گەرەك زۆر هەژار بوونە، کەچی رابییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەخێزانی بارزانی بوون، چەندان یەشیڤۆتییان دامەزراندووە (واتە سەنتەری نەریتیی دیراسەی جووەکان) لە سەرانسەری کوردستان و سەرنجی قوتابییانیان لە دوورەوە راکێشابوو وەك لە میسر و ئێرێتز و ئیسرائیل. رابی ناسانیال بارزانی کتێبخانەیەکی گەورەی کتێب و دەستنووسی هەبوو، کە زۆر دەگمەن بوو لە کوردستان، کە لەلایەن کوڕەکەی رابی ساموێل دانرابوو. لە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە وەك نەروا و ئامەدیا، گەلێ میدراشیم، هەلاخیك، نووسینی کۆن و سروودی ئاینی نووسرابوون، کاری نووسیارییان بۆ کرابوون و کۆپی کرابوون. هەندێکیان وەرگێڕابوونە سەر زمانی ئارامی بۆ قوتابییان و خەڵکی گشتی. نەوەکانی خێزانی بارزانی، لەوانەش ئەسینا، کچی رابی ساموێل بوو، وەك رابی و سەرۆکی یەشیڤاس خزمەتی کردووە، نەك تەنیا لە کوردستان بگرە لە شارە گەورەکانی وەك مووسڵ و بەغداش.

لە ماوەی سەدەی ١٨ و ١٩دا، کوردستان زۆر ناڵاندی بەدەستی ململانەی چەکداری لە نێوان حکوومەتی ناوەندی لە تورکیا و ئاغا لۆکاڵەکان و سەرك هۆزەکان، لە ئاکامدا دانیشتووانی موسڵمان، مەسیحی و جووەکانیش کەمی کردەوە. زۆر ناوچە هەبوو کە کاتی خۆی ژمارەی دانیشتووانی جووی زۆر بووە، ژمارەیان کەم بووە و تا وای لێ هات جوویان هەر تێدا نەما. چەند شارۆکەیەك نەبێ وەك نەروا و ئامەدیا، هەرچەندە سەنتەرە گەورەکانی جووان لە سەدەی ١٧، چەندان دەیە زیاتر روویان لە کەمی کرد و وێران بوون.







## پیشە و هەلومەرجە ئابوورییەکان

گەلێ لە جووەکانی کوردستان جووتیار، شوان، بەلەمەوان و داربڕ بوونە. هیچ یەکێ لەم کارانە ئاشنا نەبوونە بە جووەکان لە ڕۆهەڵات یان ڕۆئاوا. لە سەدەکانی ڕابردوودا، زۆر گوند پڕ بوون لە جوو بەڵام دواتر کەم بوونەوە. هەندێکیان، وەك گوندی ساندور، هەر پڕ بوو لە جوو تا کۆچی جووەکانی کوردستان بۆ ئیسرائیل. ڕابی دەیڤد بێت هیلێل، کە لە ١٨٢٧ سەردانی گوندەکەی کردووە و بەم شێوەیە وەسفی دەکات: "گوندێکی مەزنە. نێزیکەی سەت ماڵ جووی تێدایە و جووتیاران... مەڕ و ماڵاتیان هەبووە و زۆربەشیان زۆر دەوڵەمەند بوونە... بەڕاستی ئەم شوێنە بریتییە لە خاکی شیر و هەنگوین. کەشوهەوا زۆر خۆشە، هەروەها ئاوێکی باش و باشترین شەرابی هەیە." لە ناوەندە گەورەترەکاندا، جووەکان بازرگانییان دەکرد بە دانەوێڵە، لۆکە، سووف، مەڕوماڵات، بنێشت و بنێشتەتاڵ و مێوژ و تووتن. گەلێکیان باخچە و ڕەزیان هەبووە. ئەوانی تر ئەم پیشانەیان هەبووە: چنین، خومچی، پێڵاودروستکەر و هەندێکیش ئاسنگر و زێڕنگر بوونە. لە سەدەی بیستدا، لەبەر هۆکاری تەناهی (ئەمنی) و باشتربوونی گواستنەوە بەهۆی بەکارهێنانی ئوتومبیل، گەلێ جوو (هەروەها کورد و ئاشوورییەکانیش) پێدا پێدا گوند و زەحمەتیی کێڵانیان بەجێ هێشت و چوونە شارەکان بۆ ژیانێکی ساناتر و بوون بە دوکاندار، بازرگان و قەساب. شارۆکەکان، کوڕ و مەراسیمی ئاینییان زۆر تێدا ئەنجام دەدرا، شیاوتر بوون بۆ ژیانی جووان و بارێکی تەناهیی باشتریان بۆیان دابین دەکرد لە دژی هێرشی تیرە کۆچەرییەکان و تاقمەکان. هەروەها بەدووریش بوون لە کارەساتی سروشتی و ناوچە سەختەکان.

گرووپێك لە ناو چینە هەژارەکە لە شارۆکە گەورەکان، وەك زاخۆ، ڕێبوار بوون کەوا دوو دوو یان سێ سێ گەشتیان دەکرد. یان ئەوەتا بە کەر و ماین دەگەڕان و شتیان دەفرۆشت وەك شەکر، چا، دەرزی، دەمبووز، قۆپچە و دەزی و داو. ئەم کارە زۆر مەترسیدار بوو، چونکە زۆرجار ڕێگر دەهاتنە سەر ڕێیان، زۆریشیان لێ کوژران لەلایەن تاقمی کوردەکانەوە. لەبارەی گەڕۆکەکانی زاخۆوە دەگوترێ هەرگیز



له ماڵی خۆیاندا نەمردوون، بەڵکو بەسروشتی یان بەتوندتیژی له رێگەدا مردوون.

پیشەیەکی تر کە دانسقە و جێ سەرنج بووە، بەتایبەتی لەناو جووەکانی زاخۆ، بەلەمەوان یان داربڕینەوە بووە. زاخۆ رووباری خابووری پێدا دەڕوات و ناوچەیەکی گرینگی بار بوو لەبەرئەوەی رێگەی سەرەکیی گواستنەوەی کاڵا بوو له کوردستانی ناوەڕاستەوە بۆ سەر رووباری دیجلە. بەلەمەکان چوارگۆشە یان لاکێشەیی بوون، له دار دروست کرابوون هەروا یان بەهۆی پێستەی مەڕەوە پێك دەبەسترانەوە.

کارە گشتییەکانی تری جووان دەزی و داو بووە (کە ئافرەتان زۆر ئەو کارەیان دەکرد)، دروستکردنی جل له سووف و چنینی فەرشی بچووك و خومچییاتی. چنین هەم له گوند هەم له شارەکانیشدا باو بوو. زۆر جووتیار کاری چنینیان دەکرد، بەتایبەتی له زستاناندا، ئەو دەمەی کشتوکاڵ دەوەستا. له شارۆکەکاندا، تەنانەت هەندێ له رابییەکانیش له ماڵەوە کاری چنینیان دەکرد بۆ ئەوەی داهاتێکی زیاتریان دەست بکەوێت. بەڕای بێنجامینی دووەم، فەرش له سووف دروستکراوەکان کە لەلایەن جووانی کوردستان دروست دەکران ئەوەندە باش و جوان بوون دەنێردرانە دەرەوە.

بەگشتی، پیشەی جووەکانی کوردستان تایبەت بوون بەناوچە لادێیییەکان و شارۆکە بچووکەکان. بۆیە کەمتر بازرگان و پارەداریان تێدا بوو. بەگشتی پارە کەم بوو له کوردستاندا، هەروەها کەرەستەی ژیانی خۆشیش کەم بوو. بازرگانی له رێی ئاڵوگۆڕکردنی شتەوە دەکرا. بۆ نموونە، پێڵاو بە مریشك دەگۆڕدرایەوە، فەرشێك بەرامبەر کەمێك دانەوێڵە بوو، یان دانەوێڵە بە هێلکە، شیر، هەنگوین، میوە، تووتن، ئامێری تر بە گەنم و تاد. له هەندێ حاڵەتی تردا، بازرگانی نیوەی بەپارەی هیشکە بوو و نیوەشی بە شت.





# ژیانی ئاینی و رووحی

ئاستی ژیانی روحیی هەر کۆمەڵگەیەك زیاتر دەوەستێتە سەر باری تەناهی جەستە، باری ئابووری، قەبارەی دانیشتووان، گەیاندن و پێوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تر. لە حالەتی جووەکانی کوردستاندا، هەموو ئەو هۆکارانە نەرێنی بوون. تەناهیی ژیان لە ناوچەکەدا هەموو دەم لە مەترسیدا بوو. کۆچ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر باو بوو لەلایەن دانیشتووانەوە لەبەر تێکشکان یان وێرانکردنی یەکتر لە نێوان هۆز و تیرەکاندا. ژمارەی جووان لە هەر شوێنێکی ئەو دەڤەرەدا زۆرجار روو لە کاڵبوونەوە بوو لە چەند سەت یان هەزار کەسێك دەبووە چەند خێزانێك. بەڵام کە جارجار باری تەناهی باشتر دەبوو، چەند ناوەندێکی فێربوون سەریان هەڵدا. لەبەر گرانیی باری ئابووری، خەڵك دەبوایە زۆر کار بکەن و هەوڵ بدەن بۆ مانەوە. گەلێکیان برسێتییان بینی، تووشی نەخۆشیی جەستەیی هاتن، چەندان کارەساتی سروشتییان بەسەردا هات. وەك لە هەر کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی تردا، کات زۆر کەم بوو بۆ خوێندن یان بۆ گەشەپێدانی ژیانی رووحانی. کۆمەڵگەی کوردیش یەکێك بوو لە کۆمەڵگە هەرە بچووکەکانی دنیا. کۆی گشتیی دانیشتووانی جوو لە کوردستان، پێش کۆچی تەواویان بۆ ئیسرائیل، بە ٢٥ هەزار جوو مەزندە دەکرێت، کە نێزیکەی لە ٢٠٠ گوند و شارۆکەی بچووکدا نیشتەجێ بوون. لەبەر سروشتیی سەخت و مەترسیی بەردەوامی رێگە گشتییەکان، ئەو کۆمەڵگە بچووکانە زۆرجار تەواو لە یەکتر دوور بوون، بەتایبەت دوور بوون لە جووەکانی دەرەوەی کوردستان. بە کۆمەڵگە میترۆپۆلیتانەکانی بەغدا و دیمەشق و ئەستەنبۆلیشەوە.

کەواتە سەیر نییە کەوا ئەو چەند جووە بوێرەی سەردانی کوردستانیان کردووە بەگشتی بەنزمی ئاستی رووحانیی جووەکانی ئەوێیان بینیوە. گەشتەوەران سەرسام بوونە بەوەی جووەکانی کوردستان بەزمانی ئارامی قسەیان کردووە، بەڵام حەپەساو بوونە بەوەی جووەکانی ئەوێ زانیارییەکی کاڵیان هەبووە لەبارەی جودایزم و یاسای جووانەوە.

جووەکانی کوردستان، وەك هەر کۆمەڵگەیەکی نەریتیی لادێیی تردا، زۆر بەدین بوون و پێڕۆی ئەو یاسا ئاینییانەی خۆیان کردووە کە زانیویانە. ئاین لە ژیانی رۆژانەیاندا رەنگی داوەتەوە، نەریتی ئاینییانەیان هەڵێنجراوی نەریتە کۆنە زارەکییەکان بووە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەك بۆیان مابووەوە. هەرچەندە گەلێکیان نەیاندەزانی بەزمانی عیبری نوێژ بکەن، بەڵام زۆربەی زۆریان بەشدارییان دەکرد لە بۆنە ئاینییەکاندا.

من ئەمەم لە بیرە لە زاخۆ، کە شارۆکەی خۆمە، هەموو بەیانییان نوێژی مینیانیم هەبوو، بۆ داربڕەوەکان، قەساب و ئەوانی تر کە دەبوایە زوو بچنە سەر کاریان لە سەعات پێنج و نیوی بەیانی دەستی پێ دەکرد. رۆژێك لە رۆژان، کەس گوێی لەوە نەبوو جووێك هەبێ و پابەند نەبوایە بەو دەستوور و پشووانەی جووان. هەموو پشووەکانی جووان بەخۆشی و ئاهەنگێکی قووڵەوە بەڕێوە دەچوون. لە هەموو ماڵێکدا، بەلایەنی کەم کەسێك هەبوو دوعاکان بەزمانی عیبری بخوێنێتەوە، هەروەها دوعا باوەکان لەلایەن نەخوێندەوارانیشەوە لەبەر کرا بوون.

وێڕای ئەمانە، لە ماوە کورتە بێ گرفتەکاندا، چەندان ناوەند بۆ رابییەکانی کوردستان هاتنە دامەزراندن، هەندێکیان قوتابییان لە دەرەوەی وڵاتیش هەبوو کە دواتر وەك رابی خزمەتییان دەکرد لە شارە گەورەکاندا، وەك مووسڵ و بەغدا.

هەندێ لە رابییەکان پێشەنگ بوون و کارەکانی عیبری و میدراشیك و هالاخیکیی ئارامییان دەنووسییەوە یان کاری نووسیارییان بۆ دەکردن، هەروەها کاریان لەسەر شیعر و سرووده ئاینییەکانیش دەکرد. پێڕۆ کۆنەکان، وەك هەڵسانەوە لە نیوەشەودا بۆ نوێژکردن یان بەرۆژی بوون بەلایەنی کەم هەفتەی دوو جار باو بووە لەلایەن پیاوە پێشەنگەکانەوە.

هەندێ لە پێڕۆ ئاینییەکان هاوبەش بوونە لە نێوان جووەکانی کوردستان و کۆمەڵگە غەیرە جووەکان و جووەکانی رۆژهەڵاتی نێزیك و ئەفەریقادا، لەوانەش سەردان و رێزگرتن لە مەزارگە پیرۆزەکان. ئەو سەردانانە لەسەر ئاستی تاکدا دەکرا، یان هەندێ جار بەکۆمەڵیش ئەنجام دەدران، بەتایبەتی لە بۆنەی شاڤوتدا، کە گۆڕی پێغەمبەرانی تێدا بوو وەك نەعوم لە ئەلقوش، جۆنا لە نەینەوا و دانیال لە کەرکووك، لەگەڵ چەندان ئەشکەوتی تری لۆکاڵ کە سەردانییان دەکرا لەلایەن ئیلیجاهەکانەوە. بێ لەمانەش، چەند

مەزارگەیەکی تر هەبوو بۆ رابییە لۆکاڵەکان، بۆ نموونە، بی هەزان، ماڵی سروودبێژە ئاینییەکاندا، هەروەها گۆڕی رابییەکانی وەك ناسانیال و ساموێل بارزانی عەدۆنی، هەموو ئەمانە لە ئامەدیا بوون.

سەرەڕای کار و رۆتینی رۆژانە، وەك نوێژکردن پشووەکانیان، وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێ درا، فێری بنەما ئەخلاقییەکانی جودایزمیش دەبوون. وەك چۆن یاسای جووان بەشێوەی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوێزراوەتەوە، بنەما ئەخلاقییەکانی جودایزمیش بەهەمان شێوەی زارەکی لە رێگەی خوتبەوە لە بۆنە ئاینییەکاندا دەگوترانەوە.

نەریتی کۆنی خوتبەیەك لەبارەی دوانیوەرۆیەکی سابـاس، دوای نوێژی مینهاه، بەزەحمەت بوو لە ناوەندە گەورەترەکانی کوردستاندا. حاخامیمی زاخۆ لەم دواییانەدا بەشێوەی وەرگێڕانی راستەوخۆ بۆ سەر زمانی ئارامی دەگوترانەوە. کارەکان هەڵبژێردراوی هۆمیلیتیك و دیداکتیك بوون، وەك پیرکە ئاڤۆت (ئەخلاقی باوکان)، میدراش تانهوما و چیرۆکەکانی یوسف کە بریتی بوو لە کۆمەڵێك چیرۆك لەلایەن رابانووی بەناوبانگی بەغدا نووسرابوون کە ناوی یوسف هایم بوو. ئەو ئەفسانانە هەر تەنیا شاکاری سەرنجراکێش نەبوون بگرە راستەوخۆ بنەما ئەخلاقییەکانیان فێری جووان دەکرد، وێڕای تۆبەکردن لە رەفتاری خراپ، هەروەها خۆ یەکلاییکردنەوە بۆ رێبازی باوکەکان. زۆرجار ئەم خوتبانە باسی موجیزە و رزگارکردنیان دەکرد بۆ کۆمەڵگەی جووان. ئەم باسانە ئارامی و هێزیان بەکۆمەڵگەی جووان دەبەخشی تا بەرگەی ژیانی سەختی رۆژانە بگرن لە دووره وڵاتیدا و پاراستنی هیوای باشتربوون و هاتنی مەسایە.

## پێوەستبوون بەخاکی ئیسرائیلەوە

بەڵگەیەکی تری بوونی هەستی ئاینی و نیشتمانیی جووەکانی کوردستان بریتی بوو لە پێوەندیی بەردەوام و بەهێزیان بە ئیرێتز–ئیسرائیلەوە. وەك پێشتر باس کرا، جووەکانی کوردستان بەردەوام بوون لەسەر پێڕۆکردنی نەریت و رێبازی جووە لە وڵات دوورخراوەکانی ئیسرائیل. ئەم نەریتە بەچەندان رێگەی پارێزرا و مایەوە. چەندان گەڕەك لە کوردستان بەناوی هەمان گەڕەکەکانی ئیسرائیلەوە کرابوون وەك (ئەلقوش، ئەربیل، یانیش ناوی ئیندیلییان لێ نرا بوون لەلایەن جووە لۆکاڵەکانەوە وەك (ئیکرۆن، عەقرە، کەلێ (کەلا) بۆ کەرکوك، ئاشوور بۆ مووسڵ، ماونت سینال بۆ شاخێك لە نێزیك ئەلقوش). زاخۆ ناسرا بوو بە ″قودسی کوردستان″. تەنانەت پیتەکانی ئەلف و بێی عیبری بەپێی شارۆکەکانی ئیسرائیل دەگوترانەوە، بۆ نموونە، هێت بۆ عیبرۆن، تێت بۆ تبریاس، یۆد بۆ قودس. بزووتنەوە میسانیکەکان لە سەدەی دوازدەدا، بەڕابەرایەتیی دەیڤد ئەلرۆی و میناهم بن شلۆمۆ ئەلدوجی، هەوڵی هاندەر بوون بۆ گێڕانەوەی جووە لۆکاڵەکان بۆ خاکی ئیسرائیل. لە ئەنجامی لەداردان لەلایەن خاچپەرستانەوە، جووگەلێك لە خاکی پیرۆزەوە بەرەو عێراق و کوردستان هەڵاتن. بۆ چەند سەدەیەك پێوەندیی بەخاکی پیرۆز پچڕا، بەڵام لەگەڵ نیشتەجێبوونەوەی جووەکان لەوێ پێوەندیی لەگەڵ جووان نوێ کرایەوە.

یەشیڤایەك لە سافد لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە قوتابی هەبووە لە کوردستان، لە کاتێکدا رابییەك لە کوردستان لە دەوروبەری هەمان کاتدا قوتابی هەبووە لە ئیرێتز–ئیسرائیل لە یەشیڤایەکەی. لە سەدەکانی دواتردا، چەندان سەداریم، رابینی و ئیمیساری سەردانی چەندان ناوچەیان کرد لە کوردستان و پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرا و لە خۆشییاندا هێندەی نەمابوو بیانپەرستن. عادەت وابوو شت کڕین لەو ئیمیسارییانە گران بوو، بۆ نموونە کڕینی″گۆڕێکی دوو مەتری لە ئیرێتز–ئیسرائیل″. پەیامبەر بەڵگەنامەیەکی ئیمزاکراوی دەدا بە کڕیارەکە. تێیدا هاتبوو کەوا ئەو کەسە بەختێکی باشی هەیە و بوو بە خاوەنی گۆڕێك لە ئیرێتز–ئیسرائیل، کڕیارەکەش هەڵی دەگرت تا مردنی و ئەوسا خزموکەس بەڵگەنامەکەیان لەگەڵ مردووەکە دەناشت لە کوردستان. هەموو جووانی کوردستان بەشێوەیەك دەنێژران کەوا پێیان رووی لە قودس بووایە، لەوانەیە بۆ ئەوە بووبێت تا خێراتر بگەنەوە ئەوێ لە رۆژی زیندووبوونەوەدا.

لەگەڵ نیشتەجێکردنەوەی جووان لە فەلەستین لە سەردەمە مۆدێرنەکاندا، جووەکانی کوردستان یەکەم کەس بوون لە رۆهەڵاتی دوور چوونەوە ئەوێ. هەندێکیان هەر لە سەرەتای ١٨١٢دا کۆچیان کرد. جووەکان لە ورمێ (کوردستانی ئێران) لە گەڕەکە نوێیەکانی قودسدا نیشتەجێ بوون پێش شەڕی یەکەمی جیهانی. دواتر، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ و ١٩٢٦دا، گەلێ لە جووەکانی







کوردستان بەرەو فەلەستین کۆچیان کرد وێڕای مەترسییەکی زۆر لەسەر ڕێگەیان بەهۆی رووخانی فەرمانڕەواییی تورك و تەواوی سیستمی ئانارکی (فەوزەوی) کە لە ناوچەکەدا زاڵ بوو. هەندێ لە جووەکان وەك ئەوانەی گوندی کۆنی بارەش، تەواوی دانیشتووان بەکۆمەڵ کۆچیان کرد. لەبەر هەستی بەهێزیان بۆ قودس، زۆربەیان لە گەڕەکە نوێیەکانی شاردا نێشتەجێ بوون، بەتایبەتی لە گەڕەکی مەهان یەهودا، کە ئێستە زۆربەی دانیشتووانی جووەکانی کوردستانن. ئەوانی تر لە ناوچە لادێیەکاندا نیشتەجێ بوون، وەك گوندی ئەلۆری لە نێزیك حەیفا. دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا، جووەکانی کوردستان بەعەمەلی کۆچیان کرد (لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٥١) و لە قودس و چەندان ناوچەی لادێیی نیشتەجێ بوون لە سەرانسەری وڵاتدا. دوای کۆچیان بۆ ئیسرائیل، هەندێ لەجووەکانی کوردستان وەك جاران بەردەوام بوون لە کارەکانی وەك جووتیاری و لە ناوچە شاخاوییەکان و دەوروبەری قودس و شوێنەکانی تردا گوندیان دروست کرد. ئەوانەی لە شارەکاندا گیرسانەوە، زۆربەیان لە قودسدا نیشتەجێ بوون، هەندێکیان کاری دەستییان کرد وەك جانتاهەڵگرتن، وەستای دیوار و شکاندنی بەرد. کەمێکیان، کە بەکرێکاری دەستیان پێ کرد، ئێستە دەوڵەمەندن. زۆربەی بازرگانیی بیناکردن لە ئیسرائیل لەلایەن کوردە جووەکانەوە بەڕێوە دەبرێت.



# ژیانی رۆژانه

ماڵ و ژیانی ناو ماڵ

پیشەسازییەکانی ماڵ

کارەکان

کاتی ئازاد

## ماڵ و ژیانی ناوماڵ

هەر گەشتەوەرێك بەكوردستانی ئێراندا تێپەڕێت، كۆڵانە تەسك و پێچاوپێچەكان دەبینێ كەوا جۆگەلەیەكی باریك بەناوەڕاستییاندا دەڕوات. لەمبەر و لەوبەردا خانوو لەپاڵ یەكتردا دروست كراون. خانووەكان بەدیواری بەرز پەرژین كراون تا لە چاوی بێگانە بەدوور بن. دەرگەیەكی گەورەی دار كە بەچەندان چیلكە دەبریسكانەوە دەروازەی چوونە ژوورەوەی هەر خانوویێك بوو. لە ناوەڕاستی گەڕەكی جوواندا، پەرستگەیەك هەبوو كە ئەویش بەدیوار پەرژین كرا بوو. لە كوردستانی عێراقدا، گوند و شارۆكە بچووكەكان عادەتەن لە دامێنی گردەكاندا دروست دەكران، خانووەكانیش لە تەك یەكەوە دروست دەكران بۆ ئەوەی بكرێ لە ماڵێكەوە بچیتە ماڵێكی تر لە رێگەی سەربانەكانەوە.

دەوری هەر ماڵێك بەدیوارێك پەرژین كرابوون، لەگەڵ چەند ناوبرێك بۆ ئاژەڵان و عەمباری گەنم و ئامێر و خۆراكی تر. لە هاویندا، زۆربەی ئەو كارانەی پێوەندیی بەماڵەوە هەبووایە لە حەوشەدا ساز دەكران. هەندێ جار خانوو هەڵدەكەوت دوو حەوشەی هەبوو.



١



٢

٤– قفڵی دارین بەدەرگەوەیە ٣٠×١٥سم. مۆزەخانەی ئیسرائیل، ١٤١,٨١.

٥– مەزوزە، لە داو دروست كراوە، بەشووشە داپۆشراوە. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٦– دەرگەی دار، كوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

١– کۆڵانێکی باریکی گەڕەکی جووان. کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.
٢– حەوشەی ناوەوە. سێ تاق، دوو ئافرەتی جوو، کار لە یەکێك لە تاقەکان دەکەن، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.
٣– گوندی ساندۆری جووان، کوردستانی عێراق، ١٩٣٤.



٣



٥



٤



قاتی سەرەوە بۆ دانیشتن بەکار دەهێنرا و ژوورێکی گەورە لە ناوەڕاستیدا بوو کە زۆربەی ئیشوکارەکانی ماڵی تێدا ئەنجام دەدرا وەك: چێشت لێنان، خواردن، نووستن و نوێژکردن و چالاکیی کۆمەڵایەتی وەك ئاهەنگی خێزانی و بۆنەی پاسئۆڤەر (واتە یادی کۆچڕەوی عیبرییەکان لە میسر– وەرگێڕ). زەوییەکە بەبەڕ و مافوور داپۆشرا کە خەڵك نانیان لەسەر دەخوارد، پێشوازیی میوانەکانیان لێ دەکرد و لێی دەنووستن. فێرنیچە (کەلوپەلی ناوماڵ) کەم بوو. تەنیا کورسی دار هەبوو. کورسی و مێز و دۆڵاب بەم دواییانە پەیدا بوون. جلوبەرگ و شتەکانی تر لە ناو تاقی دیوارەکاندا هەڵدەگیران. قاتی خوارەوە نانەواخانەی لێ بوو، ژوورێکی تریش بۆ تەونکردن و هەندێ جاریش پەناگەیەك بۆ ئاژەڵی خۆماڵی.
سەربانی خانووەکە تەخت بوو، بەهۆی پەیژەیەکەوە دەچوونە سەری. لە هاویندا، ئەم سەربانە دەبووە مایەی چەندان چالاکی. بەڕۆژ، ئافرەتان تەشییان دەڕست، گەنمیان دەهاڕی، تۆوی جۆراوجۆریان لێ وشك دەکردەوە و هەندێ جاریش لەگەڵ دراوسێکاندا سوالفەیان رادەکێشا. لە شەوانی هاویندا، کاتێ گەرما رووی لە ژوورەکان دەکرد، عادەت بوو لەسەر ئەم سەربانانە دەنووستن لەسەر تەختەیەك پێیان کەوا کەمێك بەرز بوون بۆ خۆپاراستن لە زیندەوەر و ماری ژەهراوی.



٧



٨



٩

## دروستکردنی خانووەکان

بەگشتی خانووەکان لەلایەن موسڵمانان دروست کرابوون، چونکە جووەکان بەدەگمەن خانوویان دروست دەکرد. لە گوندەکاندا، چوارچێوە و سەری خانوو لە دار و حەسیر دروست دەکرا، دواتر بەقوڕاو سواخ دەدرا. زەوییەکەش بەم قوڕاوە سواخ دەدرا و ژووری ناوەوە بەهەمان شت بەڵام بەبۆیی سپی. کونێك لە سەقفەکەدا بەجێ دەهێڵرا بۆ هەواگۆڕکێ، هەروەها ئاوی بارانیش کە بەدڵۆپە دەهاتە ژووری بەدۆلکان چارەسەر دەکران.

لە شارۆکەکاندا، خانوو سەری سەب بوو بەهۆی خشتی سوورەوەکراو. هەرچەندە هەندێ جار ئەمان بەچەندان دیزاین دەکران بۆ ئەوەی جوانییەك ببەخشێت. بەگشتی بۆیە دەکران دوای قوڕکردن. لە ناوچە شاخاوییەکاندا، بەردیش وەك کەرەستەی خانوو بەکار دەهێنرا. بەرز و نزمی کەشوهەوا وای لە خەڵك دەکرد خانووەکان بەشێوەیەك دروست بکەن لە سەرما و گەرما بیانپارێزن. خۆئامادەکردن بۆ سەرماوسۆڵەی درێژی زستان لە پایزانەوە دەستی پێ دەکرد. لە پایزاندا شتیان چاك دەکردەوە، دیوارەکانیان سواخ دەدایەوە، سەقفەکانیان رێك دەخستەوە بەحەسیری تازە. لە زستاندا، جارجار سەربانەکان لە بەفر پاك دەکرانەوە، گڵەکەش بە باگوردانێك جوان دەپەسترایەوە. لە بەهاردا، سەربانەکان بەگوڵ دەبریسکانەوە کە تازە سەریان دەردێنا.



١٠

٧– ژووری دانیشتن، هەروەها بۆ نووستنیش بەکار دەهات: دۆشەك و بالیفی قەبە بەدیوارەکانەوە، سنە، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٨– قەروێلەی دار بۆ نووستن لە هاویندا، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٩– هەروەها بەدوو دەسرازەی تریشەوە لەبنەوە شوێنی منداڵەکەیان پێ دەبەستایەوە.

١٠– لانکی دار کە منداڵیان تێدا دەنواند تا تەمەنی دوو ساڵی. لەسەر پشت پاڵ دەکەوتن و بەدەسرازە دەبەسترانەوە.



١١



١٢

## گەرمی و رووناکی

لە ناوچە دارستاناوییەکانی کوردستانی عێراقدا، دار، پووش و پەڵاش و خەڵووز بۆ گەرمکردن، نانکردن و چێشت لێنان بەکار دەهێنران. لە ناوچەکانی تردا، قشپل و پووش و پەڵاش بۆ ئەم مەبەستانە بەکار دەهێنران. قشپل لەسەر یەك هەڵدەدرایەوە لە پایزاندا، هەروەها لە کاتی هاوینانیشدا پان دەکرانەوە بۆ وشکبوونەوە. قشپلی زۆر واتە زستانی گەرم. دەوڵەمەندیی گوندێك بەندە بەوەی چەندە قشپلی خڕکردووەتەوە، چونکە زۆریی قشپل ئاماژە بوو بەزۆریی مەڕومالات.

سەرچاوەی سەرەکیی گەرمی چەقی ماڵ بوو، ژیانی کۆمەڵایەتی لە دەوری ئەوەدا دروست دەبوو. هەندێ جار، ئاگردان بریێتی بوو لە سینییەکی مسی پڕ لە ئاگر، یان پڕ لە قشپل. لامپا یان مۆم بۆ رووناککردنەوە بەکار دەهێنران.

١١– لامپا و مۆم لەگەڵ فتیلە بۆ ناو نەوت لە ساباس. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

١٢– سۆبەیەکی دار، کوردستانی عێراق (لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە).



١٣ هەڵگرتنی دەستنوێژ لە گوندێکی دەوروبەری ساندۆر. کوردستانی عێراق ١٩٤٣

هێنانی ئاو یەکێك لەو ئەرکانەی لەسەر شانی ئافرەتان بوو. پێش هەموو ئەندامانی خێزان هەڵدەستان و دەچوونە سەر کانیی گوندەکە، گۆزەیەکیان پڕ دەکرد لە ئاو بۆ خواردنەوە، چێشت لێنان و شووشتن. بەم دواییيانە ئاو بۆ ناو گوندەکان راکێشرا، هەموو حەوشەی ماڵێك بەلوعەیەکی بۆ هات و لەگەڵ تەشتێك لەبەردەمی بەلوعەکە. لە هاویناندا، جلوبەرگ لە جۆگەیەك یان کەناڵێکدا دەشووران لەلایەن کۆمەڵێك ئافرەت، ئەم کارە بۆ ئەوان بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی بوو. پریمزیان بەکار دێنا کە ئاوەکەیان گەرم کردبا. جلوبەرگیان بەڕستەوە هەڵدەواسی لەسەربان بۆ وشکبوونەوە. حەوشە بەگەسك پاك دەکرایەوە، دواتر بەئاو دەڕشێنرا، پاشان بە بەرد دەڕازێنرایەوە. پیاو و ئافرەت هەریەك لە رۆژی دیاریکراودا لە دەم رووبار خۆیان دەشووشت. لە شارۆکەکاندا، خەڵك دەچووە حەمام، لەوێ تاسەی بچووك بەکار دەهێنرا بۆ ئاو بەخۆداکردن.



١٤



١٥–١



١٥



١٥–٣



١٥–٢



١٦



١٦–٢



١٦–١

١٤– تاسەی برۆنزی بۆ دەستنوێژ لە حەمام، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

١٥– دۆلکە–مس– بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن– کوردستانی عێراق. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

١٥–١ سوراحی بۆ دەستنوێژ–مس– عورفە کوردستانی تورکیا.

١٥–٢ قاپ و سوراحی مسین، قامیشلو– کوردستانی سوریا.

١٥–٣ سوراحی زیو، کوردستانی سوریا.

١٦– کچێك سوراحییەکی مسینی هەڵگرتووە، ساندۆر، کوردستانی عێراق، ١٩٣٤.

١٦–١ لیفکەی خۆشووتن، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

١٦–٢ سابوون، سنە، کوردستانی ئێران، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



١٧

## خۆراك

بەگشتی خۆراك لەلایەن خەڵكەكان خۆیانەوە بەرهەم دەهێنرا، لە عەمبارێكدا كۆدەكرانەوە یان لەلایەن بازرگانانەوە ئاڵوگۆڕی پێ دەكرا. خۆراكێكی كەم لە بازاڕەكاندا دەكڕا و بۆیە لە جۆردا سنووردار بوون. خۆراكی پێچراو، وەك دانەوێڵەی هەمەجۆر، لە ماڵ بەبڕێكی زۆر لە كۆگەكاندا یان لە عەمباری گەورەی قوڕەوە هەڵدەگیران. میوە، گۆشت و شیر دەپارێزران بۆ ئەوەی بۆ تەواوی ساڵ بەكار هێنرابان، بەتایبەتی لە ساڵە نەهاتەكاندا. میوە وشك دەكرایەوە یان دەكرا بە موڕەبا، تورشیش لە سەوزەكان دروست دەكرا، هەروەها پەنیریش لە شیر دروست دەكرا. هۆكاری جوگرافی و كەشوهەوا و داوای كاشروت ڕۆڵێكی گرینگیان بینی لە دروستكردنی خۆراكدا. لە ناوچە شاخاوییەكاندا، واتە زۆربەی كوردستانی عێراق، زەوی و ڕەز دەكێڵان و مەڕوماڵات بەخێو دەكران. تەنیا لە دۆڵە تەسكەكان و دەوروبەری شارۆكەكاندا دانەوێڵە دەچێنرا، بەتایبەتی گەنم و برنج، ئەمانەش بەندبوون بەسەرچاوەی ئاوەوە.

میوە، كوارك و چەندان جۆری گەڵای سەوز لە دارستانەكاندا كۆ دەكرانەوە. ڕاو بۆ یاریكردن باو نەبوو، هەرچەندە ڕاوەماسی لە گوندەكاندا باو بوو بەدرێژایی قەراخ ڕووبارەكانەوە. بەرهەمی تازە نەبوو لە زستاندا، بۆیە ئەو خۆراكەی لە هاویندا هەڵگیرابوو بۆ زستان بەكار دەهێنرا. لە گوندەكاندا، تەنیا ساڵانە شتێك سەر دەبڕا، هەر ماڵە و هەوڵی دەدا بەپێی توانای خۆی ئاژەڵێك بێنێت بۆ سەربڕین. زۆربەی كاتەكان، تەنیا گۆشتی وشككراو دەخورا. گۆشتی بەرخ بەئێسكەوە بە چەندان ڕێگە هەڵدەگیرا، یان بەهۆی وشككردنەوە یانیش خوێكردن و سووركردنەوە. لە ناو عەمبارێكی گەورەی قوڕەوە هەڵدەگیرا، كە لە زستاندا لە ژێر زەویدا دادەنران. سەرچاوەیەكی تری گۆشت مریشك بوو كە لە هەموو كاتێكی ساڵدا هەبوو. مریشك لە حەوشە بەخێو دەكران. هەروەها ڕاوە كەویش سەرچاوەیەكی تری گۆشت بوو.

تۆو و دانەوێڵەی جۆراوجۆر، لەوانەش گەنم بۆ نان و بەرهەمەكانی تر وەك برنج، نیسك، نۆك، گوڵەبەڕۆژە، كودی و كونجی، بەكار



دەهێنرا بۆ تەعین دوای وشککردنەوەی. سەوزەکان وەك تەماتە، لێ دەنرا، وشك دەکرایەوە و خوێ دەکرا. میوە سەرەکییەکان ئەمانە بوون، قەیسی، قۆخ، سێو، هەنار، ترێ، هەروەها گێلاس و گیز کۆ دەکرانەوە. سرکە لە هەنار دروست دەکرا دوای گوشینی، دواتر گەرم دەکرا تا خەست دەبوو. ترێ شەربەت، شەراب، سرکە، هەنگوین، مێوژ و عارەقی لێ دروست دەکرا. ئالوگۆڕ و داوا زیاتر لەسەر مێوژ بوو لە ناوچە شاخاوییەکاندا، هەروەها گەنم و شتی تری وەك جلوبەرگ بەکالای تر دەگۆڕانەوە.

مێوژ دروست دەکرا بەهۆی کولاندنی ترێ لە ناو ئاودا، دواتر وشك دەکرایەوە و بۆ ماوەی دوو هەفتە لەبەر هەتاو هەڵدەخرا. پاشان لە ئاویان هەڵدێنا و دووعای رزق زیادبوونیان لەسەر دەخوێند. گەڵا مێوی وشك یان تەڕ برنجیان لەناو دەنا و دەیانپێچایەوە. هەروەها سەوزەی تریش بۆ چێشت لێنان بەکار دەهێنران وەك کەرەوز، شبیت و پەڵپینە. ئەمانە زۆرجار لەگەڵ ماست تێکەڵ دەکران و پێیان دەگوت جاجگ.. بۆ دروستکردنی پەنیریش، ماستیان دەکولاند و سیریان لەگەڵ تێکەڵ دەکرد. هەروەها سەلکە پەنیر لە ناو خێواوکدا هەڵدەگیرا لە سەکوتەوە بۆ پاسئۆڤەر، واتە وەرزی گەڕانەوەی مەڕومالات و نوێبوونەوەی هەڵگرتنی شیری تازە دوای وەرزی زان.

بەهارات لە بازاڕ دەکران و لە ماڵەوە هەڵدەگیران، وەك بیبەر، خوێ، بیبەری سوور، سماقی وشك و گەلێ جۆرە بەهاراتی تر کە هەندێکیان زۆرجار بۆ سووپ و مەرەگە بەکار دەهێنران. قەندە شەکریان دەکڕی و بەچەکوش پارچە پارچەیان دەکرد.



١٧- دووکانی بەهارات، بازاڕی سنە، کوردستانی ئێران ١٩٧٧.

١٨- قەندە شەکر و چەکوشی ئاسن، کرمانشا، کوردستانی ئێران-١٩٧٧

١٩- شوێنی قوڕینی چێشت لێنان کە لە حەوشەدا هەبوو، ساندور، کوردستانی عێراق-١٩٣٤

١٩

## چێشت لێنان و نانکردن

لە گوندەکاندا، چێشت لەماڵەوە لێ دەنرا، ئەویش لە قولینچکی ژوورێك شوێنێکیان بۆ دادەبڕی. لە شارۆکەکانیشدا چێشت لە مەتبەخەکاندا لێ دەنرا. هەندێ جاریش سۆبەی دار بەکار دەهێنرا کە لوولەکەی دووکەڵێکی ئێجگار زۆری دروست دەکرد. لە هاوینانداا، چێشت لێنان دەبرایە حەوشە، لە ژوورێکی لاچەپ یان شوێنێکی لەم شێوەیە. پاشان، وەختی پریمز و سۆبەی نەوتی هات. بۆ گەرم هێشتنەوەی خواردنەکە، سەری مەنجەڵیان بەپارچە پەڕۆکێکی ئەستوور دادەپۆشی. مەنجەڵ لە مس و مادەی زینك دروست دەکرا، زیاتریش لەلایەن قەرەجەکانەوە دروست دەکران. قاپوقاچاخ لە کەرەستەی جۆراوجۆری کانزایی دروست دەکرا بۆ خواردنی خۆراك و خزمەتکردن، هەروەها ئامێری تری ئاسن و شووشەش هەبوون. سەردەمێك هات، ئامێرەکان بەپلاستیك و ئەلەمنیۆم دروست دەکران.

دوو جۆرە فڕن بەکار دەهێنران بۆ نانکردن لە ناو خانووەکاندا لە کاتی زستاناندا و هاوینانیش لە دەرەوە. هەر فڕنە و جۆرە نانێکی تایبەتی پێ ئامادە دەکرا. یەکێکیان پێیان دەگوت تەنوور. ئەمە جۆرە نانێکی ٢٠سم دروست دەکرد. لە دایامیتەر سەموونی تازەی پێ دروست دەکرا.

ڕۆژێك پێشتر هەویر لە ئارد، خوێ، ئاو و خومرە ئامادە دەکرا. هەویرەکە جۆرە ئەستووکێکی لێ دروست دەکرا کە تێکەڵەی پیاز و بیبەری تیژ بوو. یەکەم جار هەویرەکە بەو شتانەوە دەکرا بە ئەنگوتك و پاشان پان دەکرایەوە، لای خوارەوە تەڕ دەکرا و دواتر بەدیوەکەی تر دەخرایە ناو فڕنەکە، تۆپە پەڕۆیەك دەستەکانی دەپاراستن لە سووتان. پێش ئەوەی دەست بکرایە بەنانکردن، پارچە هەویرێك فڕێ دەدرایە ناو ئاگرەکە و جۆرە دووعایەك دەخوێنرا و ئەوجا دەست دەکرا بەنانکردن.

جۆری دووەمی نان بریێتی بوو لە لەخمە رەقیقە، واتە نانێکی تەنك و پان و خڕ و وشك بوو، نێزیکەی ٥٠ سم دەبوو. مانگێ جارێك دروست دەکرا لە سەر سێری بەر ئاگردان. بەهەمان شێوە هەویر ئامادە دەکرا، پاشان پان دەکرایەوە تا تەنك دەبوو و ئەوجا هەردوو لای دەخرایە سەر سێر. ئەم نانە زۆر خۆش بوو، دەکرا وەك کێك بەکار بهاتایە دوای ئەوەی لوول دەدرا و پڕ دەکرا لە پەنیر و گوێز.



٢٠– ئاونی بەردین، مس یان برۆنزی کە شتی پێ ورد دەکرا، سوریا، کوردستانی عێراق. مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٢١– دەستاڕ: زۆربەی ئەوانە لە ئیسرائیل وێنەیان گیراوە.



٢٢– قیمەکێش بۆ وردکردنی سەوزە و بڕینی گۆشت، کوردستانی عێراق. مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٢٣



١-٢٣



٢-٢٣



٣-٢٣

٢٣-مەنجەڵی مسینی چێشت لێنان- کوردستانی عێراق-مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢٣-١- مەنجەڵی شیر-مسە، قامیشلو- کوردستانی سوریا.

٢٣-٢- سینی مسین بۆ پەرتکردن و وشککردنەوەی تۆو و بەکارهێنانی بۆ خزمەتکردنی میوانان-کوردستانی عێراق-مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢٣-٣- کەوگیری مسین-کوردستانی عێراق-مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢٤-٢٥-٢٦ نـانـکـردن لـە نـاو تـەنـوور. لـە لای ڕاست ئـەنـگـوتـکـەکـانـە و لای چـەپـیش تـەنـوورەکـە دەبـینـرێ. بـەدەست ئـەنـگوتـکەکـە پـان دەکـرێـتـەوە، دوای پـانکـردنـەوەی دەنـرێت بـەدیـواری نـاوەوەی تـەنـوورەکـە. لـە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.

٢٧- خوانە، تیرۆك و سینیی مسین بۆ پانکردنەوەی ئەنگوتك. مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٢٤



٢٥



٢٦



٢٧

٢٨- نانی پان (لەخمە رەقیقە) لە ئیسرائیل
وێنەی گیراوە.
٢٩- تەشت و پارزنگی مسین- کوردستانی
عێراق-مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٣٠- گۆزەی قورپین بۆ ئاو، چێشت لێنان و
هەڵگرتنی گۆشتی سوورکراوە-کوردستانی
عێراق-مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٣١- گۆزەی قورپینی شیر- ئورفە- کوردستانی
تورکیا-قودس
٣٢- هێرەگ بۆ پاڵاوتنی تۆوەکان. تۆڕەکە لە
پێستی ئاژەڵ دروست کراوە.
دهۆک-کوردستانی عێراق- مۆزەخانەی
ئیسرائیل.
٣٣- سەبەتەی هەنار و سەبەتەی بچووک-
کوردستانی عێراق-مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٢٨



٢٩



٣٠



٣١



٣٢



٣٣



٣٤

٣٤- قاپی مسین-ناوی لەسەر هەڵکەنراوە بەزمانی عیبری-کوردستانی عێراق-مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٣٤-١- کەوچکی دارین بۆ خواردن و خزمەتکردن-کوردستانی ئێران و عێراق-مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٣٥- ئامادەکردنی یاپراخ-ژەمێکی نەریتی کە بەگەڵامێو لێ دەنرێت- لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.

٣٥-١- ئامادەکردنی کوبە- لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.

٣٦- برنجی بژارکراو- لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.



٣٥



٣٥-١



٣٤-١

## خواردن

خەڵك نانیان بەدانیشتنەوە لەسەر زەوییەکی فەرشڕێژکراو دەخوارد. هەریەکە قاپ و کەوچکێکی مسینی هەبوو. سەر سفرە بەخۆراکی جۆراوجۆر دەڕازێنرایەوە. شوێنی گرینگی سەر خوانەکە بەر خواردنێکی تایبەتی کوردەواری بوو پێیان دەگوت کوبە. کوبە خواردنێکی خڕ بوو، لە برنج یان ساوار دروست دەکرا دوای ئەوەی دەشێلدرا و دەپەسترایەوە، ئاو و خوێیان لەگەڵ تێکەڵ دەکرد. هەروەها گەڵامێو و پەلکی سەوزەی تر بەگۆشتی سوورکراو و برنج دەپێچرانەوە. هەندێ جار ناواخنی کوبە پێك دەهات لە کشمیش، مورەبا یان خورما و تاد. خواردنێکی باوی تر یاپراخ بوو، کە لە گەڵای مێو و کەلەم و پەلکی پیاز دەپێچرایەوە دوای پڕکردنی لە شلنجی برنج و دۆشاوی تەماتە و بەهارات. خواردنێکی تر هەبوو پێیان دەگوت "مابۆتە" کە لە شەواندا ئامادە دەکرا و بەرابەری خواردنێکی ئەوروپای شەرقییە بەناوی چۆلێنت. لە ساوار، نۆك، گۆشت، کوبە، لەگەڵ ناواخنی مەڕ کە پڕ دەکرا لە برنج، گۆشت، تەماتە و بیبەر. لە هاویناندا سەوزەی تر دەخرایە سەر ئەو خواردنانە. مەنجەڵ بەردەوام لەسەر ئاگر بوو، ئاگردانەکەشی بە بەرد دروست دەکرا. زۆرجار هێلکە دەخرایە سەر ئەو ئاگردانە بەردینە و سوور دەکرایەوە. لە ناوچە سنوورییەکاندا کاریگەریی وڵاتانی دراوسێ دیار بوو، زۆر خواردن لێ دەنران لەو ناوچانە هەر بەناوی بیانییەوە بوون.





٣٧



٣٨

٣٧- شەقامی گۆزەچییان لە گوندی لالیژن-کوردستانی ئێران-١٩٧٧

٣٨- مەشکە کە هیی کوردە رەوەندەکان بوو- ناوچەی کرێند لە کوردستانی ئێران- ١٩٧٧.

٣٩- شوێنی گۆزەکان لە کرمانشا- کوردستانی ئێران ١٩٧٧

## پیشەسازییە خۆماڵییەکان

گەلێ جۆری پیشەسازیی خۆماڵی هاتنە کایەوە، لەبەرئەوەی خەڵك ناچار بوو هەموو شتێکی پێویست بۆ خۆیان دابین بکەن، هەم پێداویستیی رۆژانە وەك سابوون و جاجم بۆ خەوتن، هەمیش بۆ خۆشی وەك بۆن و دار جگەرە. ئەو بەرهەمە خۆماڵییانە لەو کەرستانە دروست دەکران کە لە ناو وڵاتدا دەدۆزرانەوە. بۆ نموونە، قامیش کە زۆر لەو هەرێمەدا دەڕوێت، لە گەلێ لاوە بەسوود بوون: بەشێکی زۆری لانکی منداڵان، سەبەتەی جۆراوجۆر، نووسین، هەروەها بۆ فلوت بەکار دەهێنرا. لە لووی رووەك مەرەکەبیان دروست دەکرد، لووی رووەك بۆ پێستەخۆشکردنیش بەکار دەهات، هەروەها بخوریان بەکار دەهێنا بۆ بۆنخۆشکردنی کفن. مەشکە، فەرش، پێڵاو، بەرگی کتێب و کاغەز بۆ کتێبە پیرۆزەکانیان لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرد. زۆر سوودیان لە دار هەنار وەردەگرت: گەڵاکانی بۆ چنین و پێکەوەبەستان، لقەکانی بۆ سەبەتە، بەرهەمەکەی بۆ سرکە و توێکڵەکەشی بۆ بۆیە و کەرستەی خۆشەکردن. بەشێکی ئەو کارانە لە هاوینان و بەشێکیشیان لە زستاناندا دەکران بەدانیشتنەوە لە دەوری سۆبەی دار. ئافرەتیش زۆر کاری دەکرد وەك، چنین، دروین، نەخشاندن و سەبەتە دروستکردن.

## ئامادەکردنی پێستە

پێستەی مەڕ و خورییەکەی لە کوردستانی تورکیا و عێراقدا بۆ فەرش بەکار دەهات. دوای لێکردنەوەی پێستەکە لە ئاژەڵەکە، پێستەکە دەخرایە سەر سنجوو، ناواخنەکەی بەچەقۆ دەڕنا، هەروەها خورییەکە باش دەشوورایەوە. پاشان پێستەکە بۆ چەندان رۆژان رادەخرا و وشك دەکرایەوە. پێستەی مەڕ بۆ دروستکردنی مەشکەش بەکار دەهات کە کرێم و کەرەی لێ دروست دەکرا.
پێستەکان لەلایەن ئامادەکارانی کتێبیشەوە بەکار دەهات بۆ دروستکردنی دوو جۆرە کاغەز: یەکێکیان پێی دەگوترا گڤیل کە کاغەزێکی نەرم بوو بۆ نووسینی کتێبەکانی تۆرا بەکار دەهات، هەروەها راقی کە کاغەزێکی رەق بوو. نووسین لەسەر دیوی ناوەوەی پێستە دەکرا، پێش نووسین، ئامادەکاری کتێبەکە ئەم دووعایەی دەخوێند: "من بەناوی تۆراوە کار دەکەم،" یان "بەناوی مەزوزا"وە.



٣٩

## دروستکردنی زەمیلە

پیاو و ئافرەت بەشدار بوون لەم پیشەیەدا. کەرستەکان بریتی بوون لە چیلکە، بەتایبەتی چیلکەی دار هەنار، هەروەها کا دوای دوورینەوەی گەنم. چیلکەکان بەتەڕی دەچنران و شێوەی جیاجیای سەبەتە یان زەمیلەیان لێ دروست دەکرا: سەبەتەی تەخت بۆ هەڵگرتنی تری. سەبەتەی قووڵ، سینی خڕ بۆ هەڵگرتنی نان. کا بەکار دەهات بەهۆی لوولدان و چنینی دوای خوساندنەوەی لە ئاودا. بۆ ئەوەی شێوەیەك وەربگرێت، کایەکە سوور، سەوز، شین و زەرد دەکرا. ئافرەتان زەمیلەی بچووکی تایبەتییان دروست دەکرد بۆ هەڵگرتن و پاراستنی شتە تایبەتییەکانیان. ئەو زەمیلانە زۆرجار بەکار دەهات بۆ هەڵگرتنی خشڵ و زێڕ، جا لە تاق هەڵدەگیران یانیش هەر بەدار یان دیوارەوە هەڵدەواسران بۆ جوانی. هەروەها سینی خڕ بۆ خۆراك دروست دەکرا، هەروەها زەمیلەی گەورە و قووڵیش دروست دەکرا بۆ هەڵگرتنی مەلۆتکە. موسڵمانەکان پووش و کایان بەکار دێنا بۆ دروستکردنی حەسیر و باوەشێنکە.

## قوڕ و گۆزەکاری

قوڕ و گۆزەکاری گرینگییەکی گەورەیان هەبوو بۆ ئافرەتان، بەکاردەهێنران بۆ چێشت لێنان، هەڵگرتنی زەخیرە، گۆشت، نەوت و سرکە و هێنانی ئاو. ئەو گۆزانە، کە هەندێ جار



٤٠

بەرزییەکەیان دەگەیشتە دوو مەتر، وەك سەلاجە ، یان وەك دۆلاب و کۆگا بەکار دەهێنران.
موسڵمانەکان مەنجەڵیان دروست دەکرد لە گڵکاری، چەندان جۆر سوراحی و دۆلکەیان لێ دروست دەکرد. ناواخنەکەی ئاسایی بوو، بەڵام رووی دەرەوەی رەنگ دەکرا. بۆ ماوەی چوار سەعات سوور دەکرانەوە یان لەسەر ئاگری قشپلدا دادەنران.
قاپ و قاچاخی ناو ماڵ لە قورِ و تێکەڵەی تووکی بزن دروست دەکران، بەگشتی لەلایەن ئافرەتانەوە بەکار دەهات. ئەو مەنجەڵانە سوور نەدەکرانەوە، بگرە لەبەر هەتاودا وشك دەکرانەوە. چەندان شێوەیان لێ دروست دەکرا و بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە لە کاتی زستاناندا بەکار دەهێنران. هەمان کەرستە بەکار دەهات بۆ تەشت و سەبەتەی تر کە بەکار دەهات لە دواوەی لانکی منداڵان دادەنرا بۆ کۆکردنەوەی پاشەڕۆ.

## پێداویستیی خەوتن

عادەتەن ژنی ماڵ بەتانی و لێفە و پێخەفی دروست دەکرد، تەنیا خێزانە زەنگینەکان لێفدروستکەریان دەهێنا ماڵ و پێداویستیی خەوتنیان پێ دروست دەکرد. لێف پارچەیەك بوو دروست دەکرا لە لۆکە و دەدوورایەوە، ناوی پڕ دەکرا لە سووف، یان بەم دواییيانە سووف و لۆکە بەکار دەهات. وا باو بوو بە سووژن ئەم کارە دەکرا و دوورینەکە لە لێوار و ناوەڕاستەوە دەکرا.

## سابوون و مۆم

سابوون بۆ کاری ناو ماڵ و بۆ فرۆشتنیش دروست دەکرا، بەتایبەتی بۆ مسوڵمانەکان. لە رۆنی زەیتوون و بەزی مەڕ دروست دەکرا کە کۆدەکرایەوە دوای سەربڕینی مەڕ لە بۆنەکاندا و پێکەوە لەگەڵ سنجوو و سۆدا دەکوڵێنرا و دەکرایەوە بە شلە. شلەکە را دەخرا و دوای وشکبوونەوە پارچە پارچە دەکرا.
مۆم لە شەمێی سروشتی دروست دەکرا کەوا لە شانەکانی هەنگدا کۆ دەکرایەوە. شەمێی شل بەڕەنگی جۆراوجۆر بۆیە دەکرا و لۆکە لە ناواخنەکەی هەڵدەسوا. بۆ رازاندنەوەی بۆنە ئاینییەکان، مۆمی درێژ بەکار دەهێنران و کورتەکانیش لە ناو ماڵ بۆ بۆنەی ساباس بەکار دەهێنران. مۆمەکانی ساباس لە شوێنێکی تایبەتی دادەنرا لە گۆشەیەکدا، بەتایبەتی ئەو شوێنەی کە ژەمی ئێوارەی هەینی تێدا دەخورا.

## ئامادەکردنی دەرمان

لە شارۆکەکاندا، عیادە هەبوون و چەندان نەخۆشیان چارە دەکرد، بەڵام لە گوندە دوورەکاندا، خەڵکی روویان لە دکتۆرە خۆماڵییەکان دەکرد کەوا عادەتەن بەلاش خزمەتیان دەکرد. ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان هەبوو، بەتایبەتی لە چارەکردنی برین و بنبڕکردنی ئازار و شکان، ئەوانە خۆیان دەرمانیان دروست دەکرد. زۆربەی ئەو دەرمانانە لە رووەکی کێوی دروست دەکران یان کەرستەی لۆکاڵیی تر. ئەمانە چەند نموونەیەکن کە بەناوە بنچینەییەکانی خۆیان باسیان دەکەین: گەلێ لەو دەرمانانە شیکارێکی زانستییان بۆ نەکراوە.
تولە تەرشی: بۆ ئازاری گەدە بەکار دەهات، قووت دەدرا دوای ئەوەی لەگەڵ برنج لێ دەنرا. گیگەر: بۆ نەهێشتنی ئازاری گشتی بەکار دەهات. مانە: ئەمە لە بانە و پێنجوین هەبوو، کۆدەکرایەوە و لە شوێنێکی سارد هەڵدەگیرا و بۆ نەهێشتنی ئازاری گەدە بەکار دەهات. لامە: چەند رووەکێکی جۆراوجۆر بوو لەسەر برین دادەنرا بۆ چەند رۆژێك تا چاك دەبووەوە. سوت کەناری: مەرهەمێك بوو لە دار سنۆبەر دروست دەکرا و شەوان بەکار دەهات. ئەو نەخۆشییانەی بەو داوودەرمانانە چارە نەکرا با، ئەوا پەنایان دەبردە بەر دووعا و نوشتە.



٤١



٤٢

٤١– كێشان بە دارجگەرەیەك کە سێ کونی هەبوو– کوردستانی عێراق–لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.

٤٢– لە راستەوە بۆ چەپ– دارجگەرەی قورین– کوردستانی ئێران
دار گێلاس–کوردستانی عێراق– مۆزەخانەی ئیسرائیل.

## ئارەق و بۆن

ئارەق خواردنەوەیەکی بەهێزی خوازراو بوو لە کوردستان. لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیدا، تەنیا لە چەند شوێنێکی دیاریکراو رێگەی پێ دەدرا، بۆ نموونە لە ئەترووش، بۆیە هەمیشە شەوانە رەواجی زیاتر بوو. لە ترێ دروست دەکرا دوای ئەوەی دەخوسێنرایەوە لە ناو ئاودا، پاشان دەگوشرا. هەندێ بۆنیان لەگەڵ گوشراوەکە تێکەڵ دەکرد و لە ناو گۆزەیەکدا هەڵیان دەگرت تا کرداری ترشاندن رووی دەدا. پاشان بەقامیشێك گوشراوەکە لە گۆزەکەوە دەگوێزرایەوە بۆ جەڕەیەکی تر کە لەسەر ئاگر دادەنرا، بەم کردارە ئارەقیان دروست دەکرد. ئەم پرۆسەیە چەندان جار دووربارە دەکرایەوە. ئارەق لە ناو گۆزەیەکی باش بۆ ماوەیەکی درێژ هەڵدەگیرا.
بۆن، بۆ بۆنخۆشکردنی ژوور و خەڵك، لە گەڵای گوڵی کێویی جۆراوجۆر بەهەمان ئەو پرۆسەیەی سەرەوە دروست دەکرا. چۆڕاوی بۆنەکە لە ناو شووشەدا هەڵدەگیرا یان لەگەڵ پێکهاتەی سابوون بۆ بۆنخۆشکردنی بەکار دەهات. هەندێ جاریش دەفرۆشرا. وا باو بوو دەسکە گوڵی بۆنخۆش بە جلەوە بکەیت، وەك گوڵە رێحانە، یان ئەوەتا دەسکێکی بۆنخۆش لە ناو جلوبەرگی ماڵەوە دابنێیت.

## تووتن

تووتن دەچێنرا لەلایەن موسڵمانەکانەوە لە ناوچە شاخاوییەکان لەسەر سنووری تورکیا، بەچەندان رێگە دەگەیشتە کوردستان، بەزۆری لە رێگەی قاچاخەوە بوو. دوو جۆرە تووتن هەبوو: سامسن کە رەوانەی دەرەوەش دەکرا، راشوق کە بەخەڵکی ناو وڵات دەفرۆشرایەوە. بۆ دروستکردنی جگەرە، گەڵای تووتن دەبڕا و دەکرایە پەڕە کاغەزی تەنك، زۆرجار لە رێگەی لووتەوە هەڵدەکێشرا، بەتایبەتی ئەو دەمانەی کە لە کاتی ساباسدا کێشان قەدەخە بوو. تووتنی ئامادەکراو کۆدەکرایەوە و دەگوشرا تا بۆنەکەی بڕوات. دارجگەرە زۆر باو بوو و چەندان جۆری دەفرۆشرا: کورت، لوول، درێژ و لە داری جۆراوجۆر دروست دەکران. جگەرەکان لە سندووقێکی ستیلی نەخشێنراودا هەڵدەگیران.



١-٤٢

## کارەکان

لـە بـاکـور و نـاوەڕاستـی کـوردستـانـدا، گـەلـێ مـاڵـبـاتـی جوولەکان بەکاری کشتوکاڵەوە خەریك بوون. لە شارۆکە و گوندەکاندا خەریکی بازرگانی بوون و کاری جۆراوجۆریان دەکرد. لـەگـەڵ ئـەوەشدا، هـەنـدێ نـاوچـە قـەدەخـە بـوون بـۆ جووەکان. بۆ نموونە، لە کوردستانی ئێراندا، جووەکان بە کەسانی ″پیس″ دادەنران و کەس ئامادە نەبوو لێیانەوە فێر بێت یان شتیان فێر بکات. (ئەم بۆچوونانە نەمان دوای ئـەوەی بنـەمـاڵـەی پـەهـلـەوی لـە ١٩٢٥ هـاتـنـە مـەیدانـەوە). لەلایەکی ترەوە، جووەکان دەستیان گرتبوو بەسەر هەندێ پیشەوە، هەروەها لە ئاکامی نەریتێکی کۆنەوە، ئەو پیشانە ناو نرا بوون بە ″کاری جووەکان″. بۆ نموونە، بڕینی سووف، چـنین و ئـاسنـگـەری. لـە کـوردستـانـی عـێراقـدا، کـەوا چارەنووسی جووەکان لەبن دەستی ئاغاکان بوو جا بەچاك یان خراپ، جووەکان هەوڵیان دەدا دڵی ئاغا رازی بکەن تا بیـانـپـارێزێت لـە رێگـەی کـارە جیـاوازەکـانـیـانـەوە. دەگوترێ ئاغاکان ئاسنگەری جوویان لە ماڵدا تەعین کردووە، زۆریش رێزیـان لـێ نـاون، بـەڵام کـەیسی تـر تـۆمـار کراوە کـەوا ئـاغـا زۆردارانە مامەڵەی لەگەڵ جووان کردووە و بەزۆر کاری پێ کـردوون لـە سابـاسدا، تـاوانـبـاری کـردوون بـەدزینـی زێڕ و دواجاریش فڕێی داونەتە بەندیخانەوە.

پیشەکانی تر کەمتر بەربڵاو بوون و هەندێ جاریش تایبەت بوون بەناوچەیەکەوە، وەك شت فرۆشتن، دارتاشی، بەلەمەوان، پـینـەدۆزی، پێستـەخۆشکردن، گـەچـکـاری، بۆن دروستکردن، نەخشاندنی سەر بەرد و بەرگ دروین (کە هاتە کایەوە لەگەڵ پەیدابوونی مەکینەی دروومان). وێڕای ئەمانەش، بێگومان پیشەی ئاینیش هەبووە، وەك رابی، خزمەتکاری بۆنەکان و تاد. بازرگانی، بەتایبەتی لە کاڵا چنراوەکاندا، زۆر گران بوو. ئەم کـارە پـێشکـەوت چـونکـە جـووەکـان لـە گوندە پەڕاوێزەکـانـدا



٢–٤٢



٣–٤٢

هەستیان بەسەلامەتی نەدەکرد، خەڵك وازی لە پیشەی ئەوان هێنا و چوون لە نێزیك شارۆکەکاندا نیشتەجێ بوون. لە هەمان کاتدا، هەلی تازە بۆ کار کرایەوە لەگەڵ پەیدابوونی کارگەی نوێ و گەلێ لە جووەکان بوونە بریکار و بازرگان، زۆربەی موشتەرییەکانیان گوندنیشنەکان بوون.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، پیاو نانی بۆ ماڵ و منداڵی پەیدا دەکرد، بەڵام یارمەتیی گەورەی ئافرەتان بۆ مێردەکانیان، جگە لە کاری ناو ماڵ، دەبێ زەق بکرێتەوە. ئافرەت شیری دەدۆشی و لە کێڵگە و باخەکاندا کاری دەکرد، هەروەها لەبەلەمەوان و ئاسنگەریدا دەستی هەبوو. هەروەها رۆڵی باڵایان هەبوو لەو کارانەی پێوەندییان بە نەخشاندن، چنین و دروینەوە هەبوو. کاری رۆژ درێژ و ماندووکەر بوو، هەندێ جار لە سبەینەوە تا شەو بەبێ وەستان بوو. بەڵام ئەمە خەڵکی بێ بەش نەکرد لە دەربڕینی خۆشیی ژیان لە رێگەی گۆرانییەکانەوە لەبارەی خۆشەویستی و پاڵەوانێتییەوە، کە لەکاتی کاردا دەیانگوتەوە.

٤٢–١– دووکانی گۆزەفرۆش، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٤٢–٢– بەرگدروو لە بازاڕ، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٤٢–٣– قوماشفرۆشێکی جوولەکە، دووکانەکە لە ناوچەی کامیارانە، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.



٤٣

## کشتوکاڵ

جووەکانی کوردستان بەهۆی پیشەی کشتوکاڵییەوە لە ڕەوەندە جووەکانی تری ناوچەکانی تر جیا دەکرانەوە. گەلێکیان زەوییان هەبوو و دەیانکێڵا، بەم شێوەیە جیاواز بوون لەوانی تر. هەندێ خێزانی جوو هەبوو خاوەنی تەواوی لادێیەك بوو، خەڵك لەسەر زەویی ئەوان ڕەشماڵی هەڵدەدا و دەژیا.

تەواوی خێزان لە هاویناندا بەکشتوکاڵەوە خەریك دەبوو. زۆربەی کەرستەکانی کێڵان و تۆوکردن لە دار دروست دەکران چونکە هیچ کەرستەیەکی تر نەبوو. دانیشتووانی ناوچە شاخاوییەکان زیاتر ڕەز و باخی سەوزە و میوەیان هەبوو، هەموو شوێنێکیان هەڵدەقستەوە بۆ چاندن تەنانەت شوێنە لێژەکانیش. دواتر بەرهەمەکانیان لە شارۆکە گەورەکاندا دەفرۆشتەوە.

ئاژەڵ بەشێکی گرینك بوو لە ئابووریی کێڵگە و کشتوکاڵ، وەك ماین، ئێستر، کەر، گاجووت، مەڕ، بزن، هەنگ و سەگ. لە زستاندا، مێگەل بەرەو باشوور بەڕێ دەکران، لە بەهاردا دەگەڕانەوە، لە هاوینانیشدا، شوانە مێگەلی دەبردە لەوەڕگەیەکی نێزیکی گوندەکە، ئێواران دەگەڕایەوە. شوانەکان کۆچەر و ڕەوەند بوون.

جیاوازیی نێوان کار و بەرهەمی ناوچە شاخاوییەکان و تەختاییەکان بووە هۆی ئەوەی کە بازرگانی بەجۆرێکی تر بکەن، ئەویش کاڵایان بەکاڵا دەگۆڕییەوە. خەڵکی شاخ میوە، مێوژ و بەرهەمی شیریان دەدا و لەباتیانیش گەنم و برنجیان وەردەگرت.

## گواستنەوە

ناوچەی شاخاوی و بەردین گەیاندنی لە نێوان گوندەکاندا بەزەحمەت خستبوو، بۆیە زیاتر لەیەکتر دوور بوون. گوندنشینان عادەتەن بە پێ دەچوونە گوندێکی تر دوای چەندان ڕۆژ ڕۆیشتن. بەڵام ئەگەر باریان پێ با و شوێنەکەشیان دوورتر بوایە، ئەوا کەر، ماین، ئێستریان بەکار دێنا. گونیەی چنراویان بەکار دێنا بۆ بارکردنی شتەکان لەسەر پشتی ئەو ئاژەڵانە. لە ناوچە تەختاییەکاندا، گا بەکار دەهات بۆ گواستنەوەی کەلوپەل. واگۆنی دارین دروست دەکرا بۆ هەڵگرتنی بەرهەمەکان دوای بەستانەوەی بەپەتی زۆر توند. ڕێگەوبان و ئالییەتی میکانیکی بۆ گواستنەوە بەم دواییەکانە پەیدا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو شوێنێك نەبوو.



٤٤



٤٥



٤٧



٤٦

٤٣– پیاو بەخۆو بەکالاوە لەسەر کەرێ، ساندور، کوردستانی عێراق، پەیمانگەی بێن زڤی.

٤٤– گاسنی دارین بۆ کێڵان، ناوچەی سەقز، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٤٥– جووتیارێکی کورد زەوی دەکێڵێت، ناوچەی کامیاران، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٤٦– دووکانێك تۆو و کەرستەی کشتوکاڵی دەفرۆشێت، بازاڕی کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٤٧– جووتیاران تۆو دەکەن، ناوچەی کامیاران، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

هـەنـدێ جـار لـەلایـەن مـوسـڵـمـانـانـی چـەکدارەوە دەپارێزران لە چەتە و رێگر، چونکە جووەکان خۆیان بـۆیـان نـەبـوو چـەك هـەڵگرن. بـۆ چـەنـدان مـانـگ لـە دارسـتـانـەکـان و لـە گـونـدان دەمـانـەوە وەك مـیـوانـی خـەڵـکـی ئـەو نـاوچـانـە. هـەنـدێ جـار دایـکـانـیـش لەگەڵیان دەچوون و چێشتیان بۆ کرێکاران لێ دەنا.

بـارەدار بـەهـۆی بـەلـەم، هـەر بـارەدارێك ٢٠ تـا ٣٠ پـارچـە دار دەبـوو، دەگـوێـزرایـەوە. بـۆ ئـەوەی هـی کـەس تێکەڵی ئەوی تر نەبێت، هەر بارەدارە و هێمایەك یان ناوێکیان لێ دەنا. ئەو دارانەی بۆ سووتاندن بەکار دەهێنران، لە سەرەوەی بارەکەدا دەیانبەست تا تەڕ نـەبـن، بـەلایـەنـی کـەم پـیـاوێـك لـەگـەڵ بـارەدارەکـەدا سواری بـەلـەمـەکـە دەبـوو. ئـەم گـەشـتـی نـاو ئـاوە نـزیـکـەی هـەفـتـەیـەك تـا دوو هـەفـتـەی دەخـایـانـد. هـەرکە دەگەیشتنە وشکانی، بارەکان بەهۆی ئێستر و کـەرەوە دەگـوێـزرانـەوە بـۆ شـوێـنـی مـەبـەست. دار بـۆ بـیـنـاکـردن، دارتـاشـی و خـەڵـووز بـەکـار دەهـات، دواتریش بۆ هێڵی تەلەفۆن و کارەبا وەك عەموود بـەکـار دەهـێـنـران. دانـوسـتـانـدن لـەبـارەی کـڕیـن و فرۆشتنی دارەوە عادەتەن لە چایەخانەکاندا دەکرا.



٤٨

## کەڵەك پەڕاندنەوە و مامەڵەکردن بە دار

گەلێ لە جووەکان خەریك بوون بەمامەڵەی دار و کـەڵـەکـیـان لـێ دروست دەکـرد، بـەتـایـبـەتـی لـە شـارۆکـەی زاخـۆ کـە دەکـەوێـتـە سەر یـەکـێـك لـە زێیـەکـانـی رووبـاری دیـجـلـە. داریـان دەبـڕیـەوە لـە دارسـتـانـە پـڕ لـە دار بـەڕووەکـانـی نـاوچـە شـاخـاویـیـەکـان و رێکـیـان دەخست و بـۆ کـووخ بەکاریان دێنا. ئەو دارانەی بەجیا رێك دەخران بۆ خانووبەرە دەفرۆشرانەوە یانیش بە کاڵای چنراو دەگۆڕدرانەوە لە زستاناندا، دارەکان لە هاویناندا دەبـرانـەوە لـەلایـەن پـیـاوانـەوە لـە گـونـدەکـانـی دەوروبەردا.

نەوەی ئەوانەی مامەڵەی داریان دەکرد بەردەوام لـەگـەڵ بـاوکـیـانـدا بـوون، بـۆیـە ئـەوانـیـش فـێـری ئـەو بـازرگـانـیـیـە دەبـوون. بـەئـەسپ دەچـوونـە گـونـدەکـان،

٤٩



## گەڕۆك

گەلێ جوولەکەی گەڕۆك بەگوندەکاندا دەگەڕان و هەر گەشتێکیان هەفتەیەکی دەبرد. هەندێ جار لە کاتی لافاودا چەندان مانگیان پێ دەچوو. وێڕای مەترسیی کارەساتە سروشتییەکان، چەندان مەترسی تریان هەبوو لەسەر ڕێگەدا، چەندانیان مردن بەهۆی ئەو مەترسییانەوە. لەبەر هەندێ، چەندان پیادە کۆدەبوونەوە و گرووپێکیان پێك دێنا و پێکەوە بەڕێگەدا دەڕۆیشتن. کاڵاکانیان لە ناو گونیە لەسەر پشتی کەرێدا دادەنا و لە شارۆکە گەورەکاندا دەیانفرۆشتنەوە. کاڵاکان ئەمانە بوون: کووتاڵ، جگەرە، تووتن، سابوون، ئاوێنە، بۆیە، خەنە، کلدان، ئەنگوستیلە، بازن و گوارە، تەزبیحی ڕەنگاوڕەنگ، شتی چنراو، قوماش و چا و شەکر. هەر ڕۆژەو تایبەت بوو بەگوندێك، گەڕۆکەکان کەلوپەلەکانیان پێشانی ماڵەکان دەدا. مامەڵە ڕاستگۆیانە بوو و متمانە هەبوو لە نێوان کڕیار و فرۆشیاردا. هەندێ جار لەباتی پارە بەرهەمی کشتوکاڵی دەدرا، کە دواتر گەڕۆکەکان لە شارۆکەکاندا دەیانفرۆشتنەوە.

## پێڵاو دروستکردن

ئەمە کارێکی باو بوو لە ناو جووەکاندا. بۆ نموونە، بەتەنیا لە زاخۆ، ٢٠ پێڵاودروستکەری جوولەکە هەبوو پێش ئەوەی کۆچ بکەن بۆ ئیسرائیل. کوڕەکان دەبوونە شاگرد تا دواتر دەبوون بە وەستای لێهاتوو. پێڵاودروستکەرەکان زیاتر لە بازاڕ کاریان دەکرد، بەڵام هەندێ پێڵاودروستکەری تر هەبوون بەگوندەکاندا دەگەڕان. لە دووکانەکانیاندا چەندان جۆری پێڵاویان دەخستە ڕوو، موشتەریش ئەو مۆدیلەی هەڵدەبژارد کە خۆی دەیویست. ستایلی پێڵاوەکان زیاتر نەریتی بوون. مۆدیلی نوێی ئەوروپایی لە شارۆکە گەورەکاندا پەیدا بوون. لە زستاندا، پێڵاو و بووتی پێستە لەبەر دەکران و لە هاویندا نەعلە و پێڵاوی چنراو لەبەر دەکران. موسڵمانی گوندەکان حەزیان لە جۆرە پێڵاوێك بوو پێی دەگوترا فیلوێ. پێستەی تایبەتی دەکڕا بۆ دروستکردنی پێڵاو کە پێشتر خۆش کرابوو و ئامادە بوو بۆ کار، جاروبار پێڵاودروستکەر خۆی پێستەکەی دەکڕی و خۆشی دەکرد بۆ کار. عادەتەن دوو ساڵ جارێك جووتێك پێڵاو دەکڕا و لەبەر دەکرا تا دەدڕا. جۆرە باوەکانی پێڵاو ئەمانە بوون: یەمەنی، فلات، پێڵاوی پێستەی بێ قەیتان، پێڵاوی بن بڵندی ئافرەتان (قاپقاپە)، پێڵاوی پلاستیکی لە تایەی سەیارە دروست دەکرا. هەروەها فیلوێ دروست دەکرا کە ڕاستە و چەپەیان وەك یەك بوو، ڕاست و فلات بوون، هەندێ جار پشتەوەیان قووچەکی بوو و کونێکی تێدا بوو بۆ هەواگۆڕکێ، هەروەها موریح بوو بۆ ڕۆیشتن لە ناو قوڕ و سەرکەوتن بەسەر شوێنە بەرزەکاندا، بەمەیان دەگوت قۆندەرە. دروستکردنی پێڵاو لە قوماش لەلایەن قەرەجەکانەوە دروست دەکرا، پەڕۆ چاك ئامادە دەکرا و بەداوی پێستە پێکەوەیان دەبەستەوە، پێستە تەنیا لە قونپانی و پێشەوە دەدرا.

## دارتاشی

ئەم کارە لە ناو جووەکانی زاخۆدا بەربڵاو بوو کە نێزیکەی ١٤ دووکانی دارتاشی لێ بوو. لەبەر دەست ڕەنگینییان، هەندێ جار لەباتی موسڵمانەکان بەجووەکانیان دەگوت شت دروست بکەن بۆ مزگەوتەکان. ئەو کوڕانەی وەك شاگرد کاریان دەکرد، پاش چەند ساڵێك فێری پیشەکە دەبوون. دووکان لە بازاڕدا بەکرێ دەگیران، زۆربەی کارەکە بە دووان دەکرا لەبەر مشاری دوو سەری. تا بەم دواییانەش، تا پەیدابوونی کارەبا، هیچ ئامێرێکی کارەبایی بەکار نەدەهات. ئەو کەلوپەلانەی بۆ ناو ماڵ دروست دەکران سادە و دانسقە بوون: سندووق بۆ هەڵگرتنی کاڵا، تەختە، لانك، کەلوپەلی تر، قیمەکێش، چەندان شتی جۆربەجۆری تر بۆ مەبەستی بیناکردن بەکار دەهێنرا. کەرستە خاوەکان بارەدارەکان بوون و لەلایەن پیاوانی بەلەمەوە دەهێنران.

٤٨– گونیەی لە پێستە دروستکراو لە ڕووبار دەپەڕێنرانەوە، کوردستانی ئێران.

٤٩– گواستنەوەی بار، کوردستانی عێراق.

٥٠– گەڕۆك بە خۆی و بە کاڵاکانیەوە لەسەر کەرێ، لە ڕێگەیە بۆ گوندێك، کوردستانی عێراق.

٥٠



## لە کاتی بێ ئیشیدا

جووەکانی کوردستان زۆربەی کاتی بێ ئیشییان پێکەوە بەسەر دەبرد، بەتایبەتی کاتە درێژەکانی بەفربارینی زستانان، ئەو دەمانەی چوونە دەرەوە زەحمەت بوو. لەکاتی بەسەربردنی چەندان سەعات لەبەر ئاگردان، نەریتێکی دەوڵەمەندی چیرۆك گێڕانەوە، ئەفسانە گەشەی کرد، لە باوکەوە بۆ کوڕ و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوێزرایەوە.

لە سەرەتای بەهاردا، خەڵك لە گوند و شارۆکەکاندا دەچوونە دەرەوە تا کاتێکی خۆش لە سینگی سروشتدا بەسەر ببەن، بۆ قەرەبوو کردنەوەی زستانی درێژ و حەپسبوون لەماڵەوەدا. سەیرانەکە خۆشتر دەبوو بە سەما و گۆرانی و موزیك، هەروەك عادەت بوو لە کوردستان لە گەڵێ بۆنەدا. لە پشووەکاندا، لە بۆنە ناخۆش و شادییەکاندا، ئەندامانی خێزان کۆ دەبوونەوە، میوانداریەتی بەوپەڕی ئەخلاقەوە جێبەجێ دەکرا. پیاوان کاتێکی زۆریان تەرخان دەکرد بۆ نوێژ و خوێندن لە پەرستگەکاندا.



١–٥٠



٢–٥٠



٣–٥٠



٤–٥٠





٥٠–١– شانەی دار، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل

٥٠–٢– کلدان، دەسکێکی هەیە بەتەزبیح جوان کراوە. کوردستانی سوریا.

٥٠–٣– باوەشێنکەی رەنگکراو. کوردستانی عێراق

٥٠–٤– ئافرەتێکی جوولەکە کل لە چاوانی دەکات، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٥١– چێشتلێنانی بەکۆمەڵ بۆ بووك گواستنەوە، یەردەنا، ئیسرائیل.



٥٢

٥٢– شەکردان و بەرداخ، سەر و دەسکیان لە زیو دروست کراوە، کوردستانی ئێران.

٥٣– سینییەکی زیوین، باڵندە و نیگاری تری لەسەر نەخشێنراوە، بۆکان، کوردستانی ئێران.

٥٤– سینییەکی بازنەیی نەخشێنراوە بەدیزاینی زۆر نایاب، نووسینی عەرەبی لەسەرە، قامیشلو، کوردستانی سوریا.

## میوانداریەتی

پێشوازیکردن لە میوانان سیفەتێکی تایبەتی جووەکانی کوردستان بوو. کاتێکی باشیان تەرخان دەکرد لەگەڵ چەندان جۆرە خواردن تا پێشوازی لە میوانی ناوەخت بکەن. مێزەکانیان هەرگیز بەتاڵ نەبوو و هەردەم رازابووەوە. میوان خزمەت دەکرا لە رێگەی دانانی چەندان جۆر میوە، چا و نان و کێك، تۆبزییان لێ دەکرا لەگەڵ خێزانەکەدا نان بخۆن. لە کورستانی ئێراندا، ئافرەت شتەکانی پێشکێش بەمیوانان دەکرد و دواتر پیاوی ماڵی لەگەڵدا بەجێ دەهێشتن. ماڵبات جوو و موسڵمان سەردانی یەکتریان دەکرد، ئەو جووە پیشەوەرانەی سەردانی گوندەکانیان دەکرد، زۆر سوودیان لەم ئاشنایەتی و میوانداری و پێوەندییە دەبینی. لە بۆنەکاندا، وەك بۆنەی ئاینی، بووك یان سونەتکردندا، ئافرەتان کاری رۆژانەیان بەجێ دەهێشت و لە ماڵی خاوەن بۆنە کۆ دەبوونەوە و یارمەتییان دەدا لە ئامادەکردنی شتەکاندا. خواردنێکی زۆر ئامادە دەکرا، هەروەها قاپوقاچاخی تایبەتی بەکار دەهێنران، کە زۆرجار شتی زۆر بەهادار بوون.



٥٣



٥٤

٥٥- تاوڵە، یاری لە ماڵێکی جوولەکەدا، سنە، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.
٥٦- دۆڵچی لە بۆنەی سەهارانە، لە یەردانا، ئیسرائیل.
٥٦-١ زورنا، کوردستانی عێراق.
٥٧- شاییی کوردی لە بۆنەیەکی بووک گواستنەوە لە بۆکان، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.
٥٨- شاییی کوردی لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.



٥٥

## یارییەکان

منداڵان لە دەرەوە یارییان دەکرد، خۆیان شتەکانیان ئامادە دەکرد. لە یارییەکی وەك بڵێی هۆکیدا، هەر یاریکەرێك دارێکی چەماوەی بەدەستەوە بوو و لە تۆپێکی دەدا کە لە تۆپەڵەی سووف و پەڕۆ دروست کرابوو. یارییەکە جارجار دەوەستێنرا تا تۆپەکە تووند بکەنەوە. یارییەکی تر ئەوە بوو پارچە داریان فڕێ دەدایە ناو قوڕ تا بەڕاستی بچەقێت. یەکەم یاریکەر دارەکەی فڕێ دەدا، کە درێژییەکەی نێزیکەی مەترێك دەبوو، یاریکەری دواتر هەوڵی دەدا دارەکەی لەو دارە بگرێت و ئیتر بەم شێوەیە. براوە دارەکانی دەبردەوە ماڵ.
یاریی گەورەکان عادەتەن لە ژوورەوەدا ئەنجام دەدران. بۆ نموونە، سینی سینیانێ. یارییەکی تر پێی دەگوترا چوارقاپە: کە پێنج شەش پیاو یارییان دەکرد، کە هەوڵیان دەدا بازێك بدەن بەهۆی گوشینی یەك لە کۆتاییەکان. دۆڕاو دەبوایە هێلکە، گوێز و خورما بدات. هەلی یاریکردن لە هەموو ماڵێك و لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا هەبوو. ئەمانە یاریی دوو کەسیش بوون، وەك دۆمینە، تاوڵە، کە هەم لە ماڵ یان لە چایەخانەدا دەکران. زۆرجار بەرد و دار بەکار دەهات بۆ ژماردنی ئەنجامی یارییەکان.

## چایخانەکان

لە شارۆکەکاندا، پیاوان زۆربەی کاتیان لە چایخانەکاندا بەسەر دەبرد. خەڵك دادەنیشتن و پێیان لەسەر یەك دادەنا لەسەر کورسی یان قەنەفە نەك لەسەر زەوی. چای گرانیان دەخواردەوە لە کووپێکی قووڵدا. کۆبوونەوەی دۆستانە هەبوو، مامەڵەی بازرگانی دەکرا و تەنانەت چالاکیی نهێنیش دەسپێشخەری دەکرا. پێوەندی باش لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەت دادەنرا، کە یارمەتی جووەکانیان دا لە بەندیخانە بەریان دەدان و تەنانەت یارمەتییان دان لە ڕێی نایاسایی بەرەو ئیسرائیل.

## موزیك و سەما

دۆڵ و زورنا باوترین ئامێری موزیك بوون. دۆڵەکە بەملیەوە دەکرا و دوو پارچە داریش لە هەردوو لا پێستییەکەی دەدرا. زۆر کەس هەوڵیاندا فێری زورنا بن، بەڵام کەمێکیان سەرکەوتن لەبەرئەوەی وێڕای گوێچکەیەکی باش و چەشەی موزیکی هەناسەی درێژ و سیی باشی دەویست، چونکە سیفەتی موزیکەکە ئەمەی دەویست.
جووەکانی کوردستان شاییان دەکرد، هەندێ جار پیاو و ئافرەت بە جیا، هەندێ جاریش رەشبەڵەك بوو. هەر شاییەك ناوێکی تایبەتی هەبوو و جوولەی تایبەت بەخۆی هەبوو. شایی هەر بەدۆڵ و زورنا دەگێڕدرا و خۆش دەکرا.



٥٦



١-٥٦



٥٧

## سەحەرانە

ئەمە بۆنەی نەریتیی سالانەی کۆمەڵگەی کوردییە، لە کۆتاییی وەرزی بەفرباریندا ساز دەکرا، ئاماژەیەك بوو بۆ سەرەتای بەهار. لە گۆڕەپانێکدا عادەتەن لە قەراخ رووبار لە دووری چەند کیلۆمەترێکەوە لە گوند یان شارۆکەدا رەشماڵ هەڵدەدران بۆ ماوەی حەوت رۆژ تێیاندا دەمانەوە.

ئاهەنگی مارەبڕین عادەتەن لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا ساز دەکرا. هەر چەند ماڵە و ئەرکێکی تایبەتی پێ دەسپێررا، بۆ نموونە: داوەتکردنی گۆرانیبێژ و موزیکژەن، خواردن ئامادەکردن، جلوبەرگ و رەشماڵ هەڵدان. بەشدارانی بۆنەکە بەپێ یان بەئێستر دەگەیشتنە جێ و بەدەم گۆرانی گوتن و سەماوە رەشماڵیان هەڵدەدا. شەوان ئاگرێکی گەورەیان دەکردەوە. خێزانەکان سەردانی یەکتریان دەکرد تا تامی خواردن و دەستاوی یەکتر بکەن و پیاوەکانیش دەچوونە کن یەك و ئارەق و شەڕابیان نۆش دەکرد. بەیانییان بەدەنگی دۆڵ و زوڕنا بەخەبەر دەهاتن و دەستیان دەکرد بەچالاکییەکانیان: چێتشلێنان، یاریکردن، شت کڕین لە شارۆکەی نێزیك یان لەو موسڵمانە شت فرۆشە گەڕۆکانەی بەتایبەت دەهاتنە ئەوێ بۆ شت فرۆشتن. ناوچەکە لەلایەن هێزی پۆلیسەوە دەپارێزرا. لە کۆتاییی هەفتەکەدا بەشداران رەشماڵەکانیان خڕ دەکردەوە و بەرەو ماڵ دەکەوتنە رێ. بۆنەی لەم شێوەیە لە شاڤۆت و سەکوت روویان دەدا، کە دوو وەرزی حەجاجی کۆنی پەرستگەی قودس بوون.

٥٨





## پۆشاک

جل

جلی ئافرەتان

جلی پیاوان

جلی هەرێمی



١ منداڵان لە ساندۆر – کوردستانی عێراق ١٩٣٤

جووەکانی کوردستان هەمان جلیان لەبەر دەکرد و هەمان عادەتی جلیان وەك تەواوی دانیشتووان پێشان دەدا. تەلبەندی و قەدەخەکردنی جلوبەرگ و سەپاندنی شت بەسەر جوواندا لە کوردستان باو نەبوو وەك ئەوەی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەبوو. هەر جیاوازییەك، کە هەیش بوو، ئاکامی رەوشی ئابووریی جووان بوو: ئەوان رەوشی ئابوورییان باشتر بوو لەچاو دراوسێکانیان، هەر ئەمەش بوو رەنگی دابووەوە لە شێوازی جلپۆشینیان، واتە پۆشتەتر و کەیفوسەفایان پێوە دیار بوو.

## کووتاڵ

جلی پیاوان لە سووفی دروستکراوی خوری مەڕ یان مەرەزەی بزن دەچنران. سووف بەکار دەهێنران بۆ دوورینی جلی رۆژانە و مەرەزەی بزنیش بۆ جلی گرانبەها و کەشخەیی. جلە باشەکان زیاتر بۆ کاتی بووك گواستنەوە یان بۆنە تایبەتەکان دەدروان، کە زۆرجار بە نەخش دەڕازێنرانەوە بۆ چەندان ساڵ لەبەر دەکران.

کووتاڵی گرانبەها بۆ دوورینی جلی ئافرەتان و منداڵان لە قۆزاخەی ئاوریشم کۆدەکرانەوە لە دار بەڕووی ناو دارستانەکان. جلی رۆژانە لە پەمۆ دروست دەکرا کە هەرزانتر بوو. دوای شەڕی جیهانی یەکەم، کارگەی کووتاڵ دزەی کردە هەرێمەکە، ئاوریشم و دیزاینی جاکوارد و برۆکەید و پەمۆ و سەتان و حەریر پەیدا بوون، هەموویان دەستی چنینیان رازاوەتر کرد.

هێنانی ئەو کوتالانە پرۆسەی دروستکردنی جلوبەرگی کورت کردەوە، هەروەها ژیانی ئافرەتانیشی کەمێك سانا کرد.




لەگەڵ ئەوەشدا، جلی پیاوان هەر لە قوماشە نەریتییەکان دروست دەکرا. ئەمڕوکە لە بازاڕەکانی کوردستانی ئێراندا، کارگەکانی دروستکردنی کووتاڵ خەریکە شوێنی کووتاڵە سروشتییەکان دەگرێتەوە. داو بریتی بوو لە سووف، مووی بزن یان ئاوریشم. شیرازەکان دەبڵ بوون: یەکەم جار لێوارەکان دەدروان، پاشان لە دیوی ناوەوەشڕا دەیاندروی بۆ ئەوەی بەهێز بێت.

جلی ئافرەتان و منداڵان لە لایەن ئافرەتان خۆیانەوە دروست دەکرا تەنیا بۆ خێزانی خۆیان، هەندێ جاریش بۆ خەڵکی تریان دەدووری لەسەر داوای خەڵکەکە. جلی پیاوان لەلایەن ژنی جۆلاکانەوە دەدروا. لەگەڵ پەیدابوونی مەکینەی دروومان، دروستکردنی قات بووە پیشەی پیاوانیش، ئەوجا دەستیان کرد بەکردنەوەی دووکانی دروومان لە بازاڕەکاندا.

ئەو پارچە قوماشانەی دەمانەوە لەبەر دروومان بەکار دەهێنرانەوە. چەندان شتیان لێ دروست دەکرا. پاشماوەی لۆکە دەسماڵی ″هەزار پینەییان″ لێ دروست دەکرد کەوا بووك لەگەڵ خۆی دەیبردە ماڵی زاوا لەسەر بنچینەی ئەو باوەڕەی کە ئەمە دەبێتە خێر بۆی، هەروەك لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە ″خوشکی ئێمە، بڕۆ ببی بەدایکی هەزاران...″ (جین. ٦٠:٢٤). پەڕۆ و پینە دەسرازە و پێداویستییەکانی لانکیان لێ دروست دەکرا، هەروەها پەڕۆیان دروست دەکرد بۆ سەر مەنجەڵ تا چێشتەکە بەگەرمی بێڵتەوە. هەروەها پەڕۆی درێژ دروست دەکرا و بۆ دانیشتن بەکاریان دێنا لە بۆنە ئاینییەکاندا. لە پاشماوەی ئاوریشم و مووی بزن، جزدانی بچووکی نەخشێنراو، پارچە پەڕۆ، بوخچە، کیفکی تووتن و پارچەی جوانی تر بۆ سوکایان لێ دروست دەکرد. لە کوردستانی تورکیادا ئەو شتانە لە چەندان پینە و پەڕۆی جۆراوجۆر دروست دەکران، جۆرە شتێکی تایبەتییان لێ دروست دەکرد. لە کوردستانی ئێراندا، لاکێشی جوانیان لێ دروست دەکرد، لە کوردستانی عێراقدا ئەو پەڕۆیانەیان لێك دەدا و دەیاننەخشاند.

## جل (قەدە جل– قات)

زۆربەی ئەو جلانەی ئێمە هەمانە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی عێراق، دەبێ تەرکیز بکەین لە وەسفکردنی ئەمانە، هەروەها بڕێکیش پێ داگرین لەسەر نموونەی جلەکانی کوردستانی تورکیا و سوریاش. نەمانتوانی قەدە جلێکی تەواوی کوردستانی ئێران بەدەست بێنین، بۆیە بۆ ئەمەیان وەسفەکەمان دەبێ گشتی بێت. قەدە جلی ئافرەتان لە کوردستانی عێراقدا لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

– جلێکی درێژ (سەدرە) کە بەکار دەهات بۆ کاری رۆژانەی ماڵ. درێسێکی هەمان قەبارە بەڵام رازاوەتر بەکار دەهات بۆ جلی بووکینی و بۆ کاتی سکپڕبوونیش بەکار دەهات.

– هێلەك

– کورتەك.

جلێکی تر، کە کەمتر باو بوو، پێی دەگوترا فیستان، کە هێلەکیشی لەگەڵدا بوو، ئەمە لەسەر بلووزێك لەبەر دەکرا.

د– پیاو قاتێکیان لەبەر دەکرد پێی دەگوترا (سالە ساپیکتە)، لە دوو بەش پێك دەهات: چاکەتێکی کورت و پانتۆڵێکی درێژ. تا تەمەنی ١٠ساڵی، منداڵان هەمان شێوازە جلی ئافرەتانیان لەبەر دەکرد. دوای ئەو تەمەنە کوڕەکان قاتی پیاوانیان لەبەر دەکرد. هەندێ دەستە جلی تر باو بوو بۆ پیاو و ئافرەتانیش.

ئەو جلانە لە هاوین و زستاندا لەبەر دەکران، بەڵام لە ناوچە ساردەکاندا قەدە جلی ئەستوورتر و گەرمتر لەبەر دەکرا. هیچ جلێکی تایبەت نەبوو بۆ نووستن.

پیاو و ئافرەت هەردەم سەریان دەپێچایەوە. لە شارۆکەکاندا، پێڵاو لە پێستە دروست دەکرا: فلات، بن بڵند. لە گوندەکاندا، ئەگەر پێڵاو بەکار هاتبا، لە ماڵەوە دروست دەکرا، نەعلیشیان دروست دەکرد کە لە چەندان چینی پەڕۆ دروست دەکرا. ئەو جۆرە پێڵاوانە موریح بوون لە ناوچە بەفراوی و بەردینەکاندا. منداڵان نەعلە و گۆریەیان لەبەر دەکرد.

## ڕەنگەکان

ڕەنگی سەرەکیی جلی پیاوان و ئافرەتان مۆر بوو لەگەڵ ڕەنگی سەوز. لە ناو موسڵمانەکاندا سەوز زۆر باو بوو بەتایبەتی لە جلی بۆنەکاندا. جلی ئافرەتان ڕەنگی مۆری زۆر تێدا بوو، بەڵام بۆ پیاوان ڕەنگەکە کەمتر دەبینرا. ڕەنگی مۆر ئەوەندە باو بوو، بووبوو بە نەریت. ئەو ڕەنگە ڕەنگە لە رووەکە لۆکاڵە سەرەتاییەکانەوە هاتبێ. لەوانەیە سیمبولی شتێك بووبێت کە تا ئێستە پەی پێ نەبراوە. سوور و پرتەقاڵیش بەکار دەهاتن، بەڵام کەمتر. سوور ڕەنگی شەفافیەت بوو کەوا رووی بووکێی پێ دادەپۆشرا. جلی بووکێنی سوور یان مۆر بوو، دوای ئاهەنگەکەش بۆ بۆنەکان لەبەر دەکرا. ئەو جلەی لە شەوی بووکێنیدا لەبەر دەکرا سپی بوو.

جلی ڕەش زیاتر لەبەر ئافرەتە پیرەکاندا دەبینرا. ڕەنگی سروشتیی مووی بزن زیاتر لە قاتی پیاواندا دەبینرا. پیاوە پیرەکان ڕەنگی تۆخیان دەپۆشی، گەنجەکانیش ڕەنگی کاڵ و سروشتی. جیاوازییەك هەبوو لە نێوان جلی شار و جلی گوندی. جلی شار لە دوو ڕەنگ پێك دەهات، بەڵام هی گوند لە چەندان ڕەنگ. لە کوردستانی ئێراندا، زۆری ڕەنگی زەق و زۆر لەسەر باکگراوندی ڕەساسی و قاوەیی لەبەر دەکرا و گوندییەکان بەوە دەناسرانەوە.



٢ ئافرەتێکی جوولەکە، کوردستانی عێراق لە ئیسرائیل وێنە گیراوە.



## ستایل

بڕین لە هەموو کوردستان وەك یەك بوو، بێ لە هەندێ جیاوازیی ناوچەییەکان. تەون و چنین بڕینیان زۆر زەحمەت بوو. ڕاست بوو و لە چەندان درێژیی پێکهاتبوو و پێکەوە دروا بوون. جلی دروستکراو لە مووی بزن نێزیکەی ٣٠ سم بوو. بەرین بوو و بەوردی چنرا بوو کە بۆ قاتێك یان زیاتر بەکار دەهات. دروینی قوماش، کە موعەرەز بوو بۆ لێکهەڵوەشانەوە، وردتر و چڕتر کاری لێ دەکرا. بەڵام شێوەی بۆدییەکەی دەبوایە ڕێك بێت، قۆڵەکانی فش بوو، یان کونی لێ دەکرا، بۆ ئەوەی جلەکە نەدڕێت. بەهەمان شێوە، بەشەکانی جلی ئافرەتان، ئەستوورتر بوون، وەك پشت و پێشەوەی قۆڵ. ئاوریشم لەباتی لۆکە بەکار دەهات، کە ئەویش جارجار دەگۆڕا. ئەم پارچانە لەبنەوە دەدران و کاریان لە جوانیی قادەکە نەدەکرد. بەم شێوەیە جلەکە چەندان ساڵ خۆی دەگرت.

٣–٥– مەکسی ئافرەتان یان درێسی پیاوان



3/3 Woman's under-coat



3/4 Bodice



3/7 Jacket



3/1 Skull-cap



3/6 Woman's dress



3/2 Underpants



چەفیە (پۆسیا): قەبارەی جۆراوجۆری هەیە وەك چوارگۆشەیی یان لاکێشەیی. (دەکرێ دوو مەتر چوارگۆشە بێت). لە ئاوریشم یان لۆکە بەداوی رەش دەدرویێت. جاری وا هەبوو شتیان لەسەر دەنەخشاندن بەڕەنگی جۆربەجۆری وەك زەرد، پرتەقاڵی و قاوەیی، یانیش قاوەیی و سپی. چەفیە سەری دادەپۆشی جگە لە دوو بسك نەبێت. لە هەندێ ناوچەدا پرچ دەکرا بە ١٢ کەزی، بەتایبەتی لەلایەن ئافرەتە گەنجەکانەوە. باو وابوو چەفیەك یان دووان لەسەر بکەیت، بەچەندان رێگەی جیاجیا دەبەستران. داپۆشینی سەروو (عەبایە، کاروك، کادور): عەبایە سادە بوو لە برین، راست و بەرین بوو، لە ئاوریشم یان خوری دروست دەکرا. لەسەر دەپێچرا، هەروەها لقەکانیشی پێکەوە دەبەسترا. (پیاویش ئەوەی لەسەر دەکرد لە هەندێ بۆنەدا، بەڵام بەشێوازی تایبەتی دەبەسترا).

کاروك لاکێشەیی بوو لە ئاوریشم و لۆکە دروست دەکرا و بەگشتی دەنەخشێنرا. لە زستانان لە مووی بزن یان سووف دروست دەکرا. ئافرەتی بەمێرد بەسەر شانەکانییەوە دەکرد یان تەنیا یەك شانی.

کادور شاڵێکی چوارگۆشەی ئاوریشمی بەنەخش بوو. لەسەر دەپێچرا و تەواوی لەشی دادەپۆشی.

جلی ژێرەوە (شەرواڵ)- درێژ و بەرین بوو، تا ناوقەد دەهات و بەدۆخین دەبەسترا، بەشی سەرەوەی لە لۆکە دروست دەکرا، بەشی خوارەوەشی تا سەر ئەژنۆ لە ئاوریشم. لە کوردستانی ئێراندا، پانتۆڵەکان بەرینتر بوون و هەمووی لە ئاوریشم دروست دەکرا.

جلی ژێرەوە (سودرە): لە بریندا راست و درێژ و بەرین بوو. هەروەها دوو لاکێشەیی هەبوو لە پشت و پێشەوەی بەشی خوارەوەیدا. یەخەکی بچووکی لای ملی هەبوو، قۆڵەکانی درێژ بوون. کەلاگوچکەکانی درێژ دەبوونەوە و جاری وا هەبوو لە ئاستی ناوکدا دەبەستران. جلی رۆژانە لە لۆکە دروست دەکرا و جلی بۆنەکانیش لە ئاوریشم.



٩ ئافرەتێك لەچکێکی زەرد و سپی ئاوریشمی بەگورینگی ڕەنگاوڕەنگ لەسەرە، داوی زیوین و قولانجێکی شین، دەڤەری ئاکرێ، کوردستانی عێراق. لە ئیسرائیل وێنە گیراوە

## جل و شتومەکی ئافرەتان

کڵاو (کوسیتا، کسیلا): شتێکی بازنەییە و لقێکی ١٠سم ی هەیە و بەرین درواوە. لە لۆکە یان ئاوریشم دروست دەکرێت. رەنگەگەی رەشە یان تێکەڵەی مۆر و سەوزە، ئەم کڵاوە لە ژێر چەفیە لەبەر دەکرا.

هێلەگ: کورت و تەسك بوو، تا ئاستی سینگ دەهــات و لـــەوێ لای پـێشەوە دەکــرایـــەوە. پـێشەوەی لـە حـەریـر یـان ئـاوریشم دروست دەکرا، خـەتـە دروومـانـێکی لـۆکـەشی پـێدا دەهات. ئەم جلە لەسەر جلەکانی ژێرەوە لەبەر دەکرا.

کورتەك: درێژ و باریك بوو تا ئاستی ناوقەد دەهات و لەلای پێشەوە دەکرایەوە بەبێ قۆپچە. قــۆڵــەکــانـــی درێژ و بــاریك بـــوون، لـــە کۆتاییەکەیدا بەرین بوو. لە ئاوریشم یان قوماشی چنراو دروست دەکرا.

فیستـان: ئـەم جلـە لەباتی جلی ژێرەوە و هـێلـەگ لـەبـەر دەکرا، شێوازێکی جیـاوازی هـەبـوو. درێژ بـوو لـە نـاوقـەدڕا دەبـڕا، بـەشی خـوارەوەی جـودا بـوو لــە بــەشی سەرەوەی. هێلەگەکە کرانەوەیەکی چوارگۆشەیی هەبوو لەلای پێشەوە، تا خوار سینگیش دەهات. ئەم جلـە لـە ئـاوریشم، لـۆکـە یـان حەریر دروست دەکرا. لـە کـوردستـانـی ئـێراندا، کـاریگـەریی ئەوروپا لە بڕیندا دیارە، کورتە بڕین تا ئاستی ناوقەد. هێلەگ بەقۆپچە دەکرایەوە، یەخەشی هـەبوو.

پشدێن (سالــە، خـــەرخـــاسە): پشدێن لـــە ئاوریشم، لۆکە، موی بزن یان سووف دەدروان و وەك کـەزی لـە پشت دەبـەستـران. چـنـیـنـی کشمیریـان بۆ دەکرد. هـەندێ پشدێن هـەبوو زێڕ یان زیوی پێوە دەکرا. پشدێن لەسەر کورتەك دەبـــەستـــرا و بـــەشی سەرەوە و خـــوارەوەی جلـەکـەی پێکەوە دەبەستـایـەوە. هـەندێ جار چەفیەش وەك پشدێن بەکار دەهات.

سوخـمـە: کـورت بـوو دەگـەیشتە نـاوقـەد. لە پێشەوە بەبێ قۆپچە دەکرایەوە. قۆڵەکانی درێژ و باریك بوون، لە ئاوریشم یان حەریر دروست دەکرا. شێوازێکی تری سوخمە هـەبوو کەوا لە حەریر دروست دەکرا و لەلای ناوقەد تەسك دەبووەوە، قۆپچە و گیرفانیشی هـەبوو.



٧



٨



١١



١٠

٧– ئافرەتێك چەفیەکی ئاوریشمی نەخشێنراوی لەسەر کردووە. کوردستانی عێراق.

٨– چەفیەکی رەشی ئاوریشمی چوارگۆشەییە. زیاتر ئافرەتانی بەتەمەن لەسەریان دەکرد لەلای ئاکرێ لە کوردستانی عێراقدا.

١٠– ئافرەتێك چەفیەکی رەنگاوڕەنگی لەسەرە و لە ئاوریشم دروست کراوە. زاخۆ، کوردستانی عێراق.

١١– ئافرەتێك دوو چەفیەی رەشی لەسەر کردووە، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

١٢ ئـافـرەتـێك دوو لـەچـكـی لـەسـەرە. ڕەنـگـی قـاوەیی و سپییە. یەكێكیـان لـەسـەری بەسـتـاوە و ئـەوی دیـكـەیـان لـەنـاوچـاوانـی، قـامـیشلۆ، كوردستانی سوریا. لە ئیسرائیل وێنە گیراوە.

١٣– ئـافـرەتـێك لـەچـكـێـكی ڕەشی ئـاوریشمی بـەگـوریـنـگـەی ڕەنـگـاوڕەنگ ڕازاوەتـەوە، وەك جـامـانـەیـەك بـەستراوە، دیـانـا، كوردستـانـی عێراق. لە ئیسرائیل وێنە گیراوە.

١٤– لـەچكێكی ڕەشی ئـاوریشمی بـەگورینگە، زاخـۆ كـوردستـانـی عـێراق. لە ئیسرائیل وێنـە گیراوە.

١٥– ئـافـرەتـێك عـەبـایـەكـی ئـاوریشمی بەدەزووی زیوی لەبەرە. ئەم درێسە دروست كراوە بۆ بووكان تا لە ڕۆژی بوكێنی لەبەری بـكـەن. سلـێـمـانـی، كـوردستـای عـێراق. لـە ئیسرائیل وێنە گیراوە.

١٦– ئـافـرەتـێك شاڵێكی فـراوان و گـەورەی لـەسەرە، ئـاوریشمـی ڕەنـگـاوڕەنگ، زاخـۆ، كوردستانی عێراق. لە ئیسرائیل وێنە گیراوە.



١٢



١٣



١٤



١٥



١٦

## جل و شتومەکی پیاوان

کڵاو: کڵاوێکی نەخشێنراوە و لە شێوەی کڵاوی ئافرەتان دەکا، یان چنراوە (کولاڤ، ئارەکین)، هەروەها سەرپۆشێکی ئاوریشمی رەشیان هەبوو (سادە، پۆسیا).

سەرپۆشێکی رەش و سپیش باو بوو و پێیان دەگوت جەمەدانی. ئەمەیان دوو یان سێ جار لە دەوری کڵاوەکە دەپێچرایەوە، کلکی کۆتاییەکەشی لە یەکێك لە پێچەکان قایم دەکرا.

کراس: بەرین بوو، لای پێشەوە دەکرایەوە و قۆڵی درێژ بوو. ئەمانە تا ئاستی ناوقەد دەهاتن.

هێلەگ، بارکوس، یەلەك: راست و کراوە بوو. خەتێکی نەخشێنراو بەناوەڕاستیدا دەهات، هەندێ جار گیرفانیشی هەبوو. پێشەوەی قوماشێکی باش بوو وەك ئاوریشم یان جاکوارد بوو. شێوازێکی تریش هەبوو: لە ناوقەدا تەسك بوو، هەروەها لای پێشەوەی دوو یەخەی درێژی هەبوو تا ناوەڕاستی سینگ دەهات.

چاکەتی کورت (ساپیکتە): راست و لەلای پێشەوە کراوە بوون بەبێ قۆپچە. قۆڵی درێژ و باریك بوون. لە مووی بزن بەدەستی دەچنرا. پێکەوە لەگەڵ پۆناتۆڵ قاتێکی نەریتییان لێ دەردەچوو. هەروەها شێوازێکی تریش هەبوو کە هەر کورتەك بوو بەڵام تەسك بوو.

پانتۆڵ (سالە): درێژ و بەرین بوو. وێڕای دوو لینگی لاکێشەیی، گیرفانی لە هەردوو لادا هەبوو. لە ناوقەدا بەدۆخین دەبەسترا. بەرینیی پانتۆڵەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕا.

جلی ژێرەوە: بەهەمان شێوەی جلی




١٧ هێلکاری جلی پیاوان

دەرەوە بوو، بەڵام سپی بوو لە لۆکە دروست دەکرا.

پشدێن: دوو جۆریان باو بوو. یەکەم لە لۆکە دروست دەکرا کە نێزیکەی ٨ مەتر درێژ بوو، بەچوار کەزی لە ناوقەدا دەبەسترا. دووەمیان پارچە قوماشێکی کشمیریی درێژ و چوارگۆشە بوو، تا ئاستی ٢٠سم قەد دەکرا. بەپانایی لە ناوقەدا دەبەسترا. سەرپۆشیش وەك پشدێن بەکار دەهێنران.

شاڵ، عەبایە: راست بوو و لە سووف دروست دەکرا. بەسەر شانەکاندا دەدرا و لە ناوچە بەفراوییەکاندا لەبەر دەکرا.



١٨



١٩



١٩-١



١٩-٢

١٩، ١/١٩ و ٢/١٩: قۆناخەکانی بەستانی جەمەدانی لە ئاکرێ، کوردستانی عێراق.



٢٠

٢٠– کڵاوەکان

چەپ بۆ ڕاست

ریزی سەرەوە

کڵاوی ئافرەتان، رەنگیان سەوز و مۆرە لە لۆکە دروست کراون.

کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

کڵاوی رەش و سپی چنراو، کوردستانی ئێران، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

کڵاوی رەنگاوڕەنگ لە کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

ریزی خوارەوە

کڵاوی رەنگاوڕەنگی لە سووف چنراو، کوردستانی ئێران، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

لە سووف دروست کراوە و بە تەوقەیەك لە سەرەوەرا قایم کراوە، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

کڵاوێکی سپی چنراو، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٢١



٢١-١



٢١-٢



٢١-٣



٢١-٤



٢١-٥

پشدێنەکان

٢١– ئەوەی سەرەوە: ئەمانە وەك دۆخین لە شەرواڵی پیاو هەڵدەکێشران. دهۆك، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

ئەوەی خوارەوە: لە سووف دروست کراوە هەر وەك دۆخینی پیاوان بەکار دەهات. دهۆك، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢١–١– ئەم دەسرازە رەنگاورەنگ و بەنەخش بوو. کوردستانی عێراق و ئێران، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢١–٢– ئەمە لە مووی بزن دروست کراوە، رەنگی زەرد و سوور و شینە. دهۆك، کوردستانی عێراق.

٢١–٣– ئەمە لە لۆکە دروست کراوە. کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢١–٤– ئەمە لە ئاوریشم دروست کراوە و سێ پارچەیە. زاخۆ، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢١–٥– ئەمە بە کەزییە، ئاکرێ، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٢٢

٢٢– پێڵاو

(لە چەپەوە بۆ ڕاست) ڕیزی سەرەوە:

پێڵاوی ئافرەتان، کۆتاییەکەی چنراوە. لە پێستە و لۆکە دروست کراون، بەشی سەرەوەیان چنراوی لۆکەیە و نەخشێنراون.

ڕیزی خوارەوە

پێڵاوی پیاوانن: هەیانە لە پێستە، هەیانە لە لۆکە هەشیانە لە دەزوو دروست کراوە. کوردستانی ئێران، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

## جله ناوچەییەکان

جیاوازی لە جلە ناوچەییەکاندا بەتەواوی بەدیار دەکەوێت لە بەشی جلوبەرگدا، بەڵام کەمتر پێشان دەدرێت لەبارەی نەخش و ڕەنگ و جۆرەکانی چنین و بڕینی جلەکان. وێڕای ئەم جیاوازییانە، کاریگەریی وڵاتانی دراوسێ بەسەر جلەکانی ناوچە سنوورییەکانەوە زەقترە، هەروەها کاریگەریی ئەوروپایی لە شارۆکەکاندا زەقترە. جیاوازییەکان زیاتر لە جلی پیاواندا بەدیار دەکەوێت، چونکە سەربەخۆییان زیاتر بوو و بۆیە زیاتریش کاریگەریی مۆدێرنەیان بەسەرەوە بوو. هەروەها جیاوازییەکیش هەیە لە نێوان شێوازی جلی گوندی و شاری: گوندییەکان دڵسۆزتر و پابەندترن بەجلە نەریتییەکانیانەوە. لە شارۆکەکاندا، ئافرەت ناچار دەکرا ڕووی داپۆشێت، بەتایبەتی کە دەچوونە بازاڕ، کەچی ئەمە پێویست نەبوو لە گوندەکاندا.

کوردستانی عێراق دابەش بووبوو بەسەر چوار ناوچەدا کە هەریەکەیان جلیان لەوی تر جیا بوو: زاخۆ و دەوروبەری، ساندور و دەوروبەری تا باکور، ئاکرێ لە ناوەڕاست و سلێمانی لە باشوور.

زاخۆ: ئەم شارۆکەیەی نێزیک سنووری تورکیا و سوریا سەنتەرێکی گرینگی جووان بوو. جلی ئافرەتان لەو ناوچەیەدا دەناسرایەوە بە سادەیی لە بڕین و کەرەستەی دروستکردنی. جلی ئەوێ مۆر بوو لەگەڵ پارچەی لاکێشەیی سەوز، چاکەتیان هەر لە ئاوریشم یان جاکوارد دروست دەکرد. دۆخینێك یان پشدێنێك لە ناوقەدا جلەکانی توووند دەکرد. چاکەتێکی حەریری کورتی ڕەنگ بریسکەدار و مۆدێرن (ڕۆژئاوایی) ئاساش دەدروا و لەبەر دەکرا. سەرپۆشیا ڕەش بوو. جلی نەریتییانەی پیاوان لە مووی بزن دروست دەکرا، نەخشی زۆر تێدا دەکرا. جوولە ئەرمینییەکان، کە بەناوبانگ بوون لە نەخش و چنین، لەو ناوچەیەدا دەژیان.



٢٣ جلی پیاوان لە دەڤەری زاخۆ، کوردستانی عێراق. وێنەکە لەلایەن شلۆمۆ سەلمان لە قودس گیراوە.

٢٤- قاتێکی بەنەخش، زاخۆ، کوردستانی عێراق، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.
٢٥- جلی ئافرەتان لە ناوچەی زاخۆ، کوردستانی عێراق، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.
٢٦- جلی نەریتی لە باکوری کوردستانی عێراق، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.



٢٤



٢٥

٢٦



ساندور: تاكە گوند لە كوردستاندا دانیشتووانەكەی تەنیا جوو بووبن گوندی ساندور بوو. زۆربەیان جووتیار بوون و زەوی و مەڕومالاّتیان هەبووە. هەروەها هەندێكیان جوڵا بوونە. مۆزەخانەی ئیسرائیل جلێكی درستكراوی دار بەڕوو و ئاوریشمی لێیە كە لە سەرەتای سەدەكەدا دروست كراوە، ئەو زۆر جوان نەخشێنراوە. چەفیە و سەرپۆشی ئافرەتانی ئەو ناوچەیە وەك ئەوەی زاخۆ وابوون. قاتی پیاوان لە مووی سووربـاوی سروشتیی بزن دروست دەكرا، بەنەخش دەرازێنرایەوە.
كورتەك و كراسیش دەنەخشێنرا. كەمێك مووی بزن یان ئاوریشم بەپشدێنەوە دەلكێنرا. چاكەتی مندالاّنە زۆر بەباشی دەنەخشێنرا و چەندان رەنگ دەیانرازاندەوە.



٢٧



٢٨

٢٧– پیاو بەشەروالّی دروستكراو لە مووی بزن و چاكەتی دروستكراو لە لۆكە، ساندور، كوردستانی عێراق، ١٩٣٤.
٢٨– جلی مندالّ. چاكەتەكە دوو ریز كەزیی چنراوی هەیە. ساندور، كوردستانی عیراق، ١٩٣٤.
٢٩– ئافرەت بەجلی رۆژانە كە لە لۆكە دروست كراوە، ساندور، كوردستانی عێراق، ١٩٣٤.



## ئاكرێ و دەوروبەری

ئەم ناوچەیە بەجوانیی جلەکانییەوە ناسراو بوو. ئافرەتان جلی ئاوریشمی و لۆکەی نەخشێنراویان لەبەر دەکرد. دوو چەفیە بەکار دەهات بۆ داپۆشینی سەر کە دەنکە مۆری شین و نەخشیان پێوە بوو. ئافرەتی بە تەمەن چەفیەی رەشی دەپۆشی و گەنجەکانیش زەرد و قاوەیی.

لچکەکانیان دەکرا بە کەزی و رەنگ دەکرا. شێوازی دەرەوەی جلەکانی ئەو ناوچەیە زیاتر بە کاروك ناسرا بوون کە نەخشی زیاتریان پێوە بوو. جلەکە زیاتر بۆ جوانی بوو نەك بۆ کار. چاکەتی کورت (سوخمە) لە ئاوریشم دروست دەکرا و جلێکی نەریتی بوو، زۆر سەرنجڕاکێش و تایبەت بوو.

گۆرانییەکی باوی ناوچەی کۆیە دەڵێ: "ئەگەر سوخمەبا لە نێوان مەمکۆڵانت...". قاتی پیاوان کە لە مووی بزن دروست دەکرا بەرەنگی مۆر و شین بۆیە دەکرا و دواتریش بەنەخش جوان دەکرا. کڵاویان سپی بوو لە لۆکە دروست دەکرا و بە نەخشی رەش و سپی دەیانڕازاندەوە، لە ناوەڕاستیش تاسێکیان بۆ دەکرد. جل و کڵاوی منداڵان جۆربەجۆر و رەنگاوڕەنگ بوو.

٣٠- شاڵی ئاوریشمی گەورە بەسەر شانەوە، ئاکرێ، کورستانی عێراق، وێنەی لە ئیسرائیل گیراوە.

٣١- عەبای نەخشێنراو، ئاکرێ، کوردستانی عێراق، لە ئیسرائیل درواوە و وێنەی گیراوە.







## سلێمانی و دەوروبەری

سلێمانی ناوچەیەکی شارستانییە دەکەوێتە نێزیکی بەغدا لەلای باشوور و سەر سنووری ئێران لە لای رۆهەڵاتدا. کاریگەریی دەوروبەری بەسەریەوە بەزەقی دیارە. ئافرەتان چەفیەی نەخشێنراویان لەسەر دەکرد بەبێ گێزوگوڵنگ. جلەکانیان لە ئاوریشم دروست دەکرا و رەنگی سووری تۆخ یان پرتەقاڵیان بەکار دێنا، عادەتەن نەخشیان لەگەڵدا نەبوو. بەشی خوارەوەی جلەکان کەمێك دەنوشتێنرایەوە و بەچەند ریزێك توونددەکرا.

عەبای گرانبەهایان بەکار دێنا کە لەلایەن جووەکانی بەغداوە دروست دەکران. قاتی پیاوان لە مووی بزن دروست دەکرا و نەخشی پێوە نەبوو. برینیان جیاواز بوو لەچاو ئەوانەی باکور. چاکەتیان یەخەی هەبوو، گیرفان و قۆپچەشیان لە دەرەوە هەبوو. هەمووی کاریگەریی ئەوروپایی بەسەرەوە دیار بوو. قەدە جلێکی تریشیان هەبوو کە زیاتر تایبەت بوو بە عێراق کە لەگەڵ کڵاوی بەنەخش و رەنگاورەنگ لەبەر دەکرا.



٣٢



٣٣



٣٤

٣٢- قاتێك لە مووی سروشتیی بزن دروست کراوە، سلێمانی، کوردستانی عێراق، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.

٣٣- جلی ئافرەتان. پشتەوەی کەواکە هەڵکراوە و بەستراوە بەلا تەنیشتەکانی، ناوچەی سلێمانی، کوردستانی عێراق، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.

٣٤- جلی ئافرەتان لە ناوچەی سلێمانی، کوردستانی عێراق، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.



## لە کوردستانی تورکیا و سوریا

جلی ئافرەتان کەوایەکی ئاوریشمی رەنگ پرتەقاڵی لەگەڵدا بوو بەبێ نەخش. راست دەبڕا و درێژ بوو. لە ناوقەدا تەسك بوو، ئافرەتی ئەو ناوچانە بەم شێوە جلە دەناسرانەوە. دوو چەفیە لەسەر دەکرا، یەکیان پرتەقاڵی و ئەوی تریان سپی. دووەمیان یەکەمی دەپێچایەوە و تا سەر نێوچەوان دەهاتە خوارێ. پیاو جلێکیان لەبەر دەکرد پێی دەگوترا زبون، یانیش قاتی سەردەمانەیان لەبەر دەکرد.

٣٥– ئافرەتێکی مەسیحییە لە ماردین، ئەو جلەی لەبەریەتی لە ناوچەی جووانیشدا باو بووە. کوردستانی تورکیا، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە، ١٩٧٦.

٣٥

## له كوردستانی ئێراندا

چەندان جۆر جلی ئافرەتان هەبوو. کەواکە پڕ بەناوقەد بوو، بەشی خوارەوە فش بوو، هێلەگیان لەلای پێشەوە بەقۆپچە دەکرایەوە، قۆڵەکانی درێژ و باریك بوون. لە ئاوریشم یان لۆکە دروست دەکرا، بەزۆریش ڕەنگی مۆریان بەکار دێنا. دەرپێیان زۆر بەرین بوو، لە لای خوارەوە کەوا دەبینرا. چاکەتێکی خەتخەتی حەریری ڕەنگاوڕەنگیش لەبەر دەکرا.

لە باشووری کوردستانی ئێراندا، پیرەژنە جووەکان هەر بە جلی نەریتییانەی خۆیانەوە دەبینران (١٩٧٧)، ڕەنگی جلیان تۆخ و بێ نەخش بوو. لەگەڵ شاڵێکی چوارگۆشەیی ڕەش بەسەر شانیانەوە. دوو چەفیەیان لەسەر دەکرد، یەکێکیان لە پشتەوە دەبەسترا و ئەوی تریشیان لەلای نێوچەوانەوە. لە باکوری کوردستانی ئێراندا، عادەت وا بوو جۆرە تاسێکی بەنەخشی زێڕینیان دەپۆشی، لەسەر ئەویشەوە چەفیەکیان لەسەر شاندا دەهێنا خوارەوە و لەبن چەناگەدا دەیانبەستا. پیاوەکان پانتۆڵی بەرینیان لە ماڵ لەبەر دەکرد. لە دەرەوەش قاتێکی سەردەمییانە پەسەند بوو.

٣٦- بووکێکی جوولەکە، لە سەرەتای سەدەی بیستدا بەجلی ناوچەکەوە. خشڵ و زێڕیشی پێوەیە، کوردستانی ئێران، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٣٧- جلی ژێرەوە، لۆکەی سپی، بووك لە شەوی بووکێنیدا بەپێی نەریت لەبەری دەکرد. دوای مردنیشی وەك دەکرا بەکفن بۆی. کوردستانی عێراق.

٣٧





٣٦



٣٨

جلی کوردی جوولەکە گۆڕانی بەسەردا هات دوای کۆچی جووان بۆ ئیسرائیل. هەندێ پیاو و ئافرەت ئێستەشی لەگەڵدا بێت دڵسۆزن و پابەندن بەجلی نەریتییانەی خۆیانەوە، بەڵام نەوەی نوێ منداڵەکانیان زیاتر وابەستەن بە جلی مۆدێرنەوە. تەنیا لە بۆنەکاندا بەجلی نەریتییانە بەدیار دەکەون، وەك بۆنەی پیوریم کە کەرنەڤاڵی جل لەبەرکردنە. جلی نوێ بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێت بەڵام لەسەر دیزاینی کۆن، بەڵام هەمان جوانی بنەڕەتیی خۆیان نییە. زیندووکردنەوەی سەحەرانە و ڕێکخستنی گرووپی سەمای ئیتنییانە هەلی رەخساندووە بۆ زیندووکردنەوە و پاراستنی نەریتی جلوبەرگی جووان.

٣٨– جانتای چنینی جاکوارد، هەولێر، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٣٩– جۆرکی تووتن، مووی بزن، زاخۆ، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٤٠– بوخچەی گەورە بۆ هەڵگرتنی شتومەك. نیسیبین، کوردستانی تورکیا.



٤٠



٣٩



# چنین

کار و کەرستەکان

چنینی پیاوان

چنینی ئافرەتان

بەرهەمی تری سووف و لۆکە



١

چنین یەکێکە لەو پیشە سەرەکییانەی کەوا جووەکانی کوردستان، بەتایبەتی کوردستانی عێراق، لێی زۆر باش بوون. بێ لەمەش، لە کاری تریشدا سەرکەوتوو و دەست رەنگین بوون وەك: رستن و تەونکردن و خومچیاتی (رەنگکردن). چنین وەك پیشەی تایبەت بە جووان لە ئەفسانەکان، لێتۆژینەوەکان لە بارەی کولتووری کوردی جوولەکە و لە گێڕانەوەنامەکانی گەشتەوەرانی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بییستدا باس کراوە.

کەشوهەوا و تۆپۆگرافیا (روخساری زەوی)ی کوردستان و پەڕاوێزیی گوندەکان بووبووە هۆی دروستبوونی ئابوورییەکی داخراو. هەروەك ئێمە بینیمان، سەرچاوەیەکی گرینگی مانەوە و گوزەران بەخێوکردنی مەڕومالات بوو، کە زۆربەی پێداویستییەکانی خەڵکی پێ دابین دەکرا. گرێبەستی هاوبەش پەیدا بوو لە نێوان خاوەن مالاتە نیوچە رەوەندەکان و خەڵکانی نیشتەجێی ئەو گوندانەی کە مەڕومالاتیان لە لەوەڕگەکانی بەهاراندا بەخێو دەکرد. رەوەندەکان برنج و گەنم و میوەیان لە جووتیاران دەست دەکەوت و لە بەرابەریشدا بەرهەمی شیر و گۆشت و بەز و بەتایبەتی خوری و مووی بزنیان دەدا. ئەمانە کەرستەی خاوی سەرەکیی بوون لە رستن و چنیندا بەکار دەهات بۆ دروستکردنی جلوبەرگ، فەرش و بەتانی و دۆشەك و جاجم.

پیاو و ئافرەت هەردووکیان وەك جۆلا کاریان دەکرد، بەڵام جیاوازییەك لە کارەکەیاندا هەبوو لە رووی جۆری تەونکردن و تەکنیك و مەبەست و نەریتیان. لەوەتەی کۆچیان بۆ ئیسرائیل، جووە کوردەکان وازیان لە چنین هێنا، بەم چەشنە کۆتایی بە نەریتێکی سەدان ساڵە هات. تەنیا لە کوردستانی ئێراندا، کە تێیدا هەندێ خێزانی جوولەکە هەر دەژین، چنین لەلایەن ئافرەتانەوە هەر ماوە. هەوڵەکان بۆ زیندووکردنەوەی چنینی پیاوان سەرکەوتوو نەبوون، هەرچەندە بەدەسپێشخەری مۆزەخانەی ئیسرائیل چنین لە نەس هەریمدا زیندوو کرایەوە کە شوێنێکە لە نێزیك قودس.

١– بزنی ئەنگۆرا، باشووری دەریاچەی ورمێ، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٢– پەناگەی زستانەی مەڕ، کوردستانی عێراق، ١٩٣٤.

٣– سووفی خاو بۆ فرۆشتن لە بازاڕی سنە، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

## کار و کەرستەکان

ئامادەکردنی کەرستەی خاو بۆ چنین، بەتایبەتی بۆ رستن بەهۆی بەن (دەزوو)ەوە، لەلایەن ئافرەتانەوە دەکرا وەك بەشێك لە کاری رۆژانەی ماڵەوە. بەنی ئامادە بەدەگمەن لە بازاڕی شارۆکە گەورەکاندا دەکڕا.

سووفی مەڕ (سامرە) باوترین کەرستەی خاو بوو. تایبەت بەکار دەهێنرا بۆ چنینی فەرش و جلی جۆربەجۆر، کەمتر بەکار دەهات بۆ جلی پیاوان و لباد و جۆرەکانی تری چنین و کڵافەکردن. کەرستەی خاو هێشتا هەر لەسەر سمی وڵاخەوە بوو، دەکڕا، یانیش لە بازاڕ دەکڕا، بەتایبەتی لە کاتی برینەوەی خوری لە بەهاراندا، هەروەها هەندێ جاریش لە پایزاندا. پێش هەموو شتێ، چەندان جار لە رووبار یان جۆگەلەدا دەشووارایەوە تا سپی دەبوو، پاشانە سووفەکە بەدەست جیادەکراوە و دەکرا بە: لافە دەزوو. بەئامێرێکی سووف لەسەر سەراقە شانە دەکرا، دواجاریش بەنەکان تاك تاك لە یەکتر جودا دەکرانەوە. سووفی بەرهەمهاتوو دەکرا بەسێ جۆر: پارچەی درێژ کە لە سکی مەڕ دەکرایەوە و تایبەت بۆ چنین دادەنرا. فەرش لە پارچەی مامناوەند دەچنرا و لبادیش لە تاڵی زەردباو و کورت دروست دەکرا.

مووی بزنی ئەنگۆرا (مەرەز) درێژ و رێك بوو کە ئاوریشمییانە بوو و دەکرا بە ریس. بەسووفی دروستکراو لە خوری مەڕ دەچوو و دواتر بۆ قاتی نایابی پیاوان بەکار دەهێنرا، کە زۆربەی جار بەڕەنگی سروشتی خۆیانەوە دەدروا وەك: رەش، سپی، قاوەیی و سووربا‌و.

لە سەرەتای هاویندا، ریسی ئاوریشم (قاجوك) لە قۆزاخەی کرم لەلایەن ئافرەتانەوە لە داری بەڕوو دەکرایەوە. ئامادەکردنەکەی کارێکی زۆرتری دەویست، کاری تایبەتی دەویست بۆ هەر جۆرە جلێك، دەبوایە بەسەدان قۆزاخە لێکرابایەوە. هەر قۆزاخەیەك جیا دەکرایەوە و لە ساردی و بەئاوی گەرم خۆش دەکرا. پاشان هەموو بەیەکەوە دەشۆرانەوە و پاشان هەر قۆزاخەیەك لەبەر هەتاو رادەخرا و وشك دەکرایەوە. بەنی بێ بریسکە جودا دەکرانەوە بۆ دروینی جلی ئافرەتان و منداڵان بەکار دەهێنران.

ریسی لۆکە لە دەرەوە دەهێنرا و بەئامادەکراوی لە بازاڕ دەفرۆشرایەوە. لەو ریسانە فەرشی دیواری بەنەخش دروست دەکران لە باشووری کوردستانی عێراقدا. بەم دواییانە، هەموو قەبارەیەکی جل لە لۆکەدا دەچنران. لەبەر پتەوییان،


٢


٣

دەزووی لۆکە زیاتر بۆ چوارچێوەی فەرش، لباد و شتەکانی تر بەکار دەهێنرا. هەروەها بۆ دۆخینی کەمەریش بەکار دەهێنران.

دەزووی ئاسنین (سرمە) بەئامادەکراوی دەکڕا بۆ بەکارهێنان. پێکهاتبوو لە لۆکە و لەناو دەزووی ئاسنین وەردەدرا و زۆر دەگمەن بوو. تایبەت بەکار دەهێنرا بۆ جوانکردنی سەرپۆش و فەرشەکان. بەڵام هەندێ لە جۆڵاکان

بەکاریان نەدەهێنا چونکە ئەگەری دڕاندنی قوماشی چنراوی هەبوو.
سووف و مووی بزن و ئاوریشم کاری رستنیان پێ دەکرا بەهۆی تەشییەوە. دارێکی خڕی باریك بوو و لەسەرەوە قولابێك و کەشیلەیەکی پانی هەبوو. تەشی ڕێس، عادەتەن ئافرەت بوو، تۆپەڵێك دەزووی بەدەستێکەوە دەگرت، بەپێی ئەستووریی داواکراو حسێبی بڕی بەرهەمی دەکرد. بەدەستەکەی تری تەشییەکەی لە ڕانی دەخشاند و بای دەدا و دەزووەکانی بەهۆی دەست و قولابی سەر کەشیلەکە لە دارە باریکەکە دەئالاند. ئەمە چەندان سەعات و رۆژی دەخایاند. تەشی ڕێس لە ماڵ، بەدەم ڕێوە و، عادەتەن بەکۆمەڵ پێکەوە کاری خۆیان دەکرد. هەندێ ئافرەت، بەتایبەتی بێوەژنەکان، بژێویی رۆژانەیان لەسەر تەشی ڕستن بوو.
سووف بۆ فەرشی دیوار نێزیکەی سانتیمەترێك و نیو ئەستوور دەڕێسرا، درێژییەکەشی سەدان مەتری دەویست. مووی بزن خۆشتر دەڕێسرا، کەمتر لە ملیمەترێك ئەستوور، شارەزاییەکی باشی تەشی ڕێسی دەویست. هەزاران مەتر پێویست بوون بۆ دروستکردنی قاتێك.
رەنگکردنی دەزووەکان پیشەیەکی تایبەتی جووان بوو. بەڵگەش بۆ ئەمە ناوی تسابایە (بوخچی بەزمانی عیبری) کە زۆر لە ناو کوردە جووەکان بەکار دەهێنرا.
لە زۆر حاڵەتدا، رەنگکردن بەشێك بوو لە کاری جۆلا، بەڵام کاتێك ئەزموونی دەوڵەمەندتر و رەنگی تایبەت پەیدا بوون، بوو بە پیشەیەکی تایبەت کە لە ماڵ یان لە بازاڕی بوخچییاندا دەکرا. لە حاڵەتی تردا، سەرچاوەیەکی ئاو دەبوایە نێزیك بێت چونکە چەندان جار شۆردنەوەی دەویست.

٤





٧



٥



٦

٤- ئافرەتان سووف دەشۆنەوە و دەكوتن لە قەراخ جۆگەیەكدا، كوردستانی ئێران، لە لایەن دان پێرییەوە وێنەی گیراوە.
٥- ئامێر بۆ شانەكردنی سووف، لە ئیسرائیل دروست كراوە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٦- تەشی بۆ رستن بەن، نیسیبین، كوردستانی توركیا، مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٧- ئافرەتێكی تەشی ڕێس، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.
٨- دوو ئافرەتی تەشی ڕێس سوالفە دەكەن بەدەم تەشی رستنەوە، كامیاران، كوردستانی ئێران، ١٩٧٧.



٨

مووی بزن پێش رستن دەشۆرایەوە. سووف لە شێوەی دەزوو دەشۆرایەوە، هەروەها ئاوریشم و لۆكەش دوای چنین دەشۆرانەوە. تا شەڕی جیهانی یەكەم، سوودێكی زۆر لە درەختی رەنگكراوە وەردەگیرا، بەتایبەتی لە توێكڵی سەوزە و میوە. قاوەیی ئاچوخ لە پیاز وەردەگیرا، قاوەیی تۆخ لە هەنار، رەش لە گوێز، زەردی ئاچوخ لە سێو. بەڵام، زۆربەی چنینەكان بەهۆی ئامێری مۆدێرنی رەنگكردنەوە رەنگ دەكرا، لە ئەڵمانیاوە دەهێنرا لە مووسڵ و تەورێز دەفرۆشرایەوە.

رەنگكردن چەندان قۆناخی هەبوو. یەكەم جار تۆپەڵە دەزوو لە ناو ئاودا دەكوڵێنرا و رەنگەكەی پێدا دەكرا تا جێی خۆی دەگرت. هەر رەنگە و دەفری قوڕینی گەورەی خۆی هەبوو. كەرستەكە بۆ ماوەی حەفت خولەكان دەكوڵێنرا. كەرستەی كوڵاو دەشۆرایەوە و لە شوێنێك لەبەر هەتاو رادەخرا. ئەوجا دەزووەكە ئامادە دەبوو بۆ چنین. پیاوان هەموو كەرستە ئامادەكراوەكانیان بەكار دێنا، بەڵام ئافرەتان بەشێوەیەكی گشتی سووفیان بەكار دێنا.

## چنینی پیاوان

چنین، وەك كارێكی پیاوانە، لە كوردستانی عێراق و ئێران باو بوو، بەڵام تەنیا لە كوردستانی عێراقدا زیاتر جووەكان پێوەی خەریك بوون. پیشەیەكی نەریتی بوو، لە باوكەوە بۆ كوڕ مابووەوە، گەلێ خێزان بژێوی ژیانیان لەسەر ئەو كارە بوو. لە شارۆكەكاندا، شارەزاییی تایبەت هەبوو لەبارەی جۆری چنین، بەڵام لە گوندەكاندا كە چەند خێزانێكی جۆڵای لێ بوو، هەموو جۆرە كارێكی چنینیان دەكرد. زۆربەی ئەو خێزانانە، چنین تاكە سەرچاوەی داهاتیان بووە. هەندێكیان كاری تریشیان لەگەڵدا دەكرد، وەك كێڵانی زەوی، تەنیا لە زستانانـدا كاری چنینیان دەكرد ئەو دەمانەی كار لە كێڵگەكانەوە دەوەستا. هەندێ جار جۆڵاكان رابییەكانیشی دەگرتەوە كاتێ ئەو هاوكارییە دارایەی لە كۆمەڵگەوە وەریان دەگرت بەشی دابینكردنی پێداویستییەكانی نەدەكردن.

منداڵ لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە دەستیان دەكرد بەفێربوونی ئەو كارە، یەكەمجار وەك شاگر كاریان دەكرد و پاشان وردەوردە دەبوون بە وەستا. هەندێكیان لە خێزانی خۆیانەوە فێری كارەكە دەبوون، ئەوانی تریش لە دەرەوە، وەك لە ئەرمینییەكان، لە كاتێكدا زۆربەیان بەهرەمەند و پسپۆڕ بوون و بەناوبانگ بوون لەو كارە. بەگشتی، جۆڵاكان دڵسۆز بوون بۆ زیندووڕاگرتنی نەریت و ستایلیان، بەڵام هەندێكیشیان حەزی لە داهێنان و شتی نوێ بوو.

جۆڵاكان سەربەخۆیانە لە ماڵ كاریان دەكرد، عادەتیش نەبوو شەراكەتی بكەن. لە گوندەكاندا، هیچ پیاوێكی چینی مامناوەند نەبوو بەرهەمی جۆڵا بفرۆشێت. دەسهەقی ئەم كارە عادەتەن بە هێلكە، شیر، هەنگوین، تووتن، گەنم و مێوژو... تاد بوو. لە باشووری كوردستانی عێراقدا، دەسهەق تەنیا بەپارە بوو. ئەو دەمانەی موشتەری لۆكاڵ كەم دەبوونەوە، جۆڵا بەرهەمەكانی دەخستە سەر پشتی كەرێك و بەگوندە نێزیكەكاندا دەگەڕا و دەیفرۆشتنەوە.

جۆڵا لێهاتووەكان ناوبانگییان زۆر بوو، خەڵكی زۆر شتیان لەوان دەكڕی. موشتەرییەكانیان بریتی بوون لە فەرمانبەری حكوومی و ئەو كەسانەی كە ژیانیان پارێزراو بوو لە ژێر دەستی ئەواندا. باوترین جۆڵا بریتی بوون لە جووە دەست رەنگینەكان و زۆر تایبەت بوون. بەڵام، مەیدانی كارەكە وەرگیرایەوە لە ١٩٦١ لە باشووری كوردستانی عێراقدا، ئەمەش وای كرد فەرشی نایابی دیوار روو لە نەمان بكات،



٩



١٠

دەکرێ وا لێك بدرێتەوە کە هۆکارەکەی کۆچی جووەکانی کوردستان بوو بۆ ئیسرائیل لە سەرەتای پەنجاکانەوە.

پیاوانی جۆلا دارێکی درێژیان بەکار دێنا بۆ چنین. ژوورێکی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرد لە خانووەکەدا و لە بنمیچ و زەوییەکدا جێگیریان دەکرد. دوو تا چوار پەیدانی هەبوو و جۆلاکەش لە ناوەڕاستیان دادەنیشت. کارکردن لەسەر ئەم ئامێرە تەرکیز و ماندووبوونێکی زۆری دەویست چونکە دەزووەکان زۆر بەهێز بوون، بۆیە جۆلا رۆژ تا ئێوارێ بە بەردەوامی پەیدانی لێ دەدا. ئەم ئامێرە کاری ئاڵۆزی پێ دەکرا، دەیتوانی مووی بزن بچنێت و بەرهەمی باشی لێ دروست بکات. بنەڕەت و سەرەتای پەیدابوونی ئەم ئامێرە لە کوردستاندا دیار نییە، بەڵێ وا زەند دەبرێ کە لە ئێرانەوە هاتبێ. ئامێرێکی کۆنیش هەبوو کە پەیدانی نەبوو و لەلایەن گوندەکان و رەوەندەکانەوە بەکار دەهێنرا. ئامێری مۆدێرنتر لەدار دروست دەکرا و یەکسەر لە زەوی قایم دەکرا، بێ ئەوەی بەبنمیچیشەوە ببەسترێت.

ئامێری نەریتی زیاتر لە دار دروست دەکرا. ئەو بەشانەی کە دەزووەکانی پێوە گیر دەکرا لە داری زۆر بەهێز دروست دەکران: وەك بەڕوو، گوێز و توو، کە دەکرا پۆلیش بکرێن. بەشەکانی تری، کە جارجار دەگۆڕدران، لەلایەن جۆلا خۆیەوە لە قامیش و دەزووی لۆکە دروست دەکران.



١١



١٢

٩– ژوورێك بۆ بۆیەکردنی سووف لە دووکانی جوویێك، کامیاران، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

١٠– دووکانی بۆیەچییانی سووف لە بازاڕ، هەمەدان، نێزیك کوردستانی ئێران، ١٩٧٧. ١١– چنین بەئامێرێکی بە پەیدان، سەحنێ، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

١٢– تۆپەڵە سووفی رەنگکراو. رەنگەکانی لەمانەی خوارەوە هاتوون:

توو
پیاز
هەنار
خۆخ
رەنگی سروشتی



١٣



١٤



١٥

١٣– چـوارچـێوەی دروستـكـراو لـە لـۆكـە (بـەنـدا) بـۆ دروستكردنی بەن، لە ئیسرائیل دروست كراوە.

١٤– تەشیی دارین بۆ چنین، مۆزەخانەی ئیسرائیل

١٥– شانــەی داریـن، بـۆ پـێكـەوەلـكـانـی دەزووەكـان و چنینەوەیان.



١٦



١٧

١٦– بەکرە، بۆ خڕکردنەوەی داو، لە ئیسرائیل دروست کراوە.

١٧– چەرخ بۆ هەڵکردنەوەی دەزوو، لە ئیسرائیل دروست کراوە.

١٨– سلندەر بۆ هەڵکردنەوە و درێژکردنەوەی دەزووی ڕەنگاوڕەنگ، لە ئیسرائیل دروست کراوە.

١٩– ڕاکێشانی داوەبەن بەهۆی ئامێرێك پێی دەگوترا (دەستاجیك)، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.



١٨



١٩

## فەرشی دیواری لە سووف دروستکراو
## (بەرماڵ، موغی، جاجم)

پارچە فەرشی چنراو کەلێنێکی گەورەی لەماڵی ماڵباتی کوردستاندا پڕ دەکردەوە. زۆربەیان چوارگۆشەییی سادە بوون، بەڵام پارچەش هەبوو جیاواز بوو لە قەبارە و شێوە و دروستکردندا، واتە نایاب بوون و بۆ مەبەستی جیاجیا بەکار دەهێنران: بەدیوارەوە هەڵدەواسران، رایەخ، بەتانی، سەرچەفی سەرمێز و تاد. ئەمانە لە نێو ئەو چەند شتەدا بوون کە جووەکان رێگەیان پێ درا لەگەڵ خۆیانی ببەن کاتێ وڵاتیان بەجێ هێشت (هەر نەفەرەو بۆی هەبوو پارچەیەك ببات)، بۆیە برێکی زۆر بوونە موڵکی ئێمە. کۆنترینیان کە ئێستە ئێمە هەمانە بۆ ٧٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەوانی تر بەتایبەتی لە ئیسرائیل دروست کران. درێژەکان بۆ چەندان مەبەست بەکار دەهێنران، باوترینیان بۆ بەتانی لەکاتی زستاندا بەکار دەهات، ئەمانە دەبڵ بوون و وەك جانتا دەدروانەوە. بەڵام بەتانییە تەنکەکان بۆ کاتی هاوینان بوو. هەروەها بۆ مەبەستی جوانکاریش بەکار دەهاتن وەك لە داپۆشینی دەسرازەی لانك و بەرگی دۆشەك (مۆزەخانەی ئیسرائیل دەسرازەی لانکێکی هەیە ناوی جۆلاکە و کوڕەکەی تێدایە کە بۆی چنیوە). هەروەها لە باشووری کوردستانی عێراقدا، وەك شاڵ ئافرەتان بەسەر شانیاندا دەدا. موسلمانەکان وەك دووگرد (بەرماڵ) بەکاریان دێنان، هەروەها جووەکانیش بۆ چەندان مەبەست و بۆنەی ئاینی: بۆ جوانکردنی سوکاح لە جەژنی پەناگەدا، وەك سەرچەفی سەر مێز بۆ جەژنی پاسئۆڤەر، بۆ پاراخوت (واتە پەردەی شاردنەوەی دەفری پیرۆزی یاسی لە بۆنە ئاینییەکاندا)، وەك کفن بەکار دەهاتن، هەروەها بۆ راخستن لە ژێر ژن و مێرد لە کاتی شەوی هاوسەرێتییاندا.

لە باکوری کوردستانی عێراقدا، چوار پارچە بەکار دەهات بۆ دروستکردنی ئەو رایەخەی ژێر ژن و مێرد لە شەوی یەکەمدا، لە باشوور، تەنیا یەك پارچە. ئەو پارچانە لەلایەن بووکەوە هەڵدەگیرا و دەدرا بەکوڕە گەورە کاتێ ژنی دەهێنا. هەندێ لەو پارچانە ناوی زاوای لەسەر دەبوو بەزمانی عیبری. ئەگەر ماڵباتێك پارەی نەبووایە ئەو پارچانە بکڕێت، ئەوا لە شوێنی تر بەقەرز وەریان دەگرت.

خەڵك لە تەواوی دەوروبەری ئەو ناوچەیەدا ئەو پارچانەیان دەکڕی، ئەگەر جۆلاکەش ناودار بووایە، ئەوا بازاڕی گەرمتر دەبوو. عادەتەن جۆلاکان رادەسپێرران بۆ چنینی شتێك، بەڵام خۆیشیان کۆمەڵێك فەرشیان دەچنی لەو سووفەی لە وەرزی بڕینەوەی خوری دەیانکڕی چونکە هەرزانتر بوو. دیزاینی بەڕەکان هەڵدەبژێررا لەسەر ئەو نموونانەی لە دووکانەکەدا هەبوون، یان بەناو، چونکە هەر دیزاینە و ناوێکی تایبەتی هەبوو. نرخی هەر پارچەیەك وەستابوو لەسەر کاتی چنینەکەی و ئاڵۆزیی دیزاین و ژمارەی رەنگەکان و تەکنیکی چنینەکەی.


٢٠


٢٠–١


٢١



١-٢٣



٢٢

٢٣- بەڕێکی لە سووف دروستکراو، وەك دووگردی موسڵمانان بەکار دەهێنرا، باشووری کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢٢/٢٢-١- سوکاح لە قودس بەهۆی پارچە بەڕەوە جوان کراوە.

٢٤- ئەم پارچە بەڕە وەك راخەری ژێر ژن و مێرد بەکار هاتووە. ناوی زاوای لەسەرە "حاخام ئیلیاهو"، لە ناوەڕاستدا ناوەکەی بەزمانی عیبری نووسراوە، کوردستانی عێراق.



٢٤



٢٣

نرخی سووف جێگیر بوو. داوی چنین بەگشتی لەلایەن موشتەرییەوە دابین دەکرا، کە بەحسێب دەیهێنا تا لەوە دڵنیا بێت کە بەشی ئەو شتە بکات کە دەیەوێت. هەندێ جار وەك یارمەتییەك هەر موشتەری دەیرێست، تاوەکو بزانێت چەند کەرستەی دەوێ: هەروەها کێشی بەرهەمە تەواوبووەکەی دەزانی. چنینی پارچەیەکی ئاڵۆز نێزیکەی ١٠ رۆژی پێ دەچوو، هەموو کەسێکیش ئەو پارەیەی نەبوو بیکڕێت. بەڕی ئاسایی هەرزانتر بوون و هەموو خێزانێك دەیتوانی هەندێك بکڕێت. هەروەك ئێمە بینیمان، چنینی بەڕی باش، بەتایبەتی بەڕی نایاب و ئاڵۆز تەنیا لەلایەن جووەکانەوە دروست دەکرا، بەمەش رەزامەندی و چاودێریی ئاغایان بەدەست دێنا کە بەرزترین دەسەڵاتی موسڵمانان بوو لە ناوچەکەدا. نموونەیەك لەسەر ئەمە هەیە کاتێ جۆلایەکی جوو پێوەندییەکی باشی لەگەڵ ئاغایەکدا دەبێت لەبەرئەوەی ئاغا کارەکەی بەدڵ بووە. ئاغا داوەتی جۆلاکە دەکات بۆ ماڵ، یەکێکی بەدوادا دەنێرێت، داوا لە دەستوپێوەندی دەکات ئاگەداری بکەن و پێیان رادەگەیەنێت کە ئەم جۆلایە لە ژێر چاودێریی ئاغادا دەبێت، بۆیە بەهەمووان دەڵێ نابێ کەس دەستی کاتێ. جۆلاکەش بەش بەحاڵی خۆی، دووگردێکی زۆر

نایاب و جوانی بۆ ئاغا دووریوە، بۆ ئەوەی لە نوێژەکانیدا جۆڵای بەبیر بێتەوە. چنینی ئاڵۆز و گەورە پێویستی بەشارەزایییەکی زۆر هەبوو. چەندان کارگە پەیدا بوون. بەڕەکان لە چەندان پارچە پێکدەهاتن، هەریەکەیان ٥٠سم دەبوو. پارچەی بەرین بەرین بوون و دواتر پێك دەبەسترانەوە. دیزاینەکان لە ڕێسمان دروست دەکران بەهۆی ژمارەیەك مەکۆوە، هەندێ جار حەفت مەکۆ دەبوون، هەریەکەیان دەزووێکی ڕەنگ جیاوازی پێوە دەکرا، زنجیرەکە چەندان خەت بوون، هەر خەتە و ڕەنگێك بوو. هەندێ جار پرۆسەی پایدەرەکەش دەگۆڕا تا شێوەی جیاواز دروست بکات. پاقلاوەیی، خەتخەت، دوو هێڵی، نەخشێنراو. هەموو ئەو پرۆسانە لە یەك کاتدا ئەنجام دەدران، بێ یارمەتیی ژمێریار یان ئامێرێکی ژماردنی خەتەکان. داوی ڕەنگ جیاجیا بەکار دەهێنران بۆ دیاریکردنی شوێنی نەخشەکان. حەفت تا دە دەزووی ڕەنگاوڕەنگی سانتیمەتری هەبوون، هەروەها بارتەقای ئەمانیش مەکۆ هەبوون. دەزووەکان بەلای دەرەوەدا ڕادەکێشران، سێ ڕیزی تر بەرەو زەوی دوور دەخرانەوە تا درێژییەکی دیاریکراو تا ئەوانی تر ئامادە بن بۆ چنین. ئیتر ئەم حسێبە لە مێشکی جۆڵاکە خۆیدا دەکرا، دەزووەکە بەشێوەیەك دەچنرا کە ڕێك بێت لەگەڵ دیزاینەکە. پێش ئەوەی بەنەکان بخرێنە شوێنی خۆیانەوە، بەشەمێ چەور دەکرا بۆ ئەوەی ئاسان بێت بۆ چنین.

بەپێی تێپەڕبوونی کات، لە هەر ناوچەیەکدا سیفەت و خەسڵەتی ڕەنگ و دیزاین گۆڕانی بەسەردا هات. دەکرێ بەسەر سێ ناوچەدا پۆلێنیان بکەین: باکور و ناوەڕاست و باشووری کوردستانی عێراق. هەندێ توخمیش هاوبەش بوو لە نێوان هەرسێ ناوچەدا.

هەموو بەڕەکان لە سووفی خوریی مەڕ دروست دەکران، لە چنینی ڕاست و بە گرێ. ڕەنگ وەك یەك بوون لەم ڕووانەوە: سێبەری سوور، پەمەیی، مۆر و پرتەقاڵیی زەق، هەروەها سەوزیش لە کارە نایابەکاندا بەکار دەهات. ڕەنگەکانی تر بۆ کاریگەریی دیکۆری تر بەکار دەهێنران. دیزاینەکان هەردەم کاری ئەندازە و ستایلیان پێوە دیار بوو، تێکەڵەکانیان زۆر ورد و ڕێك بوو. لە هەر سەرێکدا، سنوورێکی دە خەتی هەبوو، لە ناوەڕاستەکانیش بەهەمان شێوە و لەگەڵ شێوەی گوڵ و دیزاینی تر. هەروەها دیزاینی سادە و خەتخەتیش هەبوو. پارچەی تایبەت پێکدەهات لە تێکەڵکردنی چەندان دیزاین لە یەك بەڕدا. پارچەکان پێکەوە دەدروان وەك بەتانییەکی دوو بەر، هەروەها کۆتاییەکان بەقوڵینگە دەدروان و بەهێز بوون. ڕەنگی شین و سوور و مۆرو ڕەنگاوڕەنگیان پێوە دەکرد، هەروەها هەندێ چاوزاری تریش، بەتایبەتی بۆ دەسرازەی لانك.


٢٥


٢٦


٢٧



٢٨



٢٩

٢٥– بەڕی بەر بەڕەڵا
٢٦– بەڕی چنراو
٢٧– بەڕی نەخشی ئاڵۆز
٢٨– بەڕی چاوە چاوە
٢٩– ئەمەیان دووبەرە، کۆتاییەکانی
بەقولانگە بەستراوەتەوە.

دیزاینی چنراو کە دابەش بووەتە سەر پێنج گرووپ لە هەر گرووپێکدا شێوازی بنەڕەتی بەدیار دەکەوێ.



٣٠–١ هێلکاریی گوڵ



٣٠–٢ هێلکاریی تاوەر و گۆڕ



٣٠–٣ هێلکاریی شانە



٣٠–٤ هێلکاریی وشتر و کەر (باکوور)




٣٠–٥ هێلکاریی یەکجارەکی (ناوەڕاست)



٣١ ناوچەی باکوور، شێوازی چنراو



٣١–١ ناوچەی باکوور، شێوازی چنراو



٣١–٢ ناوچەی ناوەڕاست



٣١–٣ ناوچەی باشوور


חי

زۆربەی پارچەکان لە مۆزەخانەی ئیسرائیلدا هی ناوچەی باکورن، لەوێ پێیان دەگوترا بەرماڵ. دوو خەسڵەتیان هەبوو: ١– ناوەڕاستەکەی لاکێشەیەکی نەخشێنراو بوو و بەئاڵۆزییەکەی ناسراو بوو. لایەکانیش گوڵ و تاوەر و شانە بوون. چەندان شێواز بەکار دەهێنران. ڕەنگەکان پەمەییەکی ئاڵ بوون، چەندان سێبەری جیاوازی زەرد، مۆر و پرتەقاڵی و سپی و هەندێ جاریش سەوز لە سنوورەکاندا. دەزووی ئاسنینیش بەکار دەهێنرا. ٢– پرتەقاڵییەکی زەق هەستی پێ دەکرا کاتێ تەواوی دیزانەکەت چاو لێ دەکرد، بێ ئەوەی ناوەڕاستێکی دیاریکراوی هەبێت.



١–٣٢



٣٣

٣٢–١ بەڕێکی سووفینی چنراو، دهۆك، کوردستانی عێراق. ناوی داودی لەسەرە. ناوی جۆڵایەکە: زەکەریا بن ئەبراهامە.

٣٢– وردەکاری سەرەوە.

٣٣– بەڕی سەر دیوار، دهۆك، کوردستانی عێراق. ناوی ئلاهولیالی لەسەرە لەسەر هەر چوار خەتەکە. لەلایەن زەکەریا بن ئەڤراهامەوە چنراوە.



٣٤

٣٤- بەڕێکی لە سووف دروستکراو، زاخۆ، کوردستانی عێراق، چوار خەتی، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٣٥- بەڕێکی تر، دهۆك، کوردستانی عێراق، سێ خەتی، لەلایەن ئیلیاهو شوملەوە چنراوە.



٣٥

١-٣٥





٣٦-١ سووفی چنراو (بەڕ)، زاخۆ، کوردستانی عێراق.
٣٦- وردەکاری سەرەوە
٣٧- بەڕێکی لە سووف دروستکراو، زاخۆ، کوردستانی عێراق، چوار پارچە.



١-٣٦



٣٧

٣٦



٣٨

٣٨- سووفـــی چـــنـــراو، زاخـــۆ کوردستانی عێراق، سێ پارچە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٣٩- سووفـــی چـــنـــراو، دهـــۆك، کـــوردســتـــانـــی عـــێراق، چـــوار پارچە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٣٩-١ چـــنـــیـــنـــی سوف بـــە کەرەستەی بریستۆل کە چوار جـۆری هـــەیـــە، هـــی کـــاتـــی سەردەمی جیهـانـی یـەکـەمە. کوردستانی عێراق



٣٩



١–٣٩



٤٠

## ناوچەی ناوەڕاست

لێرە بەو پارچانە دەگوترێ جاجم، پارچەکان عادەتەن دوو بەر بوون، پێکەوە وەك جانتا دەدروان. دیزاینەکەی نەخشی چوارگۆشەی شەترەنجی بوو، تەنیا چەند دانەیەکیان نایابن. تەکنیکەکە بریتی بوو لە خەتخەتی لار، ناوەڕاست هیچی تێدا نەبوو: لێوارەکانی بەنەخشی گوڵ دەڕازێنرانەوە، نەخشە نانەریتییەکانیش زیاتر بریتی بوون لە باڵەفڕ و گڵۆپ و... تاد لە ناوەڕاست دروست دەکران. ڕەنگەکانیان زیاتر سووری تاریك و مۆر لەگەڵ پرتەقاڵی و زەرد، فستقی و دەزووی سپی.

٤٠– بەڕێکی لە سووف دروستکراو، باتاس، کوردستانی عێراق، پێنج پارچە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٤١– بەڕێکی لە سووف دروستکراو، ناوچەی ناوەڕاست، شوێنەکەی بەتەواوی نەزانراوە، پێنج پارچە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.





٤٢

## ناوچەی باشوور

گەلێ پارچە بەڕ (جاجم یان ماوجی) لەم ناوچەیەدا موڵکی مۆزەخانەکەیە، بەڵام چەند دانەیەکیان بە باشی ماونەتەوە. پێکهاتەکەی بریتییە لە نەخشی شانەیی کە بڵاو بووەتەوە بەسەر باکگراوندێکی رەنگاورەنگ یان لە ناوەڕاستی پارچەکەدا کۆکراونەتەوە. رەنگەکان بریتین لە مۆر، شین، پەمەیی، سپی و سەوز و هەندێ دەزووی سپی. تەکنیکەکە وەك چنینی جلی سادەیە.



٤٣

ناوچەی ناوەڕاست

٤٢– سووفی چنراو، شەوەڕەش، کوردستانی عێراق، پێنج پارچە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٤٣– بەڕی لە سووف دروستکراوی دوو بەر، زەنگەنە، کوردستانی عێراق، سێ پارچە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٤٤ چنینی سوف، هەڵەبجە کوردستانی عێراق، چوار لایی (١٨٠×١٦٠سم) لەلایەن موشاڤ گیڤولم لە ڕووپێوی ژمارە ١٠٧٣دا تۆمار کراوە.



٤٥



٤٦

ناوچەی باشوور

٤٥– سووفی چنراو، هەڵەبجە، کوردستانی عێراق، چوار پارچە، جۆلا: بینا موشی، کیفار یۆنا، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٤٦– سووفی چنراو، سلێمانی، کوردستانی عێراق، چوار پارچە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٤٧- چنینی مووی بزن (وردەکاری) سەرنجی مەڕمەڕ و کاریگەری و هێڵەکان بدە

## چنینی ئاوریشم

ئاوریشم دەچنرا لەسەر تەونێکی دوو پەیدانی ئاسۆیی، بەتەکنیکی جلی سادە. پرۆسەکە قانوقوونی زۆر بوو و کرێکاری زۆری دەویست. پارچەکان یەك ڕەنگیان هەبوو، وەك سپی، ڕەش یان سوور، یانیش پارچەی لۆکە و پارچەی ئاوریشم لەجیاتی یەکتر دەچنران. چنینی ئاوریشم بەردەوام بوو تا کۆتایی حوکمی تورکەکان، بەڵام دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، باوی نەما بەهۆی پەیدابوونی کارگەی کوالیتی بەرزی دروستکردنی ئاوریشم لە ناوچەکەدا.

## چنینی مووی بزن

مووی بزن (مەرەز)، وەك ئێمە بینیمان، بەکار دەهێنرا بۆ قاتی پیاوان، بەڕادەیەکی کەمتر بۆ پشدێن، توورەکە، جۆرك و جلی دەرەوەی ئافرەتان. چنینی مەرەز تایبەت بەربڵاو بوو وەك پیشەیەك لە ناو جووەکانی کوردستانی عێراق. لە ناوچەی ناوەڕاستدا، چەندان شارۆکەی بچووك هەبوون وەك بارزان، نیروا و ئاکرێ، کە تەنیا مەرەزیان دەچنی. قوماش بۆ قات بە تەکنیکی سادە قوماش دروست دەکرا لەسەر دوو دەزووی شاوڵی بەدوو پەیدانەوە. قاتێك نێزیکەی یەك کیلۆ دەزووی دەویست و عادەتەن ٣٠ مەتریش لەسەر یەك ڕێسمان دەچنرا کە بەشی دوو قاتی دەکرد. کوالیتی و چاکیی قوماشەکە دەوەستایە سەر ژمارەی دەزووەکان (بەدرێژیی ٨٠٠ بۆ ٣٠ سم ی پانایی تەونەکە)، هەروەها سەرەکەی بەزەحمەت دەزووەکانی هەڵدەکردەوە. دوای چنین، کەرستەکە بەپرۆسەی تەواوبوون و ئوتووکردندا تێدەپەڕی: لە نێوان دوو تەختە داراندا دەپێچرا، بە بەردی گەورەوە قایم دەکرا و بۆ ماوەی ٢٤ سەعات لە ناو ئاوی گەرمدا بەجێ دەهێڵرا. قەدی ئەو پرۆسەیە دوای تەواوبوون و کردنەوەی قوماشەکە بەدیار دەکەوت، وەك بڵێی لە ئوتوو درابێت. دواتر مادەیەکی تریان بەکار دێنا کە قوماشەکەی دەبریسکاندەوە. هەموو ئەو کارانە بەشێك بوون لە کاری جۆلا. قوماشی قات ئێستە ئامادەیە بۆ دروین، عادەتەن ژنی جۆلاکە قاتەکەی دروست دەکرد: دەیبڕی، دەیدروی و دەیڕازاندەوە. قاتی گرانبەها لە بۆنە تایبەتییەکان لەبەر دەکرا، ئەو قاتە بوو کە ساف لە مەرەز دروست دەکرا. دروستکردنیشی چوار ڕۆژی پێ دەچوو و ٥٠ دیناری تێ دەچوو، ئەو بڕە پارەیەش واتە داهاتی چەندان مانگ. قاتی ڕۆژانە لە مەرەز و سووفی خوریی مەڕ دروست دەکرا، دەزووەکانی ئەستوورتر دەبوون و بەرگەشی زیاتر دەگرت. ئەمە تەنیا ڕۆژێك یان کەمتری دەویَ بۆ چنین، نێزیکەی دینارێك، دینار و نیوێکی تێ دەچوو.

قوماشەکان بە خەتی جیاجیا و ڕەنگی جیاجیا یان یەك ڕەنگ دروست دەکرا، هەموو ئەمانە عادەتەن لە مووی بزن بوو. هەر دیزاینە و ناوێکی هەبوو، گرینگترینیان ئەوە بوو: باقرباقە (باکگراوندەکەی سپی و خەتی ڕەش)، قەرایی (دوو خەت سپی و دوو خەت ڕەش)، سەماوی (شینی ئاسمانی)، سۆری پشپاش (قاوەیی و سوور)، کۆما (ڕەش)، خاوەرە (سپی).

قات بەهۆی نەخشی تەونەوە دانسقەترین و گرانترین بوون. شارەزایانی ئەم جۆرە کارە زۆرجار ئەرمەنی بوون، بەڵام هەندێکیشیان جوولەکە بوون لە زاخۆ.



٤٨

## چنینی ئافرەتان

کاری چنین بۆ ئافرەتان پیشەیەك بوو تەنیا لە کاتی پشوواندا دەیانکرد، واتە دوای تەواوکردنی تەواوی کاروباری رۆژانەی ماڵ، بەڵام بۆ پیاوان پیشەیەکی دایمی بوو. راستییەکەی، چەند ئافرەتێکی جوولەکە کاری چنینیان دەزانی، ئەویش لە دراوسێ موسڵمانەکانیان و رەوەندەکانی ئەو ناوچەیە فێر بووبوون. عادەتەن سێ یان چوار کچی موسڵمان و جوولەکە کاریان پێکەوە دەکرد لەگەڵ ئافرەتێکی بەتەمەن بۆ چەند مانگێك، تا فێری دەبوون خۆیان بەتەنیا کارەکە بکەن. کچانی سنە لە کوردستانی ئێران هەر لە تەمەنی منداڵییەوە فێر دەبوون فەرشی کەلیم بچنن و بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبوون، ئەو کاتە قوتابییەکان تەنیا پارەیەکی کەمیان وەردەگرت. تەکنیکەکانی چنین لەلایەن ئافرەتانەوە وەك یەك بوون لە کوردستانی عێراق و ئێراندا، بەڵام کەلیمی فلاتی چنراو لە عێراق زیاتر بوو و لە ئێرانیش فەرشی گرێ گرێ. ئافرەتی جۆڵای لێهاتوو لە تەکنیکێك زیاتر شارەزاییان هەبوو.

جیاوازیی نێوان چنینی ئافرەتان و پیاوان دەوەستێتە سەر جۆری تەونەکە و تەکنیکەکان و دواتریش بەرهەمیان. بەگشتی ئافرەت فەرشی دروست دەکرد. ئافرەت کاریان دەکرد لەسەر تەونی قەبارە جیاجیا و گوێزراو، واتە بەدەست دەگوێزرایەوە بۆ شوێنێکی تر. ئەم جۆرە تەونە زۆر پراکیتکی بوو بۆ ئەوان چونکە دەگوێزرایەوە و لە هەر شوێنێکی ماڵ دەکرا دابنرێت و کاری لەسەر بکرێت، هەروەها تەکنیکەکانیشی کاتێکی زۆری نەدەویست. لەبەر ئاسان گواستنەوە و ویستنی کاتێکی کەم لە هەر بارودۆخێکدا بێت، رەواجێکی زۆری هەبوو لەلایەن رەوەندەکانەوە. پیاوان تەونی گەورە و بەپەیدانیان بەکار دێنا، کە تەنیا دەبووایە لە شوێنێك جێگیر بکرێت و گوێزراو نەبوو.

## تەونی بچووك

ئەم ئامێرە چوارچێوەیەکی لاکێشەیی دارینی هەبوو لەگەڵ چەند پارچە دارێکی تریشی لەسەر دەدرا: پانییەکەی ٧٠سم بوو، درێژییەکەی نێزیکەی یەك مەتر بوو. جۆڵا لەبەردەمی تەونەکە لەسەر زەوی دادەنیشت، پێیەکانی دەزووەکانی لە تەنیشتییەوە دەپێچایەوە. راستەیەکی تەنکی دارینی بەکار دێنا بۆ جوداکردنەوەی دەزووە پێکنووساوەکان. لەسەر ئەم تەونە، فەرشی فلات دەچنرا کە لە دوو پارچە پێك دەهات.

تەونێکی کۆنتری بێ چوارچێوە لە رێسمانێك پێکهاتبوو بۆ درێژکردنەوەی دەزووەکان و لە نێوان دوو پارچە دار کاری لەسەر دەکرا بەزەوییەوە قایم دەکران.



٤٩



٥٠

٤٩– ئافرەتێکی جوولەکە، کاری چنین لەسەر
تەونێکی شاوڵی دەکات، ساندور، کوردستانی
عێراق، ١٩٣٤.
٤٨– تەونی چوارچێوە بچووك بۆ چنینی فەرشی
کەلیم، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.
٥٠– چەنگاڵی چنین.



٥١



٥٢



٥٣

## تەونی چوارچێوە گەورە

ئەم تەونە نێزیکەی دوو مەتر پان و دوو مەتریش درێژە، لە کۆلکە داران دروست کراوە. دەتوانرێ لێك بکرێتەوە و بگوازرێتەوە. لە ماڵ یان لە حەوشە لە تەك دیوارێکەوە چەسپ دەکرا. جۆلا لەبەر دەمی و لەسەر کورسییەکی دارین دادەنیشت. ئەوەی لەسەری دادەنیشت بزۆك بوو تا جارجار بتوانێت شوێنی خۆی بگۆڕێت و دەستی بگاتە شوێنی مەبەست لەسەر تەونەکە. کەلوپەلەکانی ئەم تەونە برێتی بوون لە چەنگاڵێك، مقەسێك، شانەیەکی ئاسنین و چەقۆیەك. تەکنیکەکە برێتی بوو لە ئاڵۆسکاندن.

٥١– ئـافـرەتـێكـی جـوولـەكـە لـەگـەڵ
کـچـەکـانـی کـار دەکـەن لـەسەر
تـــەونـــێكـــی گـــەورە لـــە ژووری
دانیشتندا، سەحنێ، کوردستانی
ئێران، ١٩٧٧.

٥٢– چـەنـگـاڵـی ئـاسنین بـۆ چنین،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٥٣– شانـــەی ئـــاسنـیـنـــی چـــنین،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٥٤– کوڕی جۆلا، فێری ئالۆسکاندن
دەبێت لـەسەر تـەونێكی بچووك،
کـرمـانشا، کـوردستـانـی ئێران،
١٩٧٧.

٥٥– دەرزی، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٥٥




٥٤

## چنینی فلات

کەلیم (گەڵا لە کوردستانی عێراق و بەریکتا لە ئێران) لەسەر ڕێسمان لە سووفی خوریی مەڕ یان مووی بزن دەچنرا. لۆکە تەنیا بەم دواییانە پەیدا بوو کە داوەکانی بەهێز و ئەستوور بوون.
دەزووە پۆ هەردەم لە سووفی بۆیەکراو ئامادە دەکرا، تەنکتر و چڕتر بوو لەچاو بەن، کە دوای تەواوکردنی فەرشەکە بەچاو نەدەبینرا. ئەو دیزاینانەی کە لە پۆ دروست دەکران لەسەر بنچینەی شێوەی ئەندازەیی بچووك بچووك دادەڕێژران، هەریەکە بەڕەنگێکی جیاواز. پێکهاتەی باوی دیزاینەکان ریزی شاوڵی بەنەخشی ئەندازەیی بووە، هەروەها لە نێوان هەر دوو شێوەی ئەندازەییش ریزێك نەخشی تر دەکرا بەتەکنیکی سوماق. عادەتەن فەرشەکە دوو بەر بوو، بەڵام هەندێ جار نەخشەکە تەنیا لە دیوی سەرەوەیڕا دەبینرا، لە کۆتاییی دەزووەکانیش لە پشتەوەڕا.
ئەم تەکنیکە بەکار دەهێنرا بۆ چنینی مافوور، کورتان، جۆڕك و توورەکەی میوە و دەسرازەی منداڵان. ئەو جۆرانەی گەیشتوونەتە ئیسرائیل نەخش و دیزاین و رەنگی جۆراوجۆریان تێدا بەکار هاتووە. رەنگەکانیان بەم شێوەیە: باکگراوندێکی شین، نەخشەکان بە رەشی تۆخ و سوور و سپی. هەندێ فەرشی نایابتر هەبوون کە دەزووی سپیشی تێدا بەکار دەهێنرا. دیزاین و تێکەڵکردنی رەنگ و نەخشەکان واتای ئەوە دەدات کە جۆلاکان ئەم کارە فێر بوونە لە ئافرەتی سەر هۆز و تیرەی جیاجیا، هەریەکەو بەنەریتی خۆی. فەرشی کەلیم زۆر گرانبەها بوو، تەنیا کەسانی شت بەدەست دەیانتوانی ئەو فەرشانە بکڕن. جارجاریش وەك بەتانی بەکار دەهاتن، بەڵام عادەتەن لەسەر زەوی رادەخران. زۆر بەدەگمەنیش بەکار دەهێنران بۆ رایەخی ژێر ژن و مێرد لە شەوی یەکەمدا. ئافرەتێك گوتی چەند تاڵە مووێکی لە پرچی خۆی کردەوە و خستیە تەك ئەو دەزووانەی کە فەرشێکی پێ چنی بۆ برازایەکی هەتیوی بۆ شەوی هاوسەرێتی وەك هێمای خۆشەویستیی بۆی.



٥٦



٥٧



٥٨

٥٦- فــەرشی کــەلــیــم، سووف، کــوردســتـــانـــی عــێراق، دوو پـــارچـــە، لـــەلایــەن تــۆرێزا ئەبراهامەوە چنراوە، لەلایەن نیر بەرەکەت وێنەی گیراوە.

٥٧- فــەرشی کــەلــیــم، سووف، ساندور، کوردستانی عێراق، دوو پـارچـە، لـەلایـەن گـوێلا بـنـــەعـــومـــەوە چـــنـــراوە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٥٨- فــەرشی کــەلــیــم، سووف، (بــاریــکــتــە)، کــوردســتــانــی عــێراق، لــە یــەك پــارچــەدا چــنــراوە، جــۆلا: روحــامــا تێرمۆت.



٥٩– فــەرشی کــەلــیـم، سووف، کوردستانی عێراق، دوو پارچەی ڕەنــگــاوڕەنگ، مــۆزەخــانــەی ئیسرائیل.

٦٠– فــەرشی کــەلــیـم، سووف، مێرسیدا، کوردستانی عێراق، دوو پارچە، شین، سوور و سپی. جۆلا: روحاما تێرمۆت.

٥٩



٦٠



٦١



٦٢

٦١– کەلیمی سووفی، تەلەبزانە، کوردستانی عێراق، دوو پارچە.

٦٢– بە تەکنیکی کەلیم چنراوە.

٦٣– زین/ کەلیم، سنە، سووف، ناوچەی سەقز، کوردستانی ئێران. جۆلا: فرانجی ئەمرانی، چنراوە بۆ زاواکەی.

٦٤– تەکنیکی کەلیمی سنەیی.



٦٣



٦٤

کەلیمی سنەیی لەسەر تەونی بچووك دەچنران. تەونیان لە سووف یان لۆکە دەبوو و دەزووەکەش سووفێکی خۆشکراو بوو. چنینی ئەمانە دوو دیو بوو و بە تێکەڵکردنی دوو تەکنیك دەناسرایەوە: کەلیمی ئاسایی لەسەر سنوورەکان و کەلیمی چنراو کە بەبێ تلیش بوو لە ناوەڕاست. هێڵە راستەکان دەبوونە خاڵی پێکگەیشتن و دەزووە رەنگکراوەکانیش بەناو یەکتردا دەچنران. نەخشەی گشتی روونتر دیار بوو و بەگشتی سێ دیزاینی هەبوو: شێوەی ئەڵماسی پڕ بەڕووی فەرشەکە، سێ شێوەی ئەڵماسی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، یان گوڵی بچووك پەرت و بڵاو دەکرایەوە لەسەر رووی فەرشەکە. شێوە ئەڵماسییەکە سیمبولی نوێژ بوو (میحراب)ی مزگەوت، چواردەوری بەگوڵ دادەپۆشرا، لەگەڵ ماسی و رووەك لە باکگراوندەکەی کە سیمبولی چەم بوون. نەخشەکان رەنگاوڕەنگ دەکران و باکگراوندەکانیش سپی، سەوز، شین یان سوور بوون. ئەم جۆرە چنینە ناسراوە بە چنینی ناوچەی سنە، پایەتەختی کوردستانی ئێران.

کەلیمی سنەیی لەسەر زەوی را دەخران، یان بۆ داپۆشین یان جوانکردن بەکار دەهێنران. نرخیان گران بوو، گەلێك لە جووەکانی سنە بژێویی رۆژانەیان لەسەر ئەم کارە بوو. زۆربەی فەرشەکان لەسەر داوای موشتەری دروست دەکران، موشتەری بەن و سووفی بۆیەکراوی لەگەڵ خۆی دەهێنا. کارەکە عادەتەن لە دووکانێکدا دەکرا، کە تێیدا شەش ئافرەت پێکەوە کاریان دەکرد بۆ چنینی فەرشێك، بەماوەی سێ مانگ تەواویان دەکرد.

نەخشي تەون (زيلوە): ئەمەيان دەگمەن بوو و لەسەر تەوني بچووك دروست دەكرا. دەزووي رەنگاوڕەنگي زياتري بۆ بەكار دەهات: رەنگي تاريك، سووري تاريك و سپي، بەم شێوەيە ديزاينەكەيان دەكرد. رێگەيەكي تر ئەوە بوو: ديزاينەكەيان دەنەخشاند دواي تەواوكردني بەڕە فلاتەكە. نەخشي باو برێتي بوو لە دەرهێناني پيتي ئێس (S)ی ئينگليزی ، كە ئاماژە بوو بە دێو، رەنگەكانيش برێتی بوون لە زەرد، پەمەيی، رەش و سپيی سروشتی. كاريگەريی توركی لەسەر نەخشی ئەم فەرشانە بەزەقی ديار بوو.



٦٦



٦٥

٦٥– نەخشی تەون، فەرشی لە سووف دروستكراو، دهۆك – كوردستانی عێراق. جۆلا: سارا لێڤی، نيس هەريم، مۆزەخانەی ئيسرائيل.

٦٦– تەكنيكی نەخشی تەون.

چنینی فەرشی کورت: ئەم تەکنیکە پشت دەبەستێت بە تانێکی لۆکە لەگەڵ ڕێسمانێکی سووفی چڕی چنراو. دیزاینەکان برێتی بوون لە خەتخەتی ڕەنگاوڕەنگ. چەند پارچەیەك لێك دەدران و پێکەوە دەبەستران و وەك بەتانی بەکار دەهێنرێن بەتایبەتی لە کوردستانی ئێراندا. چنینێکی هاوچەشنی ئەمە، هەرچەندە قورستر بوو، بەڵام بەکار دەهێرا بۆ دروستکردنی فەرش لە کوردستانی سوریا و ئێراندا.

بۆ دروستکردنی بەڕێك، پارچەکان بە باشی لێك دەدران و دوو دیویش بوون. هەر ٣٠ سانتیمەترێك ڕەنگەکەی دەگۆڕا. ئەو شوێنانەی لەسەر بەڕەکە زووتر تووشی دڕان دەبوون، کاریان زیاتر تێدا دەکرد تا بەئاسانی نەدڕێن. کۆتاییەکانی بە تاڵی ئەستووری دەزوو دەبەسترایەوە تا بەئاسانی هەڵنەوەشێنەوە.



٦٧



٦٨

٦٧- جانتای دووبەر بە تەکنیکی فلات، سووف، کوردستانی ئێران. ڕەنگەکان: مۆر، سەوز، سوور، شین و ڕەش. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٦٨- کۆتایی بەڕی کەلیم بەهۆی دەزووەوە کۆتاییەکانی بەستراوەتەوە.

چنینی گرێ گرێ: ئەم تەکنیکە بۆ دروستکردنی مافوور بەکار دەهات لە کوردستانی عێراق و لە کوردستانی ئێرانیشدا لەسەر تەونی گەورە بۆ کەلی. تانەکە لە سووف، مووی بزن یان لۆکە بوو و لە دەرەوەی ماڵ ئامادە دەکرا. ڕێسمانەکەش لە سووف بوو: دوای هەر سێ ریز چنینی فلات گرێیەك دەدرا، هەر گرێیە و بەجودا دەبەسترایەوە. ڕێگەیەکی تر ئەوە بوو کە هەموو گرێیەکان لە دەوری بەنێکەوە قوڵف دەدرا و دوای تەواوکردنی هەر ریزێك قوڵفەکە دەپسێنرا.

دیزاینەکان لە کوردستانی عێراقدا شێوە ئەندازەی نموونەیی بوون، شێوەی لەبزینەیی زۆر تایبەتییان دروست دەکرد. لە کوردستانی ئێراندا، کە زۆربەی مافوورەکان بەم تەکنیکە دەچنران، نەخشی سروشتیی گوڵ زۆر باو بوو کە بەسەر تەواوی ڕووی مافوورەکەدا پەرت دەبوونەوە یانیش لە ناو چوارچێوەیەك لە ناوەڕاستی مافوورەکەدا کۆدەبوونەوە. نەخشەکان زیاتر ڕەنگدانەوەی شتە نەریتییەکان بوو، بەڵام بەم دواییانەش نەخش هەبوو باسی شتی مۆدێرنی تێدا بوو. بۆ نموونە فڕینی باڵەفڕەیەك بەسەر سەرەوە زۆر سەرنجی خەڵکی گوندەکانی ڕادەکێشا بۆیە زۆر ئەمەیان بەکار دێنا.

لە کوردستانی عێراقدا، ئافرەتی جوولەکە فێری تەون و ئەم تەکنیکە بوو لە ئافرەتی ڕەوەندی کورد. لە کوردستانی ئێراندا، بەهرەکە لە ناو خێزانەکەدا دەبەشرایەوە، واتە یەك لەوی تر فێر دەبوو، کچ لە دایکی فێر دەبوو. زۆربەی ئافرەتە جووەکانی دانیشتووی گوندەکان تا ١٩٧٧یش هەر خەریکی ئەم پیشەیە بوون. ئافرەت ئەو کاتە لەسەر تەونی بچووك کچەکانیان ڕادێنا و فێریان دەکردن، یانیش یارمەتی کچەکانیان دەدا لە کاتی کارکردنیاندا. ئافرەت زیاتر لە زستاناندا کاری چنینی دەکرد، بەتایبەتی لە زۆربەی کاتەکانی ڕۆژدا، لەبەرئەوەی لە هاویناندا هاوشانی مێردەکانیان لە کێڵگەکاندا کاریان دەکرد. مافوورێکی قەبارە مامناوەند نێزیکەی چوار مانگی پێ دەچوو، هەندێ جاریش دوو یان زیاتر ئافرەت کاریان لە یەك مافووردا دەکرد. نەخشەیەکی کێشراو یان کەتەلۆگێکیان لەبەردەستدا نەبوو چونکە زیاتر حەزیان لەوە بوو کۆپی نەخشی مافوورێکی تر بکەن. بۆ ئەم کارەش دەزووەکانیان لە پشتەوەی مافوورەکە دەژمارد بۆ ئەوەی قیاسەکەیان لێ تێك نەچێت.

ئەم جۆرە مافوورانە بۆ گەلێ مەبەست بەکار دەهێنران لە کورستانی ئێراندا، زیاتر لەجیاتی کەلوپەلی ناوماڵ بەکار دەهاتن. لەسەر زەوی ڕادەخران، هەندێ جار چەند قەدیان دەکردەوە و ڕایاندەخست و خەڵك لەسەری دادەنیشتن بۆ قسە و خواردن. لە شەواندا بەپەڕۆیەك دایاندەپۆشی. لەو گوندانەی کەمێك جوولەکەی لێ بووایە، نوێژکەران لە ماڵێك خڕ دەبوونەوە لەسەر ئەو مافوورانە دادەنیشتن. ئێستە (واتە ساڵی ١٩٧٧) زۆربەی جووە ئێرانییەکان چوونەتە شارۆکەکان. ئافرەتان بەردەوامن لە کاری چنین، زۆربەی بەرهەمەکانیشیان بەمەبەستی فرۆشتنەوە دروست دەکرێن. ئێستە کاری چنینیان بۆ ئاسانتر بووە لەچاو هەمان کار لە گوندەکاندا چونکە دەزووەکانیان بەئامادەکراوی لە بازاڕدا دەکڕی کەوا بۆیەکراو و ڕێسراو بوون.



٦٩



٧٠



٧١

٦٩– تەکنیکی گرێ گرێ

٧٠– مافوور، سووف، ساندور، کوردستانی عێراق. لەلایەن راهل سەیدۆفەوە چنراوە.

٧١– مافوور، سووف، لەلایەن ئافرەتێکی جوولەکە لە کرمانشا لە کوردستانی ئێراندا چنراوە.
مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٧٢

٧٢– لباد، زاخۆ، کوردستانی عێراق، سووف، دوو پارچەیە، سپی و پەمەیی و شین.
٧٣– مافووری لبادی، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.



٧٣

## بەرهەمەکانی تری سووف و لۆکە

سووف و لۆکە بۆ دروستکردنی بەرهەمی تریش بەکار دەهاتن، وەك لباد، حەسیر و جاجم. بەگشتی ئەمانە پیشەی ئافرەتان بوون. لباد لە سووفی نەڕێسراو دروست دەکرا و لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەکار دەهات، بەتایبەتی بۆ دۆشەك و هەندێ جاریش بۆ جلی دەرەوە. بەگشتی لەلایەن موسڵمانە کوردەکانەوە دروست دەکرا، هەرچەندە جوولەکە گوندنشینەکان، بەپیاو و ئافرەتیانەوە، دەیانتوانی ئامادەی بکەن. سووفەکە لەسەر بەتانییەك رادەخرا، پاشان سووفی رەنگکراوی بەسەردا دەکرا بەشێوەیەکی بەکەیفی خۆیان. بەتانییەکە لە خڕکەیەکی دارین لوول دەدرا و هەموو ئاوی گەرمی بەسەردا دەکرا. پاشان دەکرایەوە، کاریان تێدا دەکرد و دووبارە لوول دەدرایەوە، پرۆسەکە بەم شێوەیە چەند جارێك دووبارە دەکرایەوە. تێکەڵەی ئاوی گەرم و کوتانەوەی سووفەکە لبادی لێ دروست دەبوو.

کـەزی: ئـافـرەتـان مـلـپـێچ کـەزیـداریـیـان دروست دەکـرد بـۆ خێزانەکانیان: لە لۆکە بۆ ئافرەتان و لە سووفیش بۆ پیاوان، هـەروەهـا دەسرازەی لانك و دۆخینی پیـاوانیـان لـە سووف دروست دەکرد. دوو تـەکنیکی کـەزی هـەبوو:

١– چنین تـەنیا بـە تـان و دەزوو، بۆ ئـەوەی جووتـە دەزوو بـەسـەر تـاکـە دەزووەکـاندا بـچن. بـەرهـەمـی ئـەمـەش نـەخشـەیـەکـی ئـەڵماسی لـێ دەردەچوو.

٢– کەزی داخراو بۆ ژمـارەیەك دەزووی تـاك.



٧٤



٧٦



٧٦–١

٧٤– تـوونـدکـردن بـۆ لانك، سووف، بـەدەنکی تـەزبـیـح، لەلایەن روحـامە یتاکەوە دروست کراوە.

٧٥– مـلـپـێچی ئـافـرەتـان، لـە لۆکـە و ئـاوریشم دروست کراوە، بەگورینگە و دەنکە مووروووە.

٧٦–٧٦–١– کـەزیـکـردنـی پـارچـەیـەکـی سووف، لـە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.



٧٥



٧٨



٧٧

چنین: بەرهەمەکانی چنینی دەستی لەلایەن ئافرەتانەوە دەکرا، بەڵام جارجار پیاویش خۆیان لێ دەدا. عادەتەن سووفیان بەکار دێنا بۆ چنینی دەستی بۆ دروستکردنی شتومەکی ناو ماڵ: گۆریە، پەنجەوانە، کڵاو، جانتا و لیفکە و... تاد.

٧٧– چنینی لیفکەیەك، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.
٧٨– تڵیشەداری دار هەنار وەك دەرزی چنین بەکار دێت. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

گۆریە: بە پێنج دەرزی دروستکراوی دار هەنار یان ئێسقان دروست دەکرا. پیاو زیاتر گۆریەی بەکار دێنا تا ژنان، بۆ هەر رەگەزە و دیزاینی جیاواز هەبوو. لە ناوچە بەفراوییەکاندا، گۆریە تا ئەژنۆ دەهات لەگەڵ قەیتانێك کە لەبەلەك گرێیان دەدا. رەنگی گۆریە دیار بوو، رەش و سپی، لەگەڵ چەند نەخشێکی رەنگاورەنگ دەرازێنرایەوە. بەڵام گۆریەی موسڵمانەکان لە گوند رەنگاورەنگ بوون. گۆریەی منداڵان کورت بوون و هەندێ جاریش وەك نەعلیش بەکار دەهێنرا لە ماڵەوە. زۆر بەجوانی رەنگاورەنگ دەکرا و دەرازێنرایەوە، هەروەها کاریگەریی کەلیمی بەسەرەوە دیار بوو.



٧٩

پووزەوانە لە سەرەوەی پێڵاو لەبەر دەکران.

کڵاو لە سووف یان لۆکە بەهۆی سووژنەوە دەچنران (هەندێ جار ئەمانە لە ماڵەوە دروست دەکران). پیاو و منداڵ کڵاویان لەسەر دەکرد کە زیاتر سپی بوون لەگەڵ چەند نەخشێکی رەنگاورەنگ.

هەندێ جار قەیتانی سپییان بۆ دروست دەکرا تا گۆرییەکە جوانتر بێت و لە بەلەك بپێچرێتەوە، بەتایبەتی لە کوردستانی سوریا و تورکیادا.



٧٩-١



٧٩-٢

٧٩- گۆریەی لە سووف دروستکراو لە

٧٩-١- بەشە جیاجیاکانی کوردستانی عێراق و ئێران.

٧٩-٢ مۆزەخانەی ئیسرائیل، یەك لە گۆرییەکان لە لایەن بەنەفشە حەیم دروست کراوە.



# نەخش و نیگار و رازاندنەوە

گەشەسەندنی نەخش

پێکهاتەکانی نەخش

نەخش لە ناوچە جیاجیاکاندا



١



٢

پیشەی نەخشاندن پێگەیەکی بەرز و تایبەتی لای جووەکانی کوردستان هەبوو. پەندێکی پێشینان لەبارەی ئەو ئافرەتەی لە نەخشاندن نەخش دەهێنێت، دەڵێت "باڵندەیەك بەئاسماندا بفرێت، ئەو دەزانێت چۆنی بنەخشێنێت." یان "ئەو دەتوانێت بینەخشێنێت." جلی نەخشێنراو مایەی شانازیی خاوەنەکەی بوو، هەروەها لە بۆنە و مەراسیمەکان و لەکاتی ساباس لەبەر دەکران. بۆیە، چەندان پارچەی نەخشێنراوی جیاجیا لە ناو ئەو کۆمەڵە شتەدا بوون کەوا جووەکانی کوردستان لەگەڵ خۆیانیان بردەوە ئیسرائیل لە ساڵانی پەنجاکاندا. ئەو پارچانە ئەوەندە بەنرخ بوون، پارێزراو بوون، هەتا هەندێ جار خێزانەکان خۆیان زۆر دەیانپاراستن. لەو پارچانەدا هەبوو چاکەتی نەخشێنراوی پیاو بوو، جلی منداڵان، کڵاو، درێس و چاکەتی ئافرەتان. زۆربەیان لە کوردستانی عێراقەوە بوو، لەگەڵ چەند شتێکی ئاینی وەك سەرچەفە سەرمێزەکانی ساباس، شاڵی نوێژکەران و جانتا، زۆربەی ئەوانەی دواتر لە کوردستانی ئێرانەوە بوون.

تەنیا ئافرەت کاری نەخشاندنی دەکرد لە کوردستاندا، بەتایبەتی لە گوندەکان، هەروەها ڕێژەی ئافرەتانی جوولەکە لە نێویاندا بەرز بوو. ئەو شتانەی مۆزەخانەی ئیسرائیل هەیەتی هەموویان لەلایەن ئافرەتانی جوولەکەوە دروست کراون. بەڵام، هەندێ ئافرەت ژیانی لەسەر نەخشاندن بوو، ئەمانەش زیاتر ژنی جۆلاکان بوون، کە ئەو شتومەکانەیان دەنەخشاند کە لەلایەن مێردەکانیانەوە دەچنران.

لە کوردستانی عێراقدا، نەخش بۆ ڕازاندنەوە زیاتر بەکار دەهات بۆ بۆنەکان بۆ پیاو و ئافرەت و منداڵانیش. خەڵکی بەتەمەن زیاتر حەزی لە جلی بێ نەخش بوو. ڕازاندنەوەکە سروشتیی جلەکەی دووپات دەکردەوە، وا باو بوو زوو تەواو بکرێت بۆ ئەوەی لە کاتی پشووە ئاینییەکان یان بۆنە خێزانییەکان لەبەر بکرێت. دانیشتووی شوێنە جیاجیاکانی کوردستان دەناسرانەوە بەهۆی جۆری جل و نەخشەکانیان. بۆ نموونە، ناوچەی ئاکرێ، بەناوبانگ بوو بەجوانترین نەخش،باسی زاخۆ دەکرا بۆ جلی نەخشێنراوی پیاوان، کە دیزاینەکان زۆرجار بە تەون دەنەخشێنران. گوندی ساندور دەناسراوە بە هێلەگی ئافرەتانەی بەنەخش، پێی دەگوترا هێلەگی ساندوری، لە ناوچەکانی تردا، وەك دهۆك، نەخش بەهیچ شێوەیەك نەدەکرا.

لێتوێژینەوەیەك لەبارەی نەخشاندن و جۆلاکانەوە بوونی نەریتەکان دەردەخات لە رووی تەکنیك، رەنگ، نەخش و پێکهاتەی ناوچەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە چوارچێوەی نەریتیدا، جۆری نەخشەکان دەوەستایە سەر سەلیقەی شەخسی، بەپێی زەوق و توانای نەخشسازەکە بوو. جل و جۆری نەخشی گوندەکان رەنگاورەنگ بوو، لە شارۆکەکاندا یەك رەنگی باو بوو، ئەمەش وا لێك دەدرایەوە کە جوانیی دیزاین و وردیی کارەکە پێشان دەدات، هەروەها زەوقی نەخشسازەکەی دەخستە روو. ئێمە بۆمان روون بووەوە کە لە کوردستانی عێراق نەخشاندن لەسەر شتی تریش دەکرا نەك هەر تەنیا جلوبەرگ، بەڵام هیچیان نەکەوتنە بەر رووپێوەکەی ئێمە. لە کوردستانی ئێراندا، نەخش لەسەر جلی شەوانەی بووك دروست دەکرا. دوای مارەکردن، بووك نەخشی دەکرد لە ژێر چاودێریی نەخشسازێکی بەئەزموون. شتەکانی بووك زۆر شتی دەگرتەوە، لەوانەش: پێخەف، پەردە، سەرچەفی سەرمێزی ساباس، پەردە بۆ داپۆشینی قاپوقاچاخ لەگەڵ دیاری بۆ زاوا: جلوبەرگ، کڵاو، جۆرك یان کیفك بۆ کاتژمێر و کەلوپەلی نووسین و هەروەها جانتاش. ئەم عادەتە لە ساڵانی بیستەکان نەما ئەو دەمەی کارگەی دروستکردنی ئەم شتانە بەهەرزانی پەیدا بوو.

## گەشەسەندنی نەخشاندن

لەکاتێکدا زیادبوونی کاری نەخش لە پێناو جوانکردنی جلوبەرگ و هەر شتێکی تر، نەخش جگە لە جوانییەکەی کاری تریشی هەبوو وەك بەهێزکردنی دروومانی جلەکە و پارچەکانی تری، هەروەها بۆ پاراستنی خاوەنەکەی و پاراستنی ئەو بەنە گرانبەها و ئاوریشمەی بۆی بەکار دەهات. بۆ جلی پیاوان، نەخش بەکار دەهات بۆ پێك بەستانەوەی پارچە ٣٠ سانتیمەترییەکان، دروینی پارچەکان بەیەکتری کە لەسەر تەوندا چنرابوون، دەبوایە پێك ببەسترێنەوە تا ببێتە جل. جانتا و پەڕۆی تر، هەروەك ئێمە بینیمان، لە پاشماوەی قوماشی سەرەکیی جلوبەرگ دروست دەکران. هەتا ئەوانیش دەنەخشێنران. نەخش بەکار دەهات بۆ بەهێزکردنی قاتی پیاوان کاتێ نەخشەکەیان لە چواردەوری گیرفانەکان دەکرد، ئەم ڕێگەیە بەکار دەهات لە دیوی ناوەوەی قەدە جلی ئافرەتان. بەشێکی تری نەخش برێتی بوو لە چاوەزار و شتی تر بۆ پاراستنی ئەو کەسەی جلەکەی لەبەر دەکرد. بۆ جلی منداڵان، چاوەزارەکە بەزەقی دیار بوو، لە پشتەوە یان لەسەر شانەکان دروست دەکرا. بۆ جلی پیاوان شاراوە بوون، بۆ ئافرەتانیش لەسەر سینگ دەدران.



٣

نەخشاندنی چاوەزار لە سەر سەرچەفی سەرمێزی ساباسیش دۆزراوەتەوە. ڕەنگی نەخشەکان بەتەواوی هەڵێنجراوی زەوقی نەخشەساز نەبوو، بگرە ئاکامی بارودۆخێکی تایبەت بوو: نەخشاندنی ئاوریشم درەنگ گەیشتە گوندەکان و ئافرەت دەبوایە ئەوە بەکار بێنن کە لەبەر دەستدا بوو. نەخشی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر کەسێکدا مانای نەخوێندەواری و کرێکاری هەبوو، هەروەها ئافرەت لەسەری بوو بە سەرنجێکی کەمتر شتی نەخشێنراو لەبەر بکات. نەخشی جلی منداڵان زۆر ڕەنگاوڕەنگ بوو، زۆرجار لەو دەزووانە دروست دەکرا کە دەمایەوە لە دروینی جلەکانی تر.



٤

دیزاینی نەخشەکان بەشێوەیەك هەڵدەبژێردرا لەگەڵ چنینەکە بێتەوە. لە کوردستانی عێراقدا، بڕین و دروین پێش نەخش بوو. جلەکە بەهەمان بەن دەدروا کە چنینی پێ کرا بوو، بەشێکیشی بەو بەنەی کە نەخشەکەی پێ دەکرا، بەم شێوەیە شتەکان لەگەڵ یەکتر دەگونجان. نەخشەکە پێش هەموو شتێك دادەنرا، بەڵام نەدەخرایە سەر کاغە یان جلەکە. نەخشەکان بەش بەش تەواو دەکران. تەنیا پارچە هاوتەریبەکان پێکەوە دەنەخشێنران، بۆ ئەوەی نەخشی هەردوو لا وەك یەك بن.



٥

١– نەخش لە ساندۆر، کوردستانی عێراق. ساتولیڤی، قودس لە ئیسرائیل وێنە گیراوە.

٢– ئیسکیفی زیو، بەئەڵقەوە بەستراوە، دەنکە مورووی پێوەیە، قامیشلۆ، کوردستانی سووریا لە ڕووپێوی زیڤا کۆهن ژمارە ٨٨٧دا تۆمار کراوە.

٣– دوو پارچەی جلێك پێکەوە نووساون بەهۆی دەرزی و داوەوە، ساندور، کوردستانی عێراق.

٤– نەخش لەسەر لێوارەکانی جلی پیاوان بۆ پتەوبوونی جلەکە، ئاکرێ، کوردستانی عێراق.

٥– چاوەزارێك بەگوڵ نەخشێنراوە، لەسەر شانی چاکەتێکی پیاوان نەخشێنراوە، ساندور، کوردستانی عێراق.

## پێکهاتەکانی نەخش

نەخش لە کوردستانی عێراقدا چەند خەسڵەتێکی هەبوو. هێڵ باوترین خەسڵەت بوو چونکە پێویستییەك بوو بۆ پێکوەنانی دوو پارچەی چنراوە، بەتایبەتی بۆ چاکەتی پیاوان. ساناترین ڕێگە بۆ شاردنەوەی شوێنی پێکبەستانەوەکە بریتی بوو لە شریتی بەنەخشونیگار. لە قۆناخێکی تردا، جێ پینەکان دیزاینێکی جوانیان بۆ دەکرا، ڕەنگێکی گونجاویان بۆ هەڵدەبژارد، بەم شێوەیە هەموو نێوان دوو پارچەیەك ڕەنگ دەکرا و دەنەخشێنرا تا پێوەی دیار نەبێت کە دوو پارچە پێکەوە نراون. کەواتە پینەکە بەهیچ شێوەیەك دیار نەبوو و ئەرکێکی سەرەکی هەبوو ئەویش جوانکردنی جلەکە بوو. پاشان ئەم ڕێگەیە پێی نایە قۆناخی دیزاینێکی ئاڵۆزتر، ئەویش بەکارهێنانی چەندان تەقەڵ و پاشان ڕازاندنەوەیان. لەلایەکی ترەوە، هێڵ لە دروینی جلی منداڵان بەکار نەدەهێنرا. لەوەیاندا چەندان دیزاینی ڕەنگاوڕەنگ بەکار دەهات، کە بەلۆکەیەکی ئامادەکراوی کارگەکان دەنەخشێنرا نەك بەهۆی هێڵی باریك. لە دروینی جلی ئافرەتاندا، ئەو هێڵانە بوونە مۆدێلێکی جوانکردنی جلەکان. هەروەها کۆتاییەکانیش، کە سەردەمێك بۆ پتەوکردنی جلەکان بەکار دەهێنرا، بەم شێوەیە دەڕازێنرانەوە. کەواتە هێڵەکان کە یەکەم جار پێویست بوون، دواتر بوون بە ناوەندێکی ڕازاندنەوە و جوانکردنی نەخشەکان.

بازنە و نیوچە بازنەش خەسڵەتی سەرەکی بوون. ئەو نەخشانەی کە دەچوونە قالبی خەیاڵییەوە، چەندان قەبارەی جیاواز دروست دەکران، هەندێ جار لە دوو نیوچە پێك دەهاتن لەگەڵ گورینگەیەك یان دەنکە مووروویێك لە ناوەڕاستدا. دیزاینێکی هاوشێوەی ئەمە لە پشدێنە زیوینەکانیشدا بینراوە کاتێ لەسەر سینگ یان شانەکان دەنەخشێنران، چاوەزارێکی ئاسن یان سیرامیکیان پێوە دەکرد.

نەخشێکی تر شێوەی لەبزینەیی بوو، کە بریتی بوو لە تێکەڵەی دوو لاکێشەی گۆشە وەستاو. بەتەکنیکی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرا: نەخشاندن، پینەکردن و چنین. هەروەها بەشێوەی جۆربەجۆریش: وەك رووکەشێکی ڕەنگاوڕەنگ، ڕازاندنەوەی دەرەوە، یان رووکەشی دەرەوە بەدوو ڕەنگ یان شێوەی جیاواز. ئاساییە ئەگەر ئەو شێوازە لە چنینی قاتی پیاوانەوە هاتبێت کە لە مووی بزن دەچنرا. ئەم جلە، کە تایبەتمەندێتی جۆلا ئەرمینییەکان بوو، بەجوانترین و گرانترین جل دادەنرا، لەوانەیە بەتەکنیکی تر بەباشی لاسایی کرا بێتەوە، بەچەشنێك کە سنووری شێوەی نەخشەکانی سنووردار نەکردووە، وەك نەخشاندن.

نەخشی کوردستانی ئێران بەدوو توخمی سەرەکی ناسرا بوو: بازنە و چوارگۆشەی هاوچەق. بازنەکان بەگەڵا و لقوپۆپی درەخت دەڕازێنرانەوە، ئەمەش لە چەندان سەرچاوەی جیاجیای جووانەوە هاتووە و زۆرجار نەخشەکە دەکەوتە ناوەڕاست. چوارگۆشەکانیش بەهێڵی لار جیا دەکرانەوە و سێگۆشەی لێ دروست دەکرا، لەگەڵ گەڵا و لق و گوڵ لە هەر سێگۆشەدا. هەروەها تێکەڵەی بازنە و چوارگۆشەش هەبوو.



٦– گەشەسەندنی نەخشاندن و پێکەوەنووسانی دوو پارچە بەهۆی نەخشەوە، کوردستانی عێراق.



٧



٨



٩



١٠



١٠-١



١١

٧- نەخشێکی رەنگاوڕەنگ، چاکەتی منداڵانە، ساندور، کوردستانی عێراق.

٨- کڵاوێکی پیاوانەی بەنەخشی بازنەیی، ئاکرێ، کوردستانی عێراق. گورینگەیەك لە ناوەڕاست.

٩- نەخشی لەبزینەیی، نەخش بەهۆی تەون، چاکەتی پیاوان، زاخۆ، کوردستانی عێراق.

١٠- نەخشی لەبزینەیی لەسەر کڵاو نەخشێنراوە، ئاکرێ، کوردستانی عێراق.

١٠-١- چوارگۆشەیەك دابەش کراوە بەسەر چوار سێگۆشەدا، بەگوڵ نەخشێنراون، سەقز- کوردستانی ئێران.

١١- نەخشی بازنەی هاوچەق. نووسینی عیبری تێدایە و گەڵا و لق و پۆپ درەخت رازاندیتیەوە. سەقز، کوردستانی ئێران.



١٢ ئەو گرێیانەی بەکارهێنراون.

## ڕەنگ و پینە و دەزوو

هەڵبژاردنی ڕەنگ و تێکەڵکردنیان و بەکارهێنانیان لە نەخشدا دەوەستایە سەر نەریت و عادەت. عادەتەن ڕەنگی باکگراوندی زۆربەی جلەکانی پیاوان مۆر بوو، جارجاریش لە جلی ئافرەتانیشدا بەکار دەهات. مۆر هەم وەك ڕەنگێکی سەرەکی و هەم وەك ئێکسەسواریش. بەگشتی ڕەنگی سەوز بۆ ئەم مۆرە زیاد دەکرا، هەندێ جاریش شین، ڕەش و پەمەیی. سووری تاریك بەکار دەهێنرا وەك باکگراوندی کڵاو و درێسی نەخشێنراوی ئافرەتان، هەروەها سپی بۆ جحێڵان و درێسی بووکان. جارجاریش ڕەش و پرتەقاڵی وەك باکگراوند بەکار دەهات. نەخشەکە بەچەندان ڕەنگی جۆراوجۆر دروست دەکرا. فرە ڕەنگی وەك جوانکاریش بۆ جلی پیاوان بەکار دەهات، لەسەر دەسماڵ و پشدێن و کڵاوی ئافرەتان.

پینەی نەخشاندن کەم بوون و زۆر ئاڵۆزیش نەبوون. پینەی شێوەی جاران (زەڕب) بەکار نەدەهات لەبەر مانا و هێماکەی. باوترینیان پینەی "عێراقی" بوو و چەندان جۆریشی هەبوو بۆ جلی پیاوان، هەروەها بۆ ئافرەتانیش پینەی بازنەیی بەکار دەهات. هەروەها جۆرە پینەکانی تر بۆ جلی منداڵان. دیزاینەکان پێك هاتبوون لە تێکەڵەی پینەی جیاواز. زۆربەی تێکەڵەکان ناوی خۆیان هەبوو، کە ئاشنا بوون بەلای نەخشسازەکە و موشتەرییەکانی.

هەندێ تێکەڵە لە جلی پیاوان بەکار دەهات، ئەوانی تریش لە هیی ئافرەتان و منداڵان. هەڵسەنگاندنی کوالیتی جلەکان بەند بوو بە ئاڵۆزیی دیزاین، وردیی کارەکە، چڕی نەخشەکە و ڕەنگەکان.

نەخش وەك جوانکاریی بەکار دەهات بۆ جلی ڕەنگاوڕەنگ، بەتایبەتی جلی دروستکراو لە لۆکە و مووی بزن، بەڕادەیەکی کەمتریش لە ئاوریشم و حەریر. چەندان بەنی جۆربەجۆر بەکار دەهێنران. داوا زیاتر لەسەر ئاوریشم بوو، بەڵام لۆکەش بەکار دەهێنرا لەگەڵ دەزووی سپی.



١٣

لە کوردستانی ئێراندا، بەنەکە بەئامادە کراوی دەکڕا کە ڕێسراو و بۆیە کرابوو. لە شار و شارۆکەکاندا (تەوریز و تاران) لە بازاڕ دەکڕان، لە گوندەکانیش گەڕۆکەکان دەیانفرۆشت. بەنەکان بەجۆرێك دەڕێسران کەوا بۆ مەبەستی چنین و نەخش ئامادە بوون. ئاوریشمی خاو بۆ پڕکردنەوەی رووی ئەو شتانە بەکار دەهات کە لە ئاوریشم یان لۆکە دروست دەکران، هەروەها بۆ دروستکردنی گورینگەش بەکار دەهێنرا. بەنی ڕێسراوی لولدراو بەکار دەهێنرا بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی زیاتر، بەتایبەتی بۆ ئەو شتانەی کە لە مووی بزن دروست دەکران. بەنی سپی و لۆکەی کارکەگان، کە ئامادە بوو بۆ چنین، دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە دەفرۆشران. مووی ڕێسراوی بزن و بەنی سووف، ئامادە و بۆیەکراو، بەکار دەهێنران بۆ دروستکردنی گورینگ و نەخش و جوانکاری.

١٣– نموونەی نەخش کە لەلایەن ئۆرپا سلاپاکەوە نەخشێنراون.
ریزی سەرەوە، لە چەپەوە بۆ راست: شیکەل پارە، سنان، هۆریکات، نەکوتکات، ئەنیشکێ.
ریزی خوارەوە، لە چەپەوە بۆ راست: پانجیت، ڤاردی، یونا، پشتکارکە.
ئەوەی لای چەپ: لاف.



١٤– گورینگە و مووررووی سیرامیك كراون بە سەرپۆشێكەوە، ئاكرێ، كوردستانی عێراق.
١٥– پینەكاری و نەخشی مەكینە لەسەر چاكەتی ئاوریشمی ئافرەتان، ئاكرێ، كوردستانی عێراق.
١٥–١– قولاف و دوگمەی نەخشێنراو لەسەر هێلەگی ئافرەتان، زاخۆ، كوردستانی عێراق.
١٦– نەخشی تەون تێكەڵ كراوە لەگەڵ چنینی مووی بزن، پانتۆڵی پیاوان، زاخۆ، كوردستانی عێراق.
١٧– نەخشی چاپكراو، قامیشلو، كوردستانی سوریا.
١٨– سیوە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.
١٩– مووررووی رەنگاورەنگ لەسەر لێواری سەرپۆش،ساندور، كوردستانی عێراق.
٢٠– نەخشی پوولەكە لەسەر هێلەگی مۆر و سەوزی ئافرەتان، ساندور. كوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٢١– پتەوكردنی لێوارەكانی ناوەوەی چاكەتێك، زاخۆ، كوردستانی عێراق.

## توخمەكانی تری جوانكاری

وێڕای نەخشاندن، دیكۆری جۆربەجۆری تر بەكار دەهێنران، هەندێكیان پاشكۆی نەخشاندن و هەندێكیش سەربەخۆ بوون. گورینگە (گولیفكە): عادەتەن تۆپەڵە ئاوریشمێك لە دەوری بنچینە بەهۆی دەزووی سپییەوە دەبەستران. ئەمانە بەكار دەهاتن بۆ جیاكردنەوەی رازاندنەوە و نەخشونیگارەكان، بەتایبەتی لە سەرپۆشی ئافرەتان، بەدرێژایی دوو لای جلێك، ئەگەر بچووككردنەوەی پێویستبا، ئەوا تا نیوەی دوو لای جلێك بەكار دەهات، بۆ ئەوەی ئەگەر سەرپۆشەكە لەسەر ببەسترابا هێڵی گورینگەكە هەر دیاربا. ئافرەتان خۆیان لە قەبارە و رەنگی جیاواز گورینگەیان دروست كرد، هەندێ جاریش مووررووی سیرامیكی شینیان پێوە دەكرد. جۆرە نەخشێكی زێڕینی قژ لە زێڕ یان زیو دروست دەكرا بەشێوەی گورینگە.

دوگمەی سیرامیكی شین (كالانە): گەورەكان دوو سانتیمەتر و بچووكەكانیش نیو سانتیمەتر بوون. سێ دوگمە جۆرە نەخشێكیان لەسەر جلی منداڵ یان دەسرازەی لانك دروست دەكرد. بچووكەكان بۆ سەرپۆشی ئافرەتان بەكاردەهات، هەروەها وەزیفەی چاوەزاریشی هەبوو.

قەیتان: دەزووێكی ئاوریشمی بوو، مووی رێسراوی بزن یان سووف، بەشێوەی قولافە یان گرێ دەبەسترا. ئەم جۆرە قەیتانە زیاتر شوێنی پینەی دوو لای دادەپۆشی، هەروەها بەكار دەهات بۆ هێلەگی ژنان یان چاكەتی پیاوان.

دوگمەی نەخشێنراو: پارچە قوماش كۆدەكرایەوە و دەكرا بەتۆپەڵە و دواتر دەنەخشێنرا. ئەمانە بەئەمادەكراوی دەكڕان، عادەتەن پرتەقاڵی، سەوز یان شین بوون. هەر تەنیا بۆ جوانی، لە ریزی نێزیكی یەكتر دەدروان لە پشتەوەی چاكەتی پیاوان یان جلی ئافرەتان.

پینەكاری: چەند پارچە ئاوریشمێكی سەوز، مۆر، شەرابی و زەرد، بەشێوەی لەبزینەیی، دەكرا بەشوێنی گونجاوی جلەكانەوە وەك سێگۆشە سێگۆشە لەسەر درێسی ئافرەتان، كۆتاییەكانی چاكەتی پیاوان، یان كۆتاییەكانی چاكەتی كورتی ئافرەتان.

نەخشی مەكینە: رازاندنەوەی گوڵی سپی كە لەسەر چەند بەشێكی جل، چاكەت، هێلەگ و لەچك دەدرا. لەم حاڵەتانەدا، نەخشی مەكینە شوێنی نەخشی دەستی دەگرتەوە.

نەخشی تەون: دیزاینی لەبزینەیی فرەڕەنگ لە رێسمان دەچنرا لەگەڵ دەزووی زیادەی سووف یان مووی بزن بۆ قاتی پیاوان. كارەكە شارەزاییەكی زۆری دەویست و گرانبەهاش بوو.

پوولەكە: شێوەیان دیسكی بچووكی تەنك بوو، چەند ملیمەترێك دەبوون. كونێكیان لە ناوەڕاست بوو و رەنگی جۆربەجۆریان هەبوو و بەئامادەكراوی لە بازاڕ دەكڕا. نەخشیان پێ دروست دەكرا لەسەر سەرپۆش و شتی تر لە كوردستانی ئێراندا. هەروەها لەسەر هێڵەگی ئافرەتانیش پەیدا بوو لە عێراقدا.

مووررووی رەنگاورەنگ: ئەمانە بەكۆمەڵ هەبوون لە رەنگی رەش، سوور و سپی. بەگشتی بۆ جوانكردنی سنووری سەرپۆشە بەكار دەهێنران، هەروەها بۆ جزدان و سەرپۆشی تر و قۆدی ماكیاژیش.

شێوەی چاپی ئامادە: نەخشونیگاری باڵندە و گوڵ لە رەنگی خۆڵەمێشی لەسەر لۆكەی سپی چاپ دەكران بۆ سەرپۆشی سەرمێز و پارچە پەڕۆی تر لە كوردستانی سوریا و توركیا.



١٤



١٥



١–١٥



١٦



١٧



١٨



١٩



٢٠



٢١

## نەخش لە ناوچە جیاجیاکاندا

توخمە باوەکانی ستایلی نەخش لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر جیاوازە و لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی هاوبەشیشیان هەیە. ئەمەش بەدیار دەکەوێت لە دیزاین، هەڵبژاردنی رەنگ، سازان و جێبەجێکردن. بەڵام جیاوازییەکان زۆرترن لە خاڵە هاوبەشەکان. زەحمەتە هەر هەرێمە و خەسڵەتێکی تایبەتی پێ بدەی، چونکە تەنیا چەند نەخشێکی کەم و بچووك پارێزراون، ئەوەندە نەخش لەبەردەستدا نەبوون تا بەراوردی ناوچەکانیان پێ بکرێت.

بۆ نموونە لە کورستانی عێراقدا، نەخشی جلمان هەیە، لە کوردستانی ئێران، کە تێیدا نەخش لەسەر جل لە ساڵانی بیستەکاندا نەما، تەنیا چەند شتێکی ئاینی و کڵاومان هەیە. کەواتە ئەو هەوڵانەی خوارەوە بۆ جیاکردنەوە زیاتر پشت دەبەستن بە زانیارییە زارەکییەکان و ئەو داتایانەی لە ئیسرائیل کۆکراونەتەوە.

جلەکانی کوردستانی عێراق بەجوانی و سادەیی دەناسرانەوە. هەندێ هەوڵ هەبوون بۆ کۆپیکردنی چەند جلێکی دەوروبەر لە ژێر کاریگەریی ئێران و تورکیادا، وەك نەخش بە دەزووی سپی یان پوولەکە، بەڵام ئەمانیش زۆر باو نەبوون و دوورەپەرێز بوون. نەخشی عێراق زیاتر ئەرکێکی بەخۆوە گرتبوو، نەك بۆ جوانکردن. زیاتر جەخت دەکرایە سەر قاتی پیاوان و جلی منداڵانە وەك چاکەت و کڵاو و درێس. لە کوردستانی عێراقدا، دیزاین و دانانی نەخش لەسەر جل جێگیر بوو لە ناوچە جیاجیاکاندا. لەلایەکی ترەوە، جلی ئافرەتان بەهۆی شتی ترەوە جوانکارییان بۆ دەکرا، زیاتر بەئێکسەسواراتی جلوبەرگەوە.

ئەمانەی خوارەوە خەسڵەتەکانی نەخش بوون لە کوردستانی عێراقدا:

١– نەخشی نادیار، نەخشی درەخت، شێوەی ئەندازەیی، بازنە، نیوچە بازنە و لەبزینەیی.

٢– شوێنی جێگیری دیزاینەکان، هەموو رووکەشی جلیان دانەدەپۆشی.

٣– زۆر رەنگی مۆر بەکار دەهات.

٤– نەخشەکان کاریگەریی زەوقی شەخسیی نەخشەسازەکە و موشتەرییەکان بوو، هەروەها نەریتی ناوچەکە دەوری هەبوو.





٢٢– جزدانی پارەی پیاوان، لەسەر ئاوریشم نەخشێنراوە، ساندور و زاخۆ، کوردستانی عێراق.
لۆکەی چنراو، کوردستانی ئێران، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

## زاخۆ

نەخش زۆر لەم ناوچەیەدا نەدەکرا، ئەوەشی دەکرا هەر بۆ شاردنەوەی جێی پینەکان بوو. درێسی ئافرەتان نەخشیان لە دەور و یاخەی مل لە لای سێگۆشەی پێشەوەیاندا هەبوو. کەواکانیش لە دامێنڕا جوانکارییان بۆ دەکرا بەهۆی نەخشی گوڵداری مەکینەوە، هەروەها جاجار لە جلی ئاوریشمیشدا نەخشیان دەکرد. بەدرێژایی کرانەوەی هێلەك لەپێشەوەیدا، قۆپچەی سەوز، مۆر، پرتەقاڵی و شین پێوە دەکرا، لێوارەکەشی دەنەخشێنرا. چاکەتی بووکان بەدەزووی سپی دەنەخشێنرا. شێوەی نەخشی لەبزینەیی بەچەندان قەبارەی جیاجیا لەسەر قاتی پیاواندا دەنەخشێنرا. نەخشی بەتەقەڵ بەکار دەهێنرا تەنیا بۆ پێکەوەنووسانی دوو لا و پتەوکردنیان. قاتی زاخۆیی بە باشترین قات دادەنران.



٢٣- جۆرکی پارەی پیاوان، بەئاوریشم نەخشێنراوە،ساندۆر، زاخۆ، کوردستای عێراق.
لۆکەی چنراو، کوردستانی عێراق (٢٤×١٣سم)، مۆزەخانەی ئیسرائیل ١١٦٠٧٦ لەلایەن سالحا ئالفیا لە قودس لە ڕووپێوی ژمارە ١٢٠١.١٧١٧.٢٣ دانراوە.



جلی ئافرەتان، چنینی ئاوریشم، زاخۆ، کوردستانی عێراق. مۆزەخانەی ئیسرائیل ٤.٦٧-٣٧٢



## ساندور

پیشەی نەخشاندن لە ساندور باو بوو، لەلایەن زۆربەی زۆری ئافرەتانەوە دەکرا. موشتەرییەکان، کە زۆربەیان نیوچە رەوەند بوو، لە دەوروبەری ئەو ناوچانەوە دەهاتن. نەخشی جلی ئافرەتان چڕتر بوو لە نەخشی ئافرەتانی هەر ناوچەیەکی تر. درێسی ئاوریشمی لە مۆزەخانەی ئیسرائیل شتێکی دانسقەیە و هێمایە بۆ ئەو جلانەی لە سەردەمەوە تا سالانی بیستەکان لەبەر دەکران. نەخشەکە، کە بەئاوریشمی خاو دەکرا، لای مل و پێشەوەی جلی دەڕازاندەوە (چاوەزارێکی شێوە سێگۆشەیی لە ناوەڕاستی ئەمەدا بوو). هەروەها لە قۆڵەکانیش و لە بنفش (تەنوورە)یش سێگۆشە هەبوون. لای دامێنی، لاکێشەیی پڕ لە لق و گەڵای نەخشێنراو هەبوو، هەمان ئەو نەخشە لەسەر جانتا لە ناوچەی ساندور بەدی دەکرا. سازانێکی نێزیك هەبوو لە نێوان رەنگی نەخشەکان و درێسەکەدا: سوور، پرتەقاڵی، پەمەیی، زەرد. سپی و رەش و شین، لەگەڵ رەنگی نەخشەکانی جلە کورتەکان و جلی تردا. کەوێی کراوە نەخشی جلەکەی پێشان دەدا، کە لە لایەن بووکەوە دروست دەکرا بۆ ئاهەنگی هاوسەرێتییەکەی، پاشان لادەدرا و دەشاردرایەوە. تەنیا ئەو کاتە دەبینرایەوە کە بۆ فرۆشتن دەهێنرا دەرەوە. جۆرێك لە هێلەگی جوانی ئافرەتان لە ناو ئەدەبدا باسی کراوە، بەلام نەزانراوە هیچ نموونەیەکی لێ مابێت. لە لایەکی ترەوە، هێلەگێکی مۆرمان دۆزییەوە کەوا بە پوولەکە داپۆشرابوو.

سەرپۆش بەگورینگەی لە قامکە مووروو دەڕازێنرایەوە، کە وەك پشدێنیش لە پشتێ دەبەستران. قاتی پیاوان بەخەتی مۆری سادە دەنەخشێنران، کە بەشێوەی عێراقی دروست دەکرا لەسەر باکگراوندێکی مووی بزنی پەمەیی. نەخشی سەر قۆڵی چاکەتەکان زۆر جوانتر بوو لە هیی سەر شانەکان کە چاوەزاری بچووك بچووکی شاراوەی تێدا بوو. چاکەتی تا ناو قەد دەنەخشێنرا بەشێوەی لەبزینەیی و نیوچە بازنە. هەروەها یاخەی کراسیش دەنەخشێنرا.

جلی منداڵان زیاتر ئێلەگی لەگەڵدا بوو کە بەنەخشی رەنگاوڕەنگ دەڕازێنرایەوە. چەندان نەخشی جیاجیا لە پشت و پێشەوە لەگەڵ چاوەزار دروست دەکران. نەخشەکان ئەمان بوون: لق و گەڵای درەخت، بازنە بەڕەنگی شین و سوور و لەگەڵ مووروو لەسەر باکگراوندێکی رەش.

جلی پیاو و ئافرەت هەر یەکە رەنگی تایبەتی خۆی هەبوو، دیزاینی تایبەتیشیان لە هێڵ و چاوەزار پێك دەهات.

٢٣-١- جلی ئافرەتان: بەدەست نەخشێنراوە، ئێلەگ و کەوێ، ساندور، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل، لەلایەن باروخ ریمۆنەوە وێنەی گیراوە.

٢٣-١



٢-٢٣





٢٣-٢- درێس بە تەنیا، ئاوریشمە، نەخشێنراوە لەسەر ئاوریشمی بە ڕووی ڕێسراو، بۆیە کراوە و بەدەست چنراوە. قۆڵەکانی بەدیوی ناوەوە نەخشێنراون، دەبینرێن کاتێ بەپشتەوەدا هەڵدەکرێن. لەلایەن پارهاە کیرما نەخشێنراوە. لە لایەن باروخ ریمۆنەوە وێنەی گیراوە.

٢٣- دامێنی هەمان درێسە بەڵام نەخشێنراوە.



٢٤– قاتی نەخشێنراوی پیاوان، ڕەنگی سروشتیی مووی بزن، ساندور، کوردستانی عێراق. لەلایەن دینا ئیسرائیل نەخشێنراوە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



١-٢٦



٢٦

١-٢٦، ٢٦- نەخشی سەرشانی چاکەتێک.



٢٧



٢٨

٢٦– چاکەتێکی کورتی ئاوریشمی نەخشێنراوی پیاوان،ساندور، کوردستانی عێراق. لەلایەن دینا ئیسرائیل نەخشێنراوە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢٧– چاکەت و دوو ئێلەگی منداڵان، لەسەر لۆکە نەخشێنراون، ساندور، کوردستانی عێراق. لەلایەن زیلپا مورداخل نەخشێنراوە.



٢٩



١-٢٩

## ئاكرێ و دەوروبەری

گوندەکانی ناوچەی ئاكرێ بەناوبانگ بوون بە جوانكاریی جلەکانیان، بەتایبەتی قاتی پیاوان. وردەکاریی جلیان پێکهاتووە لە نەخش و توخمی جوانكاری، لەگەڵ گورینگە و پینەکردن و شێوەی لەبزینەیی نەخشێنراو و خەتخەت.

تەنیا شتی پەڕاوێزخراوی ئافرەتان دەنەخشێنران، وەك كاروك. ئەمە بەهێڵی گشتی دەنەخشێنران، لە پێشەوە بەنیوچە بازنەیەك كۆتایی دەهات لەگەڵ تاسێك لە ناوەڕاستدا، یان چاوەزارێكی بازنەیی. نەخشەکە بەشێوەی نەخشی عێراقی و یەك باكگراوندە رەنگی بوو. شتەكانی تر بەشێوەی تر دەرازێنرانەوە. سەرپۆشی ئاوریشمی بە گورینگەی رەنگاوڕەنگ و مووورووی سیرامیك دەرازێنرایەوە كە لە نێوچەوانەوە دەهات تا دەگەیشتە سەر ناوك. پشدێنی كەزی كەزی بەپینەی شێوە لەبزینەیی بەڕەنگی بریسكەدارتر دەرازێنرایەوە لەگەڵ نەخشی سپی بەمەكینە لێك دەدرا. دیكۆری قاتی پیاوان زۆر سەرنجراكێش بوو. چری نەخشەكە بەیەك رەنگ بەئاگەدارییەوە دەكرا (مۆر یان شین). خەتی نەخشێنراوی سەر چاكەت زۆر ناسك و سەرنجراكێش بوون.

تا تەمەن ١٠ سالان، منداڵان جلی نەخشێنراویان لەبەر دەكرد، عادەتەن بەشێوەی نەخشی عێراقی. ئەویش پێك دەهات لە جلی رەنگاوڕەنگ و نەخشی شێوە لەبزینەیی و كڵاوی بەگورینگە.

٢٩- لەچكی ئافرەتان، لەسەر ئاوریشم نەخشێنراوە، ئاكرێ، كوردستانی عێراق.
٢٩-١- لەچكی ئافرەتان، لەسەر لۆكە نەخشێنراوە، ئاكرێ، كوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٣٠– چاکەتی ئاوریشمیی ئافرەتان، پینەکاری و نەخشی بەمەکینە، ئاکرێ، کوردستانی عێراق.



٣١



٣٢

٣١– ساقۆی پیاوان لە مووی بزن، لە ئاوریشم نەخشێنراوە،
ئاکرێ، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٣٢– پانتۆڵی پیاوان لە مووی بزن، لە ئاوریشم نەخشێنراوە،
ئاکرێ، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٣٤

٣٤– کڵاوی نەخشێنراوی پیاوان، چنینی لۆکە، ئاکرێ، کوردستانی عێراق، لەلایەن هەنا یۆناوە چنراوە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.


٣٣

٣٣– کوڕێك لە قاتێکی نەخشێنراودا، دەزووی ڕەش لەسەر لۆکەی سپی، ئاکرێ، کوردستانی عێراق. ئەم جلە لە ئیسرائیل لەلایەن هەنا لێڤی دروست کراوە، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٣٣-١- قوماشی ئاوریشمی و سەرپۆش کەوا سەر بەناوچەی جیاجیای کوردستانی عێراقن. ئەو دوو نموونەیەی لای چەپ لەلایەن نەرکیس بن دانیالەوە کراون، قودس، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



١-٣٣

## سلێمانی و کۆیسنجاق

لەو ناوچەیەدا، نەخش لەسەر کڵاو بەدی دەکرا نەك لەسەر جلی پیاو و ئافرەتان. مۆزەخانەی ئیسرائیل سەرپۆش و جلێکی بووکێنی هەیە کەوا بەگوڵی شین نەخشێنراوە، گوڵەکان بەسەر رووی جلە ئاوریشمییەکەدا پەرتوبڵاو بوونەتەوە. ئەمەیان هی کۆیسنجاقە. نەخشەکان هەمووی لەسەر ئاوریشمی خاون. ئەم نەخشانە لەسەر قوماشی ئاسایی نایەنە کردن، هەروەها پێچەوانەی ناوچەی باکورن کە ئێمە بینیمان. لە ستایلدا نێزیکترن لە شێوەی نەخشی کوردستانی ئێران. پێدەچێت، نەریتی نەخشاندن بەردەوام بووە تەنانەت دوای ئەوەی قوماشی بنەڕەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی جیاکاری.

## کوردستانی ئێران

ئێمە، لە نەخشی کوردستانی ئێراندا، چەند سیفەتێکمان لە تەواوی ناوچەکەدا بەدی کرد، وەك نەخش لە شێوەی جووتە باڵندە یان دەسکە گوڵ، بەڵام ئەمانە وەك بڵێی دڵۆپێك بن لە دەریایەکدا لەچاو ئەو نەخش و جوانکارییەی لە سەقزدا هەبوو. نەخشاندن زیاتر بۆ کاری رازاندنەوە، هەرچەندە جارجار شێوەی چاوەزاریشی پێوە دەکرا. پێوەندییەکی نێزیك هەیە لە نێوان دیزاینی نەخشەکانی ناوچەکە و نموونەی کەرەسە کولتوورییەکان وەك چاوەزار، شتی ئاینی و نووسراو و بەتایبەتی فەرشی سەر دیوار.

نەخشی کوردستانی ئێران سێ سیفەتی هەیە:

١- زۆربەی نەخشەکان لە گوڵ و گەڵای درەختەوە هاتوون، زۆر کەمیان لە مرۆڤ یان بوونەوەری ترەوەن.

٢- نەخشەکە، لە گەلێ رەنگدا، تەواوی رووی شتەکە دادەپۆشێت.

٣- ستایلەکەیان هەردەم وایە کەوا نەخش و رەنگ و دیزاینەکە لەگەڵ یەك دێنەوە. تاکە شتی جیاواز ئەوەیە رەنگەکان جارجار شوێنیان دەگۆڕێت.

## ناوچەی سەقز

چەند شتێکی نەخشێنراوی ژێر خاوەنداریەتیی ئێمە، وەك کڵاو، جلی ساباس (جیحەل سولحان) توورەکە، کیفکە، گورینگە، هەموو ئەمانە هی ئەو ناوچەیەن، لەگەڵ سنە و بۆکان، کە لەلایەن نەخشسازی ئافرەتی لۆکاڵەوە بۆ ئەندامانی خێزانیان نەخشێنراون. بەپێی ئەدەبیان، نەخشاندنی کڵاو سەرچاوەیەکی گرینگی داهات بووە. نموونەی شتی تری نەخشێنراو، وەك کڵاوی حەریری کە لەلایەن ئافرەتانەوە لەسەر دەکرا (تاسکەلو)، بەدەزووی زێرین دەدروا، ئەمانە تا بەم دواییانەش نەدۆزرانەوە.

ئەو دیزاینەی بۆ نەخش دادەنرا لەسەر ئاوریشم یان لۆکە دەکێشرا و دواتریش لەسەر ئاوریشمی خاو چێ دەکرا. پوولەکە لە دەوری نەخشەکان دەدرا. ژمارەی شێوەکان سنووردار بوون، ئەمەش دەوەستایە سەر جۆری شتەکان. بەگشتی ناویان هەبوو: خاموستا، ئەکلیلا، قەرمیقە. هەروەها شێوەی تر هەبوون وەك خونچە، تاوەر و بازنە و گوڵی زەنبەق و شتی تر.

جلی خڕاوخڕی ساباس لە چەندان نیوچە بازنە دەنەخشێنرا. بازنەی دەرەوە ریزێك تاوەری هەبوو، پاشان ریزێك نووسینی عیبری بەدواوە دەهات، پاشان یەکێك لە گوڵەکان. ئەم زنجیرەیە دووبارە دەکرایەوە تا کۆتایی. هەندێ شتی ساباسمان دۆزییەوە بۆ داپۆشینی نان کە لە سەرەتای سەدەکەوە دروست کراون، بەرەنگی تایبەتی دەناسرێنەوە. نەخشی بەم دواییانە جیاوازە لەگەڵ نەخشی پێشووتر لە رووی رەنگەوە. هەروەها لە رووی کوالیتیی دەزووەکە و کارکردنەکەی لەگەڵ جیاکردنەوەی شێوەکان. کڵاو بەهەمان شێوەی جل دەنەخشێنرا، بەڵام بەبێ نووسین. هەمان نەخش بەدیار دەکەوێت لەسەر توورەکە. لە ناوەڕاستی گۆشەکاندا شێوەی کەناف هەبوو بۆ جوانکاری. هەموو ئەمانە لە ناوچەکانی تردا زۆر بە یەکتری دەکەن.

پیتی نووسینی عیبری بەشێك بوونە لە جوانکردنی شتە ئاینییەکان. دێڕەکان لە سەرچاوە جوویییەکانەوە وەرگیراون: میشنا (لە بازنەی دەرەوە) و کتێبی رازیل (لە بازنەی بچووکدا). نەخشی ئەمانە لە ناوەڕاستدا بەدیار دەکەوتن. تێکستەکان لەلایەن حاخامەوە دەنووسران و پاشان بەرەنگی سپی دەنەخشێنران. سەبارەت بە چاوەزارە شێوە



٣٢-٢ قامیشلۆ کوردستانی سووریا، ٩٠×٩٠سم

لەبزینەییەکانەوە، لەسەر جلی ساباس دەنەخشێنران بۆ چاکە و پاراستن، ئەمان لەسەر چاوەزارە ئاسنینەکانی هەمان ئەو ناوچەیەدا بینراون. جلەکانی پێشوو بەدەزووی مسین دەنەخشێنران.



٣٥– کڵاوی نەخشێنراوی پیاوان، ئاوریشم و لۆکە، سەقز، کوردستانی ئێران، قودس. لەلایەن زولێخا ئەرجوانی چنراوە. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

بازنەیەکی نەخشێنراو دەقێکی خەیاڵی تێدا دەنووسرا، لەگەڵ گوڵێك لە ناوەڕاستدا. چاوەزارێکی هاوشێوە لە دەقی شیڤیتدا بەدی دەکرێت.

ئەمڕۆ هیچ نەخشسازێکی پیشەیی نابینییەوە لە ئیسرائیل لە نێو ئەو کۆچبەرانەی لە کورستانەوە هاتوون. دروینیی مەکینە شوێنی کاری دەستی گرتووەتەوە، هەروەها بەرهەمەکانی تەنیا بۆ گرووپی شایی فۆلکلۆر بەکار دێن. چەند ئافرەتێکمان بینی کەوا ئێستەش جلی بچووك دەنەخشێنن، بەڵام بەردەوامیی نییە بۆ نەریتەکەیان.



٣٦

٣٦- جلی ساباس، نەخشی ئاوریشمی لەسەر لـۆکـە، سەقـز، کـوردستـانـی ئـێران، مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٣٦-١- نەخشی بەگوڵ، باڵندە، تاوەر، شێوەی چاوەزار لەسەر جلی ساباس، کوردستانی ئێران.
٣٧- گۆشەی بەگورینگەی بچووکی ئاینی، ئاوریشم، کوردستانی ئێران.
٣٨- تـوورەکـە، لـۆکـە، نـەخشی ئـاوریشمـی، کوردستانی ئێران، مۆزەخانەی ئیسرائیل



١-٣٦



٣٨





٣٧



ملوانکەی ڕەنگاوڕەنگ بەردین و زیو. درێژیەکەی ٥٧سم قامیشلۆ، کوردستانی سووریا، بە کامێرای ئەکیڤا گیراوە.

# چاوەزار ″نوشتە″

جۆرەکانی چاوەزار

چاوەزار بۆ ئافرەتان

چاوەزار بۆ منداڵان

چاوەزار بۆ پیاوان

چاوەزار بۆ ماڵ



١



٢

١– شەدای (یاحادۆنال) چاوەزاری ئافرەتان، لە منداڵییەوە لەگەڵیەتی، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی وۆلفسن، قودس.

٢– ملوانکەی ئافرەتان لەگەڵ چاوەزاری شەدای، زیوە، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی وۆلفسن، قودس.

## جۆرەکانی چاوەزار

باوەڕ بە چاکبوونەوەی جادوویی و پاراستن لەلایەن هێزی چاوەزارەکان بەربڵاو بوو لە کوردستاندا. مەینەتی لەگەڵ بوونی بەرگریکردن لە دژی کارەساتە سروشتییەکان، نەخۆشی و زیانی جەستەیی بوونە هۆی بڵاو بەکارهێنانی چاوەزارەکان. ئەو نموونانەی ئێستە لە مۆزەخانەی ئیسرائیلدا هەنە بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستانی عێراقەوەن. زۆربەیان بۆ پاراستنی ئافرەت و منداڵ، هەندێکیان بۆ پیاوان، هەندێکیشیان بۆ پاراستنی ماڵ و سەرنشینەکانی بەکار دەهێنران. وا باو بوو چاوەزار لە بۆنە گرینگەکاندا دروست بکرێت، وەك لە رۆژی لەدایکبوونی کوڕ، یان ئاهەنگی هاوسەریەتی. هەروەها وەك میراتیش بۆ نەوە بەجێ دەهێڵران، هەندێ جاریش دەدرا بەکەسانی تر بۆ مەبەستی چاکبوونەوە.

هێزی چاوەزار لە کەرەستەی دروستکردنیدایە، یان لە نووسینی سەری یان وەسف و شێوەکەی، رەنگ، هەندێ جاریش تەنانەت لە دەنگ و بۆنیدایە. دوو جۆری سەرەکیی چاوەزار هەیە: هەیانە نووسینی لەسەرە و هەشیانە بێ نووسین. ئەوانەی جۆری یەکەم لە کەرەسەی جۆراوجۆر دروست دەکران: پاچمێنت (پێستە)، کاغەز، کانزای جۆراوجۆر یان جل، هەروەها لەلایەن حاخامەوە شتیان لەسەر دەنووسرا. پاچمێنت، کە زۆر بەکار دەهێنرا، لە پێستەی ئاسکدا دروست دەکرا و بە قەمیشێك لەسەری دەنووسرا کە مەرەکەبەکەی لە داری بەڕوو دروست دەکرا. چاوەزاری کانزایی، کە زیاتر لە زیو دروست دەکران، بەڵام لە زێڕ و ئاسن یان مسیش، لە شێوەی نوشتەی بچووك بچووك دروست دەکران کە حاخام دەقێکی لەسەر دەنووسی، هەندێ جار راستەوخۆ لەسەر کانزاکە و هەندێ جاریش بەیارمەتیی ستێنسل شتەکان دەنووسران. هەروەها نووشتەش، کە لە پەڕ دروست دەکرا، حاخام لەسەری دەنووسی و دواتر بەنەخش دادەپۆشرا.

دەقی نووسینەکان لە بایبڵ یان لە کتێبی رازیێل وەردەگیرا، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی نووسینە نهێنییەکان لە سەدەی سێزدە کە سەرچاوەیەکی گشتیی دەقە جادووییەکان بوو. ئەمەیان کەمتر جوانکاری بۆ دەکرا، بۆ نموونە شێوەی دەستێك، ئەستێرەی داود، یان شێوەی یاساییەکان، یان لە شێوەی خەبوسە دروست دەکران.

چاوەزاری بێ نووسین عادەتەن لە کەرەسە و شتی سروشتی دروست دەکران، وەك بەرد لە شێوەیەکی تایبەتی وەك خڕ،



٣



٤

هێلکەیی، سێگۆشە یان بازنەیی وەك "پێڵووی چاو"، لەگەڵ رەنگێکی دیاریکراو وەك شین، سوور یان سەوز. چاوەزارەکانی تر لەو شتانە دروست دەکران کە بەردەست بوون وەك مووروو شین، گوڵونگە، زێڕ، زیو یان مس. هەندێ جار ئەو شتانە لە چوارچێوەی زێڕ یان زیودا دەکران، هەروەها سێ کانزای تری لەگەڵ بەکار دەهات. هەندێك لەمانە بە شتی چنراوەوە دەکران، وەك بەتانیی منداڵان.

جۆرێکی تری چاوەزار هەبوو کە لەگەڵ نەخش یان چنین تێکەڵ دەکرا. بۆ نموونە، لە فەرشی سەر دیوار، جلەکانی ساباس یان جلوبەرگی تر. شوێنی چاوەزار لەسەر جل جێگیر بوو، هەندێ جار نزیك لە بەشی سەرەوەی جەستە بۆ ئەوەی بیپارێزێت.

کانزاگەرە جووەکان چاوەزاریان بۆ خەڵکی غەیرە جووش دروست دەکرد لە کوردستاندا، لەگەڵ نووسین بە زمان و ناوەڕۆکی جیاجیا. هەندێ جار خەڵك چاوەزاری جووانیان بەکار دێنا لەبەرئەوەی کاریگەرییەکەیان سەلمێنراو بوو.

٣- ملوانکەی ئافرەتان بە چاوەزاری شەدای، زیو، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٤- چاوەزاری منداڵان، لە شێوەی دەستە، کوردستانی عێراق، مووروی زیوین، مۆزەخانەی وۆلفسن، قودس.



٥



٦

٥– ملوانکەی بەچاوەزار بۆ پاراستنی منداڵ و ئافرەت. کوردستانی ئێران. سێگۆشە، بازنە، زیو، مووروووی شین، زەنگوڵە. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٦– ملوانکەی چاوەزار، کوردستانی عێراق (؟). پارچەی خڕ شتیان لەسەر نووسراوە و بەنەخشی خەبوسا نەخشێنراون. زیو، بەردی سەوز. مۆزەخانەی ئیسرائیل.




٧-١- چاوەزار لە شێوەی خەنجەر، کوردستانی عێراق. زیوە. دەنووسا بە کڵاو یان شان، بۆ پاراستنی ئەو منداڵانەی کە براکەیان مردبوو. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٧- چاوەزاری منداڵان. دەست و خەنجەرە. کوردستانی عێراق. زیوە. مۆزەخانەی وۆلفسن، قودس.

٨-٩- چاوەزاری شەدای. بۆ منداڵان. کوردستانی عێراق. زیو.

١٠-(ئاسکتە داریسە) بەکڵاو یان سەرپۆش دەنووسا و بەمەبەستی چاکبوونەوەی سەر ئێشە بوو. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

١١- زنجیرە چاوەزارێکی زیو بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشی. کوردستانی عێراق. مۆزەخانەی ئیسرائیل.



١٣



١٢



١٤

١٢– چاوەزار ″خێر و بەرەکەت بۆ ماڵ″، قامیشلو، کوردستانی سوریا. مەرەکەبی رەش لەسەر کاغەز.

١٣– چاوەزارێکە لە قۆڵی ئافرەتان دەبەسترا، کوردستانی عێراق.

١٤– چاوەزارێکی نەخشێنراوە لەسەر جلی ساباس، کوردستانی عێراق. نەخشی ئاوریشمی لەسەر لۆکە.



١٦



١٥

١٥– جانتای لە پێستە دروستکراو، بۆ چاوەزاری پێستە، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی وۆلفسن، قودس.

١٦– چاوەزاری بازنەیی لەسەر بەتانیی منداڵ، کوردستانی عێراق، مووررووی سیرامیك، گورینگەی رەنگاوڕەنگ.



١٨



١٩

١٧– خرخاڵی منداڵان، کوردستانی عێراق. زێڕه، گوڵونگه و مووروی شینی پێوەیە. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

١٨– چاوەزاری مانگ بۆ پاراستنی منداڵ، قامیشلو، کوردستانی سوریا. بە سەرەوە دەنووسا. زێڕه و بەردی شینی پێوە کراوە.

١٩– چاوەزاری ددانی گورگ، کوردستانی عێراق. لە ملی منداڵ دەکرا دوای دەرکەوتنی یەکەم ددانی، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



١٧



٢٠



٢١



٢٢

٢٠– سێگۆشەی نەخشێنراو لە فەتحەی ملی درێسی ئافرەتان،ساندور، کوردستانی عێراق.

٢١– گورینگە و قۆپچەی شین لە درێسی ئافرەتان، زاخۆ، کوردستانی عێراق.

٢٢– چاوەزاری نەخشێنراو لە پشتەوەی ئێلەگی منداڵان، ساندور، کوردستانی عێراق.



٢٤



٢٣

٢٣- سێ چاوەزاری خڕی نەخشێنراو لە سەرەوەی گۆشەیەکی سەرپۆشی ئافرەتان، ئاکرێ، کوردستانی عێراق.

٢٤- چاوەزار لە شێوەی دەست، لەسەر فەرشێکی دیوار نەخشێنراوە، باکوری کوردستانی عێراق.



٢٥

٢٥– دایك و مـــنـــداڵـــێك بـەچـاوەزار پـارێزراون، مـووروو، کوردسـتـانـی عـێراق، لـە ئـیسرائـیـل وێنەی گیراوە، ١٩٥٠.

## چاوەزار بۆ ئافرەتـان

ژمـارەیـەکـی زۆر چـاوەزار بـۆ ئـافـرەتـان دروست دەکرا، ئـەمـەش لـەبـەر لاوازیـیـان و پـێویسـتـیـیـان بـە پـاراستن، بـەتـایـبـەتـی لـەکـاتـی سکپڕ و منداڵبووندا. باوترین جۆریان شەدای یان یاحەدۆنای بوو، کە لەلای خـاوەنـەکـەی دەمـایـەوە لـە منداڵـییـەوە تـا پـیری. لـە پـارچـەیـەکـی زیـوی سێگۆشەیی پێکهاتبوو، لەهەر دوو دیویدا شتی لەسەر دەنووسرا، بەسەر شانەوە دەکرا. چاوەزاری باوی تر مووررووی شین و گوڵونگە بوو، بە جلی نەخشێنراوەوە دەکرا، لە شێوەی سێگۆشە و بازنەییدا.



٢٦



٢٧

٢٦– چاوەزاری شەدای لەلایەن ئافرەتێکەوە لە مل کراوە، کوردستانی عێراق، ١٩٥٠، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.

٢٧– چاوەزاری زیو بۆ نەهێشتنی سەر ئێشە، بە کڵاو نووساوە، زاخۆ، کوردستانی عێراق، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.



٢٨

## چاوەزار بۆ منداڵان

ئەمانە عادەتەن نووسینیان پێوە نەبوو، بەپشتەوەی جل یان بەشانەوە دەکران، یان بەهۆی شەمێوە بەقژ یان نێوچەوانەوە دەنووسێنران. چاوەزاری نەخشێنراو دەکرایە ناو دیزاینی نەخش بەگشتی.

بۆ پاراستنی منداڵان، چاوەزاری جۆراوجۆر بە لانك و دەسرازەی لانکەوە دەکرا. لەوانەیە ئەمانە نووسینیان هەبووایە. جۆری سەرەکیی چاوەزاری منداڵان زەنگوڵە بوو لەگەڵ شەدا یان خرخاڵ، بەرد لەگەڵ سێ پارچەی خشڵی تر دادەنران، ددانی گورگ. نەخشاندنی چەندان جۆری مووروو، بەرد و قەپێلکی لوولپێچ و شێوەی مانگ.

لە کاتی لایلایەدا ئەم وشانە دەگوتران: "ئێوە بەخێربێن بۆ بەبە کاتێ کە بەواگا دێت. مانگ و خۆر باشەی بۆ بێنن و ئاگایان لێی بێت. با بەبە گەورە بێت و ببێتە پاشا."



٣٠



٢٩

٢٨- چاوەزار بەخشڵ، بە شانی کچێکەوە کراوە، ساندور، کوردستانی عێراق، ١٩٣٤.

٢٩- چاوەزاری خشڵ بەپرچ و نێوچەوانی کچێکەوە نووسێنراوە، خرخاڵیشی لەپێدایە، زاخۆ، کوردستانی عێراق. لەلایەن شۆشانا زەکای وێنەی گیراوە.



٣١

٣١- خەنجەر، ناوچەی بارزان، کوردستانی عێراق.

## چاوەزار بۆ پیاوان

ئەمان کەم بوون و بەگشتی لە ناو جلدا دەشێررانەوە. چاوەزارێکی باش ئەو چاوەزارە بوو کە نووسینی تێدابایە و لە پێستە دروست کرابایە و لە نێو لوولەیەکی درێژدابایە، بەشاراوەیی لەبەر پشت دەنرا. زاوا بەکۆمەڵێك چاوەزار دەپارێزرا کە بەدەسەسرەکەیەوە دەکرا یان لەسەر جلی دەنەخشێنرا، هەروەها بەهۆی خەنجەریشەوە دەپارێزرا کە دەبەر پشتێنی دەنا. لە کوردستانی تورکیا و سوریادا، پیاو تەزبیحی هەڵدەگرت.

## چاوەزار بۆ ماڵ

زۆربەی ئەم جۆرە چاوەزارانە نووسینیان هەبوو لەسەر کاغەز (نووشتە)، هەندێ جار بە شتی تر جوان دەکران. لە کوردستانی ئێران و سوریادا، نوشتەی سێگۆشەیی یان چاوەزاری مووروو باو بوون، یان خشڵی درێژ لەگەڵ رستەی میوەی وشککراو. لە ماڵی جووتیاراندا، ئەمانە تێکەڵەی کۆمەڵێك گوڵە گەنم دەکران.

ئەم نووشتانە بەدیواری ژووریی ماڵەوە دەکران. وێنەی حاخامەکان، لە گۆشەیەکی بەرزی ماڵەوە هەڵدەواسران. ئەمانەش وەك جۆرێك جادوو بەکار دەهێنران تا خێروبەرەکەت روو لە ماڵەکە بکات. لە دەرەوەش، مووروویێکی شین لەسەر دەرگا دەدرا، بۆ ئەوەی بەدوور بن لە چاوی پیس. هەندێ جار خەڵك شێوەی چاوەزارێکیان دروست دەکرد لە بەشی سەرەوەی دەرگەی پێش ماڵیاندا. هەروەها باو بوو کە قۆچی ئاسکە کێوی لەسەر دەرگەی چوونە ژوورەوە بدرێت.

لە ئیسرائیل، بەکارهێنانی چاوەزار و نووشتە هێشتا لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بەربڵاوە، بەتایبەتی چاوەزاری زیوینی ئافرەتان، هەروەها چەندان خشڵی جۆراوجۆر بۆ مندالان، نووشتەش بۆ ماڵ.



٣٢

٣٢- سێ چاوەزاری سێگۆشەیی رەنگکراو لەسەر دەرگەی چوونە ژوورەوە دراوە، ساندور، کوردستانی عێراق، ١٩٣٤.



٣٣



٣٤

٣٣– قۆچی ئاسك لە ناوەڕاستی سەربانی ماڵ بۆ پاراستنی خانووەکە. باکوری کوردستانی عێراق، لە دان پێری وێنەی گیراوە.

٣٤– مووورووی سیرامیکی شین، لەسەر دەرگەی ماڵ هەڵواسراوە. ئەمە هی خێزانێکە لە سەقز بۆ پاراستنی خانووەکەیان، کوردستانی ئێران، لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە.



٣٥

٣٥– چاوەزارێکی سێگۆشەیی. لەسەر دیوار هەڵواسراوە بۆ خێروبەرەکەت. قامیشلو، کوردستانی سوریا. مووروو و خشڵ.



٣٦




٣٧

٣٦– چاوەزاری سێگۆشەیی لەسەر دیوای ماڵەوە هەڵواسراوە. وێنەی پیاوێك، قفڵ و کلیلێك، گورینگە و مووروو. شێوەی "درەختی ژیان"، ئاوێنە، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٣٧– چاوەزارێکی نووسراو، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٣٨– چاوەزاری سیرامیکی شین لەسەر تەون، لە نێوان دەزووەکان، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.





# دروستکردني شت لە کانزا (کانزاکاری) و خشڵ

ئاسنگەر

کەرەسەکان

تەکنیکەکان

خشڵ



١



٢

## کانزاگەرەکان

خشڵ یەکێک بوو لە شتە نایابەکان لە کوردستان بەرهەم دەهێنرا، هەروەها لە هەموو ئاستە ئابوورییەکاندا باوی هەبوو. ژمارەی جووە دەسترەنگینەکان لەم بوارەدا بەرچاو بوو، هەتا لە هەندێ شوێندا هەموو زێڕنگر و زیوگرەکان جوو بوون. پیشەی ئاسنگەری و کانزاگەری نەریتێکی کۆنە لەناو جووانددا، هەروەک لەم ناوەڕا دیارە کە ناوێکی بەناوبانگی جووانە "زارگەلی" (ئاسنگەر). پیشەکارانی جوولەکە لە نووسینەکانی گەشتەوەرانی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا باس کراون، هەروەها لەو توێژینەوانەش کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا ئەنجام دراون.

ئاسنگەری پیشەیەک بوو کە لە کارە ئاست بەرزەکاندا بوو، لە گەلێ حاڵەتدا لە باوکەوە بۆ کوڕ دەمایەوە. کوڕان فێری پیشەکە دەبوون لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا، دوای ئەوەی چوار ساڵ لای وەستایەک دەبوونە شاگرد. زۆر زیرەکەکەیان تایبەتمەندێتی خۆی وەردەگرت دوای ئەوەی ئەزموونی جۆراوجۆری ئاسنگەرانی وەردەگرت و دەبووە خاوەن ڕێچکەی خۆی. هەندێکیان تەنیا کاریان لە زێڕی عەیار ٢١دا دەکرد، هەندێکیان تەنیا دیزاینی خشڵ و زێڕیان دەکرد، هەندێکیشیان هەبوو تەنیا چاکیان دەکردەوە. لە ناوچە بچووکەکاندا، ئاسنگرەکان بەهەموو کەرەسەیەک کاریان دەکرد، هیچ تایبەتمەندێتییان نەبوو.

تەنیا لەسەر داوای موشتەری کار دەکرا. موشتەری کەرەسەی هەڵدەبژارد، کێشەکەی دیاری دەکرد و دیزاینەکەشی دەستنیشان دەکرد.

تەکنیک و دیزاینەکان نەریتییانە بوون، هەروەها ناویان هەبوو، بەڵام مگێزی شەمسیش دەوری دەبینی لە سازانی کەرەسەکان لەگەڵ زەوق و ئارەزووی موشتەری. هەندێ جار بەردی گرانبەهاش بەکار دەهێنرا بۆ دەوڵەمەندکردنی شێوەی نەخشەکان. پیشەکار خشڵەکەی بەبێ سکێچ دروست دەکرد، تەنانەت ئەگەر دیزاینەکە ئاڵۆزیش بووایە.

تا سەرەتای ئەم سەدەیەش، کاری ئاسنی بەنرخ لە بازاڕەکاندا هەبوو، بەتایبەتی لە شارۆکەکاندا، لە ژێر چاوێکی ڕەخنەئامێزانەی پشکنەرانی کارەکە. پاشان دووکاندارەکان هەموو پێکەوە لە شوێنێک خڕ بوونەوە و پێیان گوت شوێنی زێڕنگران، عادەتەن دووکانەکانیان بەکرێ دەگرت. هەر خاوەن دووکانێک دوو یان سێ شەریکی هەبوو، لەبەرئەوەی زیاتر لە کەسێک پێویست بوو بۆ ڕاپەڕاندنی کاری جیاجیا. هەندێ جار پیشەکاران داوەت دەکران لە ماڵە دەوڵەمەندەکان بۆ دروستکردنی خشڵ، تەنانەت لە ماڵی ئاغاش. ئەو دەمەی کاریان هەبووایە لە گوندەکەدا، چەندان ڕۆژیان لە یەک شوێندا بەسەر دەبرد. ئەگەر هیچ خێزانێکی جوولەکەی شیاو لەوێ نەبووایە، ئەوا لە ماڵی موسڵمانێکدا دەمانەوە، لەوێ ڕێز لە نەریت و باوەڕەکانیان دەگیرا. کار بەدانیشتنەوە لەسەر زەوی دەکرا، لە سبەینەوە تا شەو، لەکاتی بانگی شێواندا دەستیان هەڵدەگرت. لە وەرزە بازاڕگەرمەکاندا، کانزاگران کارەکەیان دەبردەوە ماڵەوە و بەدیار لالەوە کاریان دەکرد. ژن لە ماڵەوە زۆر یارمەتی پیاوەکەی دەدا، وەک ئامادەکردن و بادانی وایەر، پۆلیشکردنی شتە تەواوبووەکان و تاد. لەگەڵ ئەوەشدا، لە زستاناندا، بازاڕ کز دەبوو، کانزاگران ناچار بوون بەناوچەی دەوروبەردا بسووڕێنەوە، یان ڕوویان دەکردە سەرچاوەی تر بۆ بژێو، وەک کارکردن وەک فەرمانبەرێکی ئاینی یان، بەتایبەتی لە کوردستانی ئێراندا، لە دەرەوە کرێکارییان دەکرد.



٣



٤

## کەرەسەکان

زۆربەی خشڵەکان لە کانزای گرانبەها بوون: عەیاری جیاجیای زیو و زێڕ هەبوو. ئەم کانزایانە لە چەندان سەرچاوەوە دەهاتن: زێڕ لە شارە گەورەکاندا بەقالب دەکرا وەك مووسڵ و بەغدا، یان لە تواندنەوەی لیرەی تورکی، رووسی، نەمساوییەوە دەستیان دەکەوت. سەرچاوەی دواییان نایاسایی بوو، چونکە بەهای لیرە کەمتر بوو لە بەهای کانزاکە. کانزاگران دەیانزانی چۆن کەرەسەکان بەپێی داواکارییەکان بگونجێنن. بۆ نموونە، بڕی زیویان کەم دەکردەوە بەهۆی تێکەڵکردنی لەگەڵ کەرەسەی تر. بڕی زێڕیان هەروا دەهێشتەوە و جارجاریش کەمتریان دەکردەوە. لە کوردستانی ئێراندا، زێڕ و مسیان دەتواندەوە و تێکەڵیان دەکرد و بەم شێوەیەی زێڕەکە ساف نەبوو.

بەردە گەوهەر زۆر بەکار نەدەهێنرا. زۆربەیان خڕ و بازنەیی بوون، لە خشڵدا بەکار دەهێنران. بێ لە بەهای جوانکارییان، بەردە گەوهەر بەشێوەیەك تێی گەیشتبوون کە موڵکێکی سیحراوییە، بۆیە وەك نووشتە و چاوەزار بەکار دەهات. باوترین بەرد یاقووت بوو، کە عادەتەن دەکرا، دەبرا و پۆلیش دەکرا. لەگەڵ چەند جۆرە کانزایەکی تری وەك مرواری کە تەنیا لە باکوری کوردستانی ئێران لەسەر سنووری رووسیا.

١-٤- زێڕنگرێکە بەناوی گولا ئارۆنی رەحمەتی لە کاتی کارکردندا، ئاکرێ، کوردستانی عێراق، وێنەی لە ئیسرائیل گیراوە.



١



٢



٣



٤

ئەو تەکنیکانەی بەکار دەهێنران عادەتەن کەم و ئاسان بوون. هی چەندان ساڵ پێش ئەوسا بوون و جێبەجێکردنیان، بەپێی تێپەڕبوونی کات، خراپتر بووبوو. کانزاگەرەکان لە کوردستانی ئێراندا بەکارە گرانبەهاکەیان جیا دەکرانەوە، بەتایبەتی لە نەخش و جوان و ناسکدا. ئامێرەکان، کە لە ئەوروپاوە دەهێنران و لە شارە گەورەکاندا دەکڕان، زۆر گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو لەوەتەی ئاودیوبوونی سەدەکە. ئامێرە سەرەکییەکان ئەمانە بوون: چەکوچ، پلایس، سندان، مقەس، مەورەد، بیور و... تاد. لەسەر داواکاریی موشتەرییان، قالبی تایبەتی لەلایەن پیشەکارانەوە لە کەربەلا، نێزیك بەغدا، دروست دەکران. زێڕ دەتوێنرایەوە و چەندان قەبارەی جیاجیای لێ دروست دەکرا.

کارکردن بە تەبەقەی کانزایی

ئەو خشڵانەی لە تەبەقەی زێڕ و زیو دروست دەکران، باو بوون. کانزاگەران بەم تەبەقانەیان دروست دەکرد دوای شلکردنەوەی چینی ئەستووری کانزاکە. لەو تەبەقە تەنکانە چەندان شێوەی جۆربەجۆریان دروست دەکرد، عادەتەن شتی ناوبەتاڵ وەك زەنگوڵە و شتی خڕ. دیزاینی ستاندارد لەسەر ئەو تەبەقانە بەئاسانی دروست دەکران.

## نەخشاندن

ئەمە تەنیا بۆ جوانکاری بەکار دەهات، زیاتر لەسەر چاوەزارە زیوەکان. وا باو بوو نەخش لەسەر پشدێن و شێوەی ئەندازەیی تر دروست بکرێت.

## دانانی بەرد

بەرد بەهۆی شەمێوە دادەنران لە شوێنەکانیان لەسەر خشڵەکان. تەکنیکی تریش هەبوون بەناوی سیرە پەردو.

## جۆرە زنجیرەکان

زنجیر بەشێکی گرینگی زێڕ و خشڵ بوون. چوار جۆری سەرەکی هەبوو:

١– زنجیی فلات: ئەڵقەی تێکهەڵکێشراو، هەریەکەیان چەقەکەی سانتیمەترێك بوو.

٢– زنجیری حەسیر: گرووپێکی چوار ئەڵقەیی بەهۆی گوڵ ئەستێرە و شێوەی تر پێکەوە دەنووسێنران.

٣– زنجیرێکی تر هەبوو کە دوو ئەڵقە ئەڵقەیی بوو کە بەرامبەر یەکتری دادەنران، لەگەڵ ئەڵقەیەکی بچووك لە ناوەڕاستیاندا.

٤– زنجیری بریمی: ئەم جۆرەیان زۆر دەگمەن و زۆر گران بوو. هەروەها پێویستی بە دوو کەس بوو تا دروست دەکرا.

## خشڵ

خشڵ زیاتر دروست دەکرا بۆ ئافرەتان، هەروەها لە سەرەتای تەمەنەوە بەخۆوە دەکران. کاتێك کچێك مارە دەکرا، عادەت بوو دەستگیرانەکەی پارە بەباوکی کچەکە بدات، بە پارەیەش خشڵ بۆ کچەکە دەکڕا و تا ژیانی ماوە بەخۆوەی دەکرد. ئەم شتانە هەر بۆ پاراستن و جوانکاری نەبوو، هەروەها وەك پشتگیرییەکی ئابووریش تەماشا دەکرا.



٦

مەودای پارچەکان فرەوان بوو. هەموو ئافرەتێك ئەڵقە و گوارەی هەبوو، تەنانەت هەژارترین ئافرەتیش. دەوڵەمەندەکان شتی گرانبەهایان هەبوو، وەك كڵاوی زێڕین، ملوانكە و چەندان شتی گرانبەهای تر. ئافرەتانی جوو زیاتر زێڕیان بەخۆوە دەكرد، بەڵام ئافرەتانی موسڵمان، بەتایبەتی لە گوندەكان، زیو یان مسیان بەخۆوە دەكرد. خشڵ بە بەردەوامی بەخۆوە دەكرا، هەرچەندە هەندێ پارچە دەشێردرانەوە لەبنەوەی ئەو جلەی لەبەریان دەكرد. تەنیا لە بۆنەكاندا دەریان دەخست و پێشانیان دەدا.

خشڵی ناو شارەكان جوانتر بوون. لەوەتەی شەڕی دووەمی جیهانییەوە، كاریگەرییەكی رۆئاوایی بەسەر دیزاینەكانەوە دیارە. خشڵی ئافرەتانی گوندی، لەلایەكی ترەوە، بنەڕەتیتر بوون و زیاتر نەریتەكەیان دەپاراست. باوترین شێوەی نەخشی زێڕەكان بریتی بوون لە گوڵ، ئەستێرە و مانگی بچووك. ئەو شتانەی لەلایەن ئافرەتانی جوولەكەوە بەخۆوە دەكران، ئەوانیش نەخشیان پێوە بوو وەك ئەستێرەی داود و تابلۆكانی یاسا. زۆربەی پارچە ئەسڵییەكان بزر بوونە. ئەو شتانەی هێنرانە فەلەستین لە سەرەتای سەدەكەدا، هەندێكیان فرۆشرانەوە و هەندێكی تریشیان تواندرانەوە بۆ دروستكردنی شێوازی نوێتر. كۆچبەرانی ساڵانی پەنجاكان رێگەیان پێ نەدەدرا خشڵ و زێڕیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن، تەنانەت ئەڵقەی گواستنەوەش قەدەغە بوو. بەشێك لەو چیرۆكانە پتشیان بەستاوە بە بەڵگەی زارەكی.



٧

## خشڵی سەر

تاسە: بازنەیەكی كانزایی بوو لەگەڵ زنجیرێك رازی یان فلفلە. لە گوندەكاندا ئەم جۆرە زنجیرانە گرانتر بوون لەچاو هی شارۆكەكان.

رازیان (زنجیرەیەك زنجیر): لە بەنێك دەئاڵێنرا و لە نێوچەوان دەبەسترا و تا بن سەرپۆش دەچوو. ئەم كارە لەلایەن ئافرەتانەوە دەكرا و لە بازاڕی گوندەكان دەفرۆشرانەوە.

تامری (كڵاوی بەزنجیر): بریتی بوو لە چەند ریزە زنجیرێكی نێزیك لەیەكتر، بەهۆی شریتی زێڕینەوە بەسەر یەكتری دادەكەوتن. هەروەها خشڵی تر هەبوو لە قژ دەئاڵێنران، جاری وا هەبوو وەك شانەیەكی زێڕین لە قژدا بەدەردەكەوتن.

زاردەمیس: مەزووزەیەكی چوارگۆشەیی بوو و رووێكی شووشە بوو. نووشتەیەكی لەگەڵ دابوو و شتێكی بە زمانی عیبری لەسەر نووسرابوو.

خەزێم: ئەمە بەناسكترین كار دادەنرا. شارەزاییەكی تایبەتی دەویست. ئەمانە لەلایەن ئافرەتانی زاخۆوە بەخۆوە دەكران.

میرودە: تاسەیەكی بچووك بوو، پێنج تا شەش سانتیمەتر بوو، بەشی خوارەوەی كارێكی زۆری دەویست.

گوارەی بچووك: چەندان دیزاینی هەیە: سەبەتەی بچووك، دڵ، كڵاو، دوو بازنە، یەك لەسەر ئەوی تر.

قەرماقە: جۆرە زنجیرێك بوو لە كۆتاییەكەی گوارەی پێوە بوو.

٦- تاسەیەكە لەلایەن ئاسنگەرێكی جوولەكە دروست كراوە، سلێمانی كوردستانی عێراق لەسەرەتای سەدەی بیستەكان، زیو ١٣٥سم، مۆزەخانەی داهلم، بەرلین.

٢١- ملوانكە بەنەخشی ماسی، كوردستانی عێراق، زێڕ، بوكسبۆم، قودس، ڕووپێوی ژمارە ٣٨٦



٩



١٣

١٣– کچێك خشڵێکی شێوە دڵی بەخۆوە کردووە، ساندور، کوردستانی عێراق، ١٩٣٤.

٩– جۆرێکە لە شێوەی رازاوەی خشڵ لە کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٨



١٠



١٥



١٤

٨- کڵاوی ئاسن لەلایەن ئافرەتێکی کوردەوە چنراوە.

١٠- ئافرەتێك خەزێمێکی بەخۆوە کردووە لە شێوەی زەمیلە، ساندور، کوردستانی عێراق، ١٩٣٤.

١٤- ئافرەتێك زینەیەکی زیوی بەسەرخۆوە کردووە، کوردستانی عێراق، ١٩٧٧.

١٥- ئافرەتێك گوارەیەکی لە شێوەی زەمیلە لەگوێ کردووە، لەلایەن ئی براوەرەوە وێنەی گیراوە.



١٢



١-١٢



٢-١٢



٣-١٢

١١- گواره لە شێوەی زەمیلە، کوردستانی ئێران و عێراق. لە زێڕ دروست کراون و وردەکاریی جوانکاری زۆری تێدایە. بەردە گەوهەر و مرواریشیان پێوەیە. ئەمە دیاری یۆسی بنیامینۆفە وەك یادگارییەك بۆ هاوڕێکەی بەناوی شلۆمۆ پازی رەحمەتی. دیاریی ڤیتا و شابتای بۆ سارا مونیتز، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

١٢- گوارە لە شێوەی جۆربەجۆردا. دڵ، کڵاو، گوڵ، کوردستانی عێراق و ئێران. وردەکاریی جوانکاریی زۆریان بۆ کراوە بەگەوهەر لەلایەن بنیامینۆفەوە لە نیویۆرك، مۆزەخانەی ئیسرائیل.





١٨



١٧



١٩

١٧- ئافرەتی کورد، زنجیرێکی بەخۆوە کردووە بۆ بەستانەوەی لەچکەکەی، زنجیرێك لە نێوچەوانی تا سەری چووە.

١٨- زنجیری زیو بۆ بەستنی سەرپۆش، ئورفە، کوردستانی تورکیا، لەلایەن سیما یاگانەوە وێنەی گیراوە.

١٩- ئافرەتێك زنجیرێکی زیوی پێوەیە، کوردستانی عێراق لە لایەن براوەر وێنەی گیراوە.


٧


١٦


٢٠

## خشڵی مل

مالگە: مووررووی زێڕ، هەندێ جار ملوانکەیەك بوو بە بازنێکدا نووسابوو. جۆرێکی تری لە نەخشی بچووك بچووك و لەگەڵ پارچەیەك قوماش لێك دەدرا.

گەردنلغ: لە پارچەی درێژتر پێکهاتبوو، لە ملەوە تا سەر سینگ دادەپۆشێت، هەندێ جار لە شێوەی ماسی هەموو سینگی دادەپۆشی. ئەمان لە بۆنە و پشووە ئاینییەکاندا لەبەر دەکران.

لیرە: ئەمە لە خوارەوەی سینگ دەبەسترا، چەندان لیرە بەتەك یەکەوە دەبەستران. لیرەیەکی گەورەتر لە ناوەڕاستی زنجیرەکەدا هەبوو.

ملوانکە: ئەمە باوترین پارچەی خشڵ بوو. لە سێ یان چوار ریزی هاوتەریبی حەسیر پێکهاتبوو، لە سێ شوێن بەهۆی پارچەی بچووکەوە پێك دەبەسترانەوە. لە ناوەڕاستدا مانگ یان پارچەیەکی شێوە کەوان هەبوو. کاریگەریی بیانی، کە لە سەرەتای سەدەکە گەیشتە ناوچەکە، لە دیزاینەکەدا بەدی دەکرێت.

ملوانکەی بادەمی: شێوەی بادەمی ناو بەتاڵ بەتەواوی ملوانکەوە دەکرا، سێ پارچەی تر لە ناوەڕاستدا. یەخەبەند بەسینگەوە دەکرا: سێگۆشەیەك بوو لە زنجیری دروستکراو لە خشڵ.

٧– ریزێك لیرە بۆ نێوچەوان، ئاکرێ، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل، دۆگلاس گوسری وێنەی گرتووە.

١٦– زنجیر بۆ جوانی و بەستنی چەفیە، مەهاباد، کوردستانی ئێران. لە هەر کۆتاییەکیدا پارچە خشڵێکی لە شێوەی زەمیلە پێوەیە. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢٠– ملوانکە، قامیشلو، کوردستانی سوریا. لیرەی زێڕ، تەزبیح، پارە.



١٩-١



٢٢

١٩-١- ملوانکەیەکی زێڕ، لەگەڵ مووررووی شین و سەوز، کوردستای عێراق، بنیامینۆف، نیویۆرك.

٢٢- ملوانکەی منداڵان لەگەڵ چاوەزار، زێڕ، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٢٣



٢–٢١



٣–٢١

٢٣– ملوانكەی زێڕی بادەمی، لە ئیسرائیل بەشێوەی نەریتیی كوردستانی عێراق دروست كراوە لەلایەن دینا ئەبراهام.

٢١–١– ملوانكەی زێڕ لە شێوەی ماسی. لە ساڵانی پەنجاكان لە ئیسرائیل بەشێوەی نەریتیی كوردستانی عێراق دروست كراوە.

٢١–٢– ئافرەتێك ملوانكەی زێڕی شێوە ماسی لەبەرە، كوردستانی عێراق.

٢١–٣– ئافرەتێك ملوانكەی زێڕی لە ملە، ئاكرێ، كوردستانی عێراق.



١–٢١

٣٢– بازنی زێڕ، هەڵەبجە، کوردستانی عێراق.
٣٣– بانی زێڕ بەنەخشی ئەستێرە و مانگ و شێوەی تر. لە ئیسرائیل دروست کراوە وەك نەریت و شێوەی کوردستانی عێراق.
٣٤– ئافرەتێك ئەنگوستیلەی بە بەرد و هەشت تاکە بازنی تەنکی لە دەستە، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.



٣٤

## خشڵی دەست و پێ

بازن: لە کانزای زێڕ بەشێوەی خڕ دروست دەکران، هەروەها دوگام و سواریش هەبوو.
ئەنگوستیلە: هەندێ بەردیان پێوە بوو و هەندێکیش تەنیا زێڕ بوون.
خڕخاڵ: بازنەیەکی نیوچە کراوە بوو، لای هەردوو سەرەکەی ئەستوور بوو لەسەر گۆزینگ دەبەسترا. جگە لە زێڕ و خشڵ، کانزاگەرەکان چاوەزاریشیان دروست دەکرد، وەك ئاماژە بۆ خوێندنەوەی نووسینەکانی تۆرا، هەروەها چاوەزاری زیویان دروست دەکرد بۆ پاراستن. ئەو شتە پیرۆزانە زیاتر لە مووسڵ و بەغدا دروست دەکران.
گەلێ لەو کۆچەرە کانزاگەرانەی چوونە ئیسرائیل هی لای کوردستانی عێراق و ئێران بوون، بەڵام تەنیا هەندێکیان لەوێ لەسەر پیشەکەیان بەردەوام بوون. چەند دەسترەنگینێك ماونەتەوە. لە ئەنجامدا، پیشەکە بەشێوەی نەریتییەکەی نەما.



٣٢



٣٣



٢٤



٢٥



٢٦



٢٧



٢٨



٢٩

٢٤- ملوانکەی زێڕ،
دیزاینی نوێ،
کوردستانی عێراق،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٢٥- ملوانکەی زێڕ،
دیزاینی نوێ،
کوردستانی ئێران،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٢٦- ملوانکەی زێڕ،
دیزاینی نەریتی،
کوردستانی عێراق،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٢٧- ملوانکەی زێڕ،
کوردستانی عێراق،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٢٨- ملوانکەی زێڕ بە
مرواری و نەخش،
کوردستانی عێراق،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٢٩- ملوانکەی زێڕ،
کوردستانی عێراق،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.

پشدێن (قایش)

خاسیِ: لە پلێتی پێکەوەنووساو دروست کراوە، لەلایەن بووکەوە لەپشت دەبەسترا.

کەمەر: پارچەیەك قایش بوو لەگەڵ کانزا و دوو پارچەی گەورە.

تێبینی:

١- سەیری لاپەڕە ٢٤٩ بێن یاکوڤ بکە.

٢- بەرلین، بۆرکارت. بەپێی ئەم لێکۆڵینەوە کە لە سلێمانی کراوە، تەنیا پیشەوەرانی جولەکە کاری ئاسنیان بەباشی زانیوە. ئەو خشڵانەی لەلایەن نووسەرەکان کۆکراونەتەوە ئێستا لە مۆزەخانەی داهلم لە بەرلین دان.

٣- بەرلین، بۆرکارت، لاپەڕە ١-١٣



١-٣٠



٣٠



٣١

٣٠- قایشی ژنان، زیوە، نەخشێنراوە لەسەر لۆکە. سلێمانی، کوردستانی عێراق. لە سەرەتای سەدەی بیست لەلایەن جووەکانەوە دروست کراوە لە مۆزەخانەی دێلم، لە بەرلینە.

٣٠-١- پشدێنی زێڕی بووکان، کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٣١- شوێنی بەستانی پشدێنی زێڕی ئافرەتان، سلێمانی، کوردستانی عێراق لەلایەن جووانەوە دروست کراوە لە سەرەتای سەدەی بیستەم، مۆزەخانەی دێلم لە بەرلین.



# دەستنووسی رازاوە

جوانکاری

نووسراوەکان


כה אמר יהוה עשו משפט וצדקה
והצילו גזול מיד עשוק וגר יתום
ואלמנה אל תונו אל תחמסו
ודם נקי אל תשפכו במקום
הזה : ( ירמיה כ״ב )

١

١- نموونەی دەستنووس کە باو بوون لە کوردستانی عێراق، لەلایەن حاخام نووسراوە و بەدەستیش لەلایەن حەبیب ئیلۆن نووسراوەتەوە، قودس، نووسینی ئاشووری.

٢- سکرۆل (کتێبی لوولەیی) دە سەفیرۆت (لە زۆهەرەوە) ئاماژەیە بەدەستنووسی بارەزانی لە سەدەی ١٦-١٧دا. مەرەکەبە لەسەر پاچمێنت. کوردستانی عێراق، کتێبخانەی نیشتمانی و زانکۆی جووان، قودس.

نووسینە رازاوەکانی جووەکانی کوردستان ئەمانە دەگرێتەوە: کتێبی نوێژ لەگەڵ کۆمێنتاری ، پارچەی نووسراو بۆ جوانکردنی ماڵ و کۆڕی ئاینیی جوولەکە (سینەگۆج synagogue) و گرێبەستی هاوسەریەتی. هونەری وێنە و نیگارکێشان تەنیا لەو دەقانەدا دەردەبڕا. کتێبە پیرۆزەکان، وەك پێنتاتچ و سکرۆلی ئیستەر، بەپێی یاسای جووان دەبوایە لە شوێنە گشتییەکان بخوێنرێنەوە، بۆیە جوانکارییان بۆ نەدەکرا.

مۆمدانی رەنگاورەنگ و رازاوەی گرانبەها سینەگۆجیان جوان دەکرد، کە تاکە شوێنێك بوو بۆ کۆبوونەوەی جووان لە شارۆکەدا. کتێب و گرێبەستی هاوسەرێتی و دوعاکان لە ماڵەکاندا بەشێکی ژیانی رۆژانەی خەڵك بوو. ئەمان بەنرخ و گرینگ بوون بۆیان و حەزیان لێ بوو بە شت جوانیان بکەن. ئەو نووسینانەی گەیشتوونەتە دەستمان، بەگشتی هی کوردستانی ئێران و عێراقن، هەندێکیشیان لە تورکیاوە. زۆربەیان لە مۆزەخانەن یان لە دەستی تایبەتدان، هەندێکیشیان لە سینەگۆج و ماڵەکاندا ماونەتەوە. ئەو نووسینانەن دۆکیومێنت نین، بۆیە باسەکەمان لێرەدا زیاتر لەبارەی جوانکارییەکانەوەیە.

دەقەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەدە زووەکان، لەلایەن حاخام و قوتابییەکانیان کۆپی کراون و چەندان جۆرە ناوەڕۆکیان لەخۆ گرتووە، ئەم ئەرکەش بەشێك بوو لە راهێنانی حاخام و کاتێکی زۆری دەویست بۆ کاملبوونی. ئەوەی حەزی کردبا کتێبێکی هەبێ بۆ خوێندن و نوێژکردن، دەبوایە بەدەست کۆپی بکات، چونکە هیچ چاپخانەیەك لە کوردستاندا نەبوو، ئەو کتێبانەشی لە شوێنی تر چاپ دەکران بەدەگمەن دەگەیشتنە وڵات. کۆپیستەکان لە هەمان کاتدا دیکۆریستیش بوون، کارەکەی خۆیان دەپەرست کاتێ شێوە نەریتییەکانیان بۆ جوانکاری بەکار دێنا. ناویان لە کۆلۆفۆن دەنووسرا (کۆلۆفۆن واتە ئەو پەڕەی ناوی نووسەر و وردەکاریی کتێبی تێدا دەنووسرێت لە سەرەتای کتێبەکەدا.و.) بابەتی کتێبەکە، ساڵ و ناوی خاوەنەکەی تێدا دەنووسرا. ئەم کۆلۆفنە بە مایکۆگراف جوان دەکرا (مایکۆگراف واتە ئامێری نووسین و شت هەڵکەندن.و.) لە حاڵەتی بوونی دەقێك لەسەر پارچە کاغەزێك، ناوی نووسەر بەلێکدراوی دەنووسرا، هەندێ جاریش بەڕوونی لە خوارەوەی پەڕەکەدا. هەندێ کتێب دێڕەکانی کۆتاییەکان هاودەنگییان هەبوو، لەگەڵ کۆمێنتارییەك بەزمانی پیرۆز بۆ ئەوەی خوێنەر بێ بەربەست بەسەر پیتەکاندا بچێت. جوانترین و سەرنجڕاکێشترین خاڵبەندی بۆ کتێبەکان دەکرا. لە سەرەتای کتێبەکەدا ساڵی دانانی دەنووسرا کە ٥٥٦٤ بوو (لە هەندێکی تردا ساڵی ١٨٠٤).



٢



٣



٤



٦



٥



٧

٣– دەستنووسی راشی

٤– دەستنووسی کولموس

٥– دەستنووسی نیوچە کولموس

٦– قامیش بۆ نووسینی کتێبە پیرۆزەکان، بیتانور، کوردستانی عێراق. دەگەڕێتەوە بۆ حاخام گیدالیاهو رەهامیم، مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٧– کۆلۆفۆن بەزمانی عیبری و عەرەبی، دەستنووسێکە لە کوردستانی عێراق، ١٨٩٧. "کۆتایی هات و تەواو بوو. ستایش بۆ خوا، کرێنەری دنیا. بین حەخەم نسیمی گەنج."



٨



٨–١

٨– چوار پەڕ لە پاسۆڤەر هەگادە و "گۆرانی سۆلۆمۆن" لەگەڵ کۆمێنتارییەك، کوردستانی عێراق، ١٨٠٤. مەرەکەبی قاوەیی لەسەر کاغەز. دەستنووس: میر بن موردێخا یەهودا، مۆزەخانەی ئیسرائیل. لەلایەن دۆگلاس گوتری وێنەی گیراوە.




٩– چەند نەخشێکی باوپێشان دراوە، کوردستانی ئێران.

## دیکۆر (جوانکاری)

دیکۆر هەر بۆ خۆی توخمێکە و هیچ پێوەندییەکی بە دەقی نووسراوەوە نییە، بێ لە چەند شێوەیەك کەوا وەك سیمبولی چەند بابەتێك پەسند بوون، بێ لە کەوان و عەموودەکانی سەر کێتوبووت، کە رەنگە ئاماژە بێت بە پێکهاتەی خانوو. دیکۆرەکان زیاتر لە شێوەی سروشت بوون، درەخت و ئاژەڵ و سیمبولی دەرهەست. قەت مرۆڤی تێدا نەبوو.

کۆی شێوەکان جێگیر و سنووردار بوون. شێوەی دیکۆر لەسەر شتی تریش دۆزراونەتەوە: جلی نەخشێنراو، سوراحی، شتە ئاینییەکان و چاوەزار و نووشتە. پێکهاتەی پەرەکان جۆربەجۆر بوون. شێوەی دیکۆرەکان دووبارە دەبنەوە، عادەتەن لە چوارچێوەیەکی درێژدا دادەنرێن. رەنگەکانیش نەگۆڕن و دووبارە دەبنەوە.

لە دەستنووسەکانی کوردستانی ئێراندا، دیکۆر کەمە، ئەگەر هەیش بێ زیاتر دیزاینی درەختە، چەند ئاژەڵێك و هەندێ شێوەی نەریتیی جووان. تێکەڵەی رەنگەکان ئەمانە بوون: مۆر و شین، سوور و پەمەیی، زەرد و پرتەقاڵی، یان پرتەقاڵیی کاڵ و سەوزی تۆخ.

دیکۆری دەستنووسەکانی کوردستانی عێراق و تورکیا زیاتر شێوە ئەندازەیین: بازنەیی، لاکێشەیی، سێگۆشەیی و لەبزینەیی. ئەو بازنانەی شێوەی خەبوسایان دەنواند بەیارمەتیی کووپێك دەکێشران. لاکێشەکان بۆ نووشتە بوون کە نووسینی کتێبی رازیلیان لەسەر بوو، هەروەها لەبزینەییەکانیش بۆ دیزاینی گوڵ. تێکەڵەی رەنگەکان: مۆر و شین، فستقی و سووری تۆخ یان زەرد یانش سەوز. ئەو شێوەیەی کە لە هەموو ناوچەکاندا باو بوو، چوارگۆشەیی بوو کە دابەش دەکران بەهۆی دوو هێڵەوە، گوڵێکیش لە ناوەڕاست،



١٠- چەند نەخشێکی باو لە کوردستانی عێراق



٧/١٠-٨/١٠ چەند نەخشێکی باو لە کوردستانی عێراق

هەروەها نووشتەیەك لە شێوەی لاکێشەیی. نەخشی ئاسایی هەبوو وەك "درەختی ژیان" کە لق و پۆپی لە مەرکانێك دەهاتە دەر لە هەر لاپەڕەیەکدا. تاوەری بچووك سنووری لاپەڕەیان دروست دەکرد و ریزێك چوارگۆشەش پڕ دەکران لە گوڵ و دێو. هەندێ لەو شێوانە، بە هەمان رێکخستنەوە، لە نەشخاندندا دەبینرا. جۆرێکی تر دیکۆر برێتی بوو لە مایکۆگرافی لە شێوەی جۆربەجۆی ئەندازەیی.



١٢

## کەرەسەکان

کاغەز باوترین کەرەسە بوو بۆ دەستنووسەکان. پاچمێنت کەم بوو، زیاتریش بۆ کتێبە لوولەییەکانی تۆرا بەکار دەهێنرا. دەقێکی رازاوەی کابەلیستی دۆزرایەوە کە لەسەر پاچمێنت نووسراوە.

شووشەش زۆر بەکار دەهات بۆ دیکۆر لە کوردستانی ئێراندا، بەڵام نەك هەر لەلایەن جووانەوە. مەرەکەبی رەش بۆ نووسین و بۆ دیکۆریش بەکار دەهات. عادەتەن لە لینجێنەی داربەڕوو دروست دەکرا، لەگەڵ ئارەق و تۆزی زاگا تێکەڵ دەکرا. رەنگەکانی تر بەهۆی تۆزی ترەوە دروست دەکران، کە لە ئاودا شی دەکرانەوە، هەندێ جار لەگەڵ سپییاتی هێلکەیەك. بۆ دەسکەوتنی زەردێکی تۆختر و بەهێزتر، زەردێنەی هێلکەش دەخرایە سەری. ئامادەکردنی رەنگ بۆ کێشان لەسەر شووشە زۆر ئاڵۆز بوو، پێکهاتەکان بریتی بوون لە جەوی و نەفت و بۆیاخی تۆز.



١٣

١٢– پەڕێکی فەرشی بەباڵندە و گوڵی زەنبەق، ناونیشان بە چوارچێوەیەکی گوڵدار نووسراوە.

١٣– کالیگرام و کۆلۆفۆنی جوانکراو.

## دەستنووسەکان

ئەو کتێبانەی زۆر گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە، کتێبی ماهزوریم (بۆنەی نوێژکردن) و تەفسیریم (کۆکراوەی پیوتیف) بوون کەوا لە کاتی پشووان و لە ساباسدا دەخوێندرانەوە، هەروەها چەند بەشێکی بایبل لەگەڵ کۆمێنتاری ئارامی. هەروەها ئەو گۆرانییانەی لەلایەن شاعیری مەزنەوە نووسرا بوون، ئەوانیش باو بوون. زۆربەی کتێبەکان بەقایشێك لەگەڵ دیکۆری گوڵ دەبەسترانەوە. کۆنترین نموونە کە لەلای ئێمە هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە، ئەوانی تر هی سەدەی نۆزدەن.

دیکۆرەکان لە دەوری وشە کراوەکاندا بوون، کە بەپیتی گەورە دەنووسران لە چوارچێوە یان کەوانەدا دادەنران. لە چەند حاڵەتێکی کەمدا، خودی پیتەکان دەڕازێنرانەوە، هەندێ جار تەنیا بە خشڵ و پیلەپیلە. پەڕە کراوەکانی کتێبەکانی بایبڵ جوان دەکران بەهۆی دانانی سنوورێکی رازاوە کە لە درەخت دەچوون. هەندێ جار رازاندنەوەکە تەواوی پەڕەکەی دادەپۆشی، وەك فەرشی لێ دەهات کە پێی دەگوترا ″پەڕی فەرشئاسا″ و هەروەها بەپێی چەشەی دیکۆریست جوان دەکرا، بەڵام بە ستایلێکی نەریتی. کتێبی لەو جۆرە فەرشئاسایانە عادەتەن تەنیا بە ڕەش جوان دەکران.



١٤



١٥

١٤– کتێبی نوێژ و پیوتیم بۆ ساباس، هاگەدۆل و پشووەکان لە کوردستانی ئێران، ١٩٠٧. مەرەکەبی رەش لەسەر کاغەز، کتێبخانە و زانکۆی نیشتمانیی جووان، قودس.

١٥– پەڕی فەرشئاسا لە چوارچێوەیەکی نەخشێنراو بە گوڵ و گەڵا.

١٦– پەڕێك ناونیشانی کتێبی یاساکانی لەسەرە، بە شێوەی درەخت دیکۆری بۆ کراوە.

١٧– کتێبی یاساکان لەبارەی سەربڕین و کوشتنی وەحشەکان، قەدەخە و دەسەڵاتداریەتی لەلایەن بال حەموردای، مووسڵ، کوردستانی عێراق، ١٧٣٩. حوکمدانی تێدایە لەسەر پاکی. شامویل بارەزانی و زاواکەی ئارِ یاکۆڤ بن ئەبراهام. مەرەکەبی رەش لەسەر کاغەز. دەستنووس: بن ئازەریا، قودس.

١٨– پەڕی دووەمی ناونیشان لەو کتێبەی سەرەوە بە شێوەی جۆراوجۆر.

١٩– پەڕی فەرشئاسا لەو کتێبەی سەرەوە، ناوی دەستنووسەکە پێشان دەدات حەزخیا بن ئازەریا، شێوەی خەبوسە لە ناوەڕاستدا.



١٦



١٧



١٨



١٩



١١

**١١**– کتێبی نوێژ و پیوتیم بۆ ساباس هاگەدۆل (ساباسی گەورە) و پشووەکان. کوردستانی ئێران. دەستنووسەکە لەلایەن هایم بن موشی نووسراوەتەوە. مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٢٠



٢١

٢١– کۆکراوەی پیوتیم لەلایەن شاعیر پینهاس حارین، شموێل بارەزانی، بەغدادی، ئیلیاهو سانا، هازکیاهو، لە کوردستانی ئێران و عێراق. مەرەکەب لەسەر کاغەز. بەڕەنگی سوور و زەرد و شین دیکۆر کراوە. دەستنووسەکە لەلایەن هایم لێڤی نووسراوەتەوە. مۆزەخانەی هونەری جووان، کیریات بانۆت. قودس.

٢٠– پەڕی فەرشین لە هەمان کۆکراوەی پیتیوم. نەخشێکی رەنگاوڕەنگ لە ناوەڕاستدا.




٢٢



٢٣

٢٢– پەڕی ناونیشان، هەمان کۆکراوە، بەچوارچێوەی شێوە ئەڵماسی و سێگۆشەیی دیکۆر کراوە.

٢٣– پەڕێك لە هەمان کۆکراوە، شێوەی "درەختی ژیان"ی لەسەرە.



٢٤

لاپەڕەی تەنێ، کێتبوت و دووعاو و پیوریم و بەروارەکانی تێدایە کە زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم. لە دیکۆریاندا زیاتر تەرکیز کراوەتە سەر ناوەڕاستی لاپەڕەکان بەسەرەوە و لەگەڵ لێوارەکانیان، نووسینەکەشیان لە بەشی خوارەوەدا نووسراوە.

لە کێتبوت لە کوردستانی ئێراندا، شێوەی سێ کەوانەیی بینراوە لەگەڵ عەموود و تەنانەت پەردەش. لەوانەی عێراق و تورکیاش، شێوەی دار بەهێ زۆربەی رووی لاپەڕەکان داگیر دەکات. هەندێ جار دیکۆرەکە سنووردارە بە سێگۆشەیەك لە بەشی سەرەوەی، وەك بنمیچی ژوورێك دێتە پێش چاو. دەکرێ وا مەزندە بکرێت کە کاریگەریی وڵاتانی دەوروبەر و تەنانەت سەرچاوە ئەوروپییەکانیشی پێوە دیارە لە رووی دیکۆر و کالیگرافەوە.

جۆرێکی تری دەستنووس هەبووە بەچەندان لاپەڕەی جۆربەجۆری رازێنراو کە دێڕی دەقە کۆن و پیرۆزەکانیان لەسەر نووسراوە و بەدیوارەوە هەڵواسراون و لە ماڵ و سینگۆجەکاندا. لە کوردستانی ئێراندا، ئەم جۆرە کارە لەسەر شووشەش چاپ دەکران.

چەندان دەستنووسەری کۆمەڵگەی کوردی لە ئیسرائیل ئێستش (١٩٧٧) بەردەوامن لە جوانکردنی دەستنووسەکانیان، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ سینەگۆج دەنووسرێن و هەروەها ئەو پەڕانەش کە دووعای لەسەر دەنووسرێت بۆ ماڵان.



٢٥

٢٥– کێتبوت (واتە گرێبەستی هاوسەریەتی)، سنە، کوردستانی ئێران، ١٨٥٢. زاوا: یاهیزکەر. بووک: سالوی؟ لە کتێبخانە و زانکۆی نیشتمانیی جووان، قودس.



٢٦




٢٧

٢٦– کێتبوت، سنه، کوردستانی ئێران، ١٩١٣. زاوا: عەزیز. بووک: ناهان. مەرەکەب لەسەر کاغەز.تەل ئەبیب.

٢٧– کێتبوت، سنه. کوردستانی ئێران، ١٩٢٩. زاوا: موشی ئارون. بووک: ریڤکە هەمرام بات ئیلام. مەرەکەب لەسەر کاغەز. قودس.



٢٨



٢٩

٢٨- كێتبوت، عەمادیە، کوردستانی عێراق، ١٩٠٧. زاوا: رافایل بن ئیلیا. بووك: میریەم بات یوسف. مەرەكەب لەسەر كاغەز. مۆزەخانەی ئیسرائیل.

٢٩- كێتبوت، زاخۆ، ١٩٢٥. زاوا: رافایل. بووك: پیرحا. قودس.





٣١

٣٠– کێتبوت، جەرموك، کوردستانی تورکیا، ١٩٢٠. زاوا: زیۆن. بووك: ئیستەر. کتێبخانە و زانکۆی نیشتمانیی قودس.

٣١– کێتبوت، دیاربەکر، کوردستانی تورکیا، ١٩٣٠. زاوا: ساسن بن سابات ئیسحاق. بووك: ریڤکە بات ئیسحاق. مەرەکەب لەسەر کاغەز. کتێبخانە و زانکۆی قودس.



٣٢



٣٣

٣٢– لاپەڕەی پیوریم: ″گۆرانی بەخشین″، لەگەڵ دووعایەك بۆ ساڵی نویٚ و بۆ پاراستنی ماڵ. سەقز، کوردستانی ئێران. قودس. لەلایەن دەیڤد حاریسەوە وێنەی گیراوە.

٣٣–٣٤– لاپەڕەی پیوتیم و دووعا لە تینو شیرا (گۆرانی بەخشین). سەقز، کوردستانی ئێران. خوێندنەوەی پیوریم پێش خوێندنەوەی کتێبی لوولەیی ئیستەر. مەرەکەب لەسەر کاغەز. لەلایەن دەیڤد حاریسەوە وێنەی گیراوە.



٣٤



٣٥

٣٥- لاپەڕەی ″ بۆ ساباس″، کوردستانی عێراق، ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە. دووعا بۆ کیدوش، پیوت لەلایەن ئیسحاق لوریا بۆ بۆنەی ساباس. مۆزەخانەی ئیسرائیل. لەلایەن ئیلیزەر بن دۆڤ بەخشراوە، تاران.

٣٦- نیگارێکی رەنگاوڕەنگ لەسەر شووشە. لەسەر ئارکەوە هەڵواسراوە لە ئۆهاڤی شالوم (خۆشەویستانی ئاشتی). سینەگۆجی کۆمەڵگەی پێشووی سەقز. نیس حاریس، ئیسرائیل، لەلایەن حایم ئارونەوە دروست کراوە.

٣٧- دووعا، لاپەڕەیەك لە سینەگۆج، لە قەسری شیرین. مەرەکەب لەسەر کاغەز. کوردستانی ئێران.

٣٨- نووشتەپەڕ لە سینەگۆج لە کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧. مەرەکەبی رەش لەسەر کاغەز. بەشێکی بە زمانی عیبری دیکۆر کراوە لەگەڵ پیتی مایکرۆڤافیك.

٣٩- نووشتەپەڕ بۆ سینەگۆج، سەقز، کوردستانی ئێران، ١٩١٣. لەلایەن هازڤی شومێبل حاکاتان دروست کراوە. مۆزەخانەی ئیسرائیل. لەلایەن ئیلیزەر بن دۆڤ بەخشراوە، تاران.




٣٦



۳۷



۳۸



۳۹



# پەرستگەی ئاینیی جوو (سینەگۆج)
# شتەکانی مەراسیم و داوونەریت

سینەگۆج
کیفکی کتێبە لوولەیییەکانی تۆرا و شتەکانی مەراسیم
پیشەی بۆنە ئاینییەکان
فیستیڤاڵ-سووڕی ساڵانەی جووان



١

## سینەگۆجەکان

گەلێ لە سینەگۆجەکانی کوردستانی عێراق کۆن بوون و بەناوی پێغەمبەرانەوە بوون، وەك ئیزەکیل و ئیلیجا و ئەوانی تر. باو وابوو کە لە قەراخ رووبار یان نێزیك سەرچاوەی ئاو دامەزرێن و حەوشەکانیان بە پایەی بەرز کەپریان لێ دروست دەکرا. لە هاویناندا، حەوشە بۆ نوێژکردن بەکار دەهات. لە ناوەڕاستی سینەگۆجدا میمبەری ئەو کەسەی لێ بوو کە شتی دەخوێندەوە. جێیەکی تایبەتی نەبوو بۆ ئافرەتان، کە بەدەگمەن دەچوونە نوێژ.



٢



٣

١– پـایـەی دار لـەگـەڵ پـارچـەی کـەوانـەیـی تـر لـە تەکیانەوە، چیلکە و لقی درەخت بەکارهاتوون بۆ دروستـکـردنـی بـنـمـیـچـی حـەوشە، ئـامـێدی، کوردستانی عێراق.

٢– حـەوشەی سیـنـەگـۆج، لـەلای راست، مـیـمـبـەری وتـارخـوێن (لـە هـاویـنـان)، ساندور، کوردستـانـی عێراق.

٣– مـیـمـبـەر بـۆ خـوێندنـەوەی تـۆرا لـە نـاوەڕاستـی سینەگۆجی مەهاباد، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٣–١– گـۆڕی "هـازان" دەیـڤـد، شوێـنـی گـەشتـەوەران لەکاتی فیستیڤاڵی شاڤوت، ئامێدی–کوردستانی عێراق.



٣–١



٥



٤



٦

٤– کونی گنیزه بۆ هەڵگرتنی بەڵگەنامەی کۆن و کتێبی نوێژکردن و... تاد، لە سینەگۆجی سەرەوە.

٥– سەقفی سینەگۆج

٦– ژوورێك لە خانووێکی تایبەتدا بەکارهێنراوە بۆ نوێژ لە شارۆکەیەکی بچووکی جووان، کرێند، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

٧– ژوورەوەی سینەگۆج لە قەسر شیرین، کوردستانی ئێران–١٩٧٧. لە ناوەڕاستدا میمبەر هەیە و بە بەرد دەورە دراوە و بە فەرش داپۆشراوە. بەدرێژایی دیوارەکان، تاق هەیە بۆ لوولە کتێبەکانی تۆرا.

٧





٩



١١



١٠

٩–ژوورەوەی سینەگۆج، ورمێ، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧. میمبەری دارین لە ناوەڕستدا هەیە. پێگەکانی بەڕەنگ و نووسینی عیبری جوان کراوە، پەنجەرەکانیش رووناکی بۆ دابین دەکەن.

١٠– "کورسی ئیلیجا" لە تاقێکدا دانراوە، داری جوانکراو، قەسر شیرین، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.

١١– "کورسی ئیلیجا" بەپارچە فەرشێکی چنراوی بەچاوەزار و سەرپۆش داپۆشراوە بەپێی نەریتی کوردستانی عێراق لە سینەگۆجێکی قودس. سەنتەری هونەریی جووانە، زانکۆی عیبری لە قودس.

١٢– تاق بۆ کتێبی لوولەیی تۆرا و شتەکانی مەراسیم بەدرێژایی دیوارەکان. "کورسی ئیلیجا" و فەرشەکان لەسەر زەوی، لە سینەگۆجی ورمێ، کوردستانی ئێران–١٩٧٧.



١٢



١٣

کیفکی کتێبی لوولەیی تۆراو و
شتەکانی مەراسیم


١٤

١٣- کۆچەری نوێ لە کوردستانی عێراق کاتێ دەگاتە ئیسرائیل بەخۆی و کتێبی لوولەیی تۆرا لە کیفکێکی زیودا، ١٩٥٠.

١٤- جووێکە کتێبی لوولەیی تۆرای بەدەستەوەیە کە لە ناو کیفکێکی رازێنراودایە. لوولەکان لەناو کیفکی دارینەوە (سندووق) پارێزراون لە ناو تاقی ناو دیواری سینەگۆج، ساندور، کوردستانی عێراق، ١٩٣٤.



١–١٥



١٥

١٥–كيفكى دارينى كتێبى لوولەيى تۆرا بەبزمارى پەرچ ديكۆر كراوە و نەخشى گوڵى لەسەرە. كوردستانى عێراق، لە سينەگۆجى قودس.

١٥–١– وردەكاريى كيفكى كتێبى تۆرا، سەقز، كوردستانى ئێران. دارەكە بەبزمارى پەرچ و پێستەوە جوان كراوە. بەرزييەكەى ٨٣ سانتيمەترە. لە ئيسرائيل وێنەى گيراوە لە سينەگۆجى ئۆهاڤى شالوم.



١٦



١٧

١٦–كیفكی كتێبی لوولەیی تۆرا، داری نەخشێنراو. ئورفە، كوردستانی توركیا. لە ئیسرائیل وێنەی گیراوە. ئەم كیفكە تایبەت بوو بە كۆمەڵگەكانی رۆمانیوت. كیفكی هاوشێوەی ئەمە لە یۆنان و كۆمەڵگەكانی تردا دۆزراوەتەوە.

١٧–هەم كیفكەی سەرەوەیە بەكراوەیی.



١٨



١٩

١٨– تاق بۆ لوولەی تۆرا، سینەگۆجی کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧. ئەوانەی بە کیفکەکەوەن جلی نەخشێنراون کە ئافرەتی ئەو سەردەمە پێشکێشیان کردووە.

١٩– کیفکی کتێبی لوولەیی تۆرا، قەسر شیرین، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧. دارەکە بە حەریر و دەزووی زیو لەگەڵ نووسینی عیبری داپۆشراوە، لە ناو تاقێکدایە لە سینەگۆج، رۆب و جلی پێدا دراوە.

٢٠– ئارکی پیرۆز لە سینەگۆجی میشکان شیلو، قودس. کیفکی تۆرا بەئاوێنە دیکۆری بۆ کراوە. زاخۆ، کوردستانی عێراق.



٢٠



۲۱– کیفکی کتێبی لوولەیی تۆرا لە سینەگۆجی ناوەندیی زاخۆ، کوردستانی عێراق. نەخشی زیوین لەسەر دار. سینەگۆجی کۆهن، قودس.



۲۲– کیفکەکە بە کراوەیی. تاجەکە بەرەنگ و شێوەی جۆراوجۆر درەوشاوەیە. شێوەی (درەختی ژیان)ە لەگەڵ نووسینی عیبری.



۲۱–۱



۲۱–۲

۲۱–۱– ئاماژەدەری تۆرا، ئامێدی، کوردستانی عێراق. زیوە. سینەگۆجی هاسوفیر، قودس.

۲۱–۲– ئاماژەدەری تۆرا، سەقز، کوردستانی ئێران، زیوە. لەلایەن سینەگۆجی کۆچەرانی سەقزەوە پێشکێش کراوە، نیس حاریم.





٢٤ ٢٥



٢٦

٢٤– نەخشی ئەندازەیی، بۆکان، کوردستانی ئێران.
پێشتر لە سینەگۆجی موشاڤ پاتیشەوە بوو، زیوە.
لەلایەن یۆنات و مایکل فلۆرشین کڕاوە،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٢٥– نەخشی ئەندازەیی، کوردستانی عێراق، زیوە،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٢٦–



٢٧



٢٨

٢٧-نەخشی ئەندازەییی زیو. شێوەی هەنارە،
کوردستانی عێراق، مۆزەخانەی ئیسرائیل.
٢٨- شێوەی ئەندازەیی، کوردستانی عێراق،
مۆزەخانەی ئیسرائیل.



٣١



٣٢



٣٣



٣٤

٣١– تابلۆی سینەگۆج، ئامێدی، کوردستانی عێراق، بەکاردەهێنرا بۆ بانگهێشتنکردنی نوێژکەران تا کتێبی تۆرا بخوێننەوە، بە زیو نەخشێنراوە. قودس.

٣٢– تابلۆی سینەگۆج، ئامێدی، کوردستانی عێراق. بە زیو نەخشێنراوە. لەلایەن ئێزرا هاسوفەرەوە کراوە، قودس.

٣٣–٣٤– تابلۆ، زاخۆ، کوردستانی عێراق، بە زیو نەخشێنراوە. لەلایەن مازکەرەت یزیك کراوە لە سینەگۆجی کۆهن، قودس.

٣٥– پارچە نووسینێکی تۆرا، خاهام موشی ساندوری لە ساندور، کوردستانی عێراق، کار دەکات لەسەر کتێبێکی لوولەیی تۆرا لە ماڵی خۆی لە ماوز زیۆن.





١-٣٥



٣٧



١-٣٦

٣٥-١- گیزانی سونەتکردن، چەقۆ و
کیفکی نەخشێنراو بەناوی یوسف.
زیوە. کوردستانی عێراق. ماوز
زیۆن.
٣٦-١- کیفکی گیزانی سونەتکردن لە
کوولەکە دروست کراوە.
٣٧- تالیت (شاڵی نوێژ) لۆکەی سپی
لەگەڵ نەخشی سوور، کوردستانی
ئێران، نیس حاریم.



٣٨



٣٩

٣٨– سەربڕین بۆ بۆنەی ئاینیی جووان، ساندور، کوردستانی عێراق، ١٩٣٤.

٣٩– سەربڕین بۆ بۆنەی ئاینیی جووان لە بازاڕ، لە کرمانشا وێنەی گیراوە، کوردستانی ئێران.






٤١



٤٠

٤٠– سوكاح لە حەوشەی سینەگۆجی هەمەدان، كوردستانی ئێران ١٩٧٧. دەرگەكەی بە پەردەیەكی چنراو داپۆشراوە كە نووسینی عیبری لەسەرە.

٤١– قامچی بۆ لەخۆدان لە رۆژی كفوور، سەدەی نۆزدە، سەقز، كوردستانی ئێران، پێستەیە، نووسینی عیبری لەسەر پشتەوەی نووسراوە.

٤٢– مەراسیمی سەكوت لە باڵكۆنەكانی ماڵە جووانی كورد لە قودس، بە فەرشی سووف جوان كراوە، وەك چۆن لە كوردستانی عێراق هەمان كاریان دەكرد، لەلایەن براوەر وێنەی گیراوە.



٤٢



٤٣



١-٤٢

٤٢-١-٤٣- فیستیڤاڵی تۆرا (شادبوونەوە بە یاسا)، کرمانشا، کوردستانی ئێران، ١٩٧٧.



٤٤



٤٦



٤٥



٤٧

٤٤– چاری حانوکا، چەند سیفۆنێك لەسەر دار چەقێنراوە. هەر یەکەیان بەجیایە و دەکرێ لێ بکرێتەوە. کوردستانی عێراق.

٤٥– گۆڕێکي نەریتي مۆردێخا و ئیستەر، هەمەدان، لە نێزیك کوردستاني ئێران، ١٩٧٧.

٤٦– کتێبی لوولەیی ئیستەر، پاچمێنت، کیفکی دار، نەریتییە، زاخۆ، کوردستانی عێراق.

٤٧– فڕنی سەموون، پاسۆڤەر ماتزۆت، موشاڤ ریڤیکا.



٤٩



٤٨




٥١



٤٩

٤٨–٤٩– بەهاراتدانی مس، کوردستانی عێراق.

٥٠– مۆمی ساباس. ئاسنی شێوە سیفۆنی لە دار چەقێنراوە، کوردستانی عێراق.

٥١– کووپی کیدوش، بە زیو نەخشێنراوە. مۆزەخانەی وۆلفسف قودس.



# تابلۆی ئافرەتە کوردە جووەکان

ئانا تیچۆ
م. گور–ئاریە
شموێل بن دەیڤد

١- ئانا تیچۆ
ئافرەتێکی کوردی جوولەکە
١٩٥٤
ئەم وێنەیە بەپێنووسی مەرەکەبدار کێشراوە
٢٥×١٨ سم
مۆزەخانەی ئیسرائیل
میراتی ئانا تیچۆ ١٩٨٠
لە ساڵانی بیستەکان کێشراوە
٢- م. گور-ئاریە
ئافرەتێکی کوردی جوولەکە
نەخشێنراوە
لە ساڵانی بیستەکاندا کێشراوە
لەلایەن یزاك ئینهۆن
تەل ئەبیب
٣- م. گور-ئاریە
ئافرەتێکی جوولەکەیە لە مووسڵ
نیگارەکە ١١×١٥سم
لە ساڵانی بیستەکاندا وێنەی کێشراوە
لەلایەن یزاك ئینهۆن
تەل ئەبیب
٤- شموێل بن دەیڤد
ئافرەتێکی کوردی جوولەکە
زەیت لەسەر کاغەز
٢٦×٣٢,٥سم
لە ساڵانی بیستەکاندا وێنەی گیراوە
لەلایەن یزاك ئینهۆن
تەل ئەبیب
٥- م. گور-ئاریە
چاپی شێر (پۆستکارد)
١٣×٢١سم
لە ساڵانی بیستەکاندا کێشراوە
لەلایەن یزاك ئینهۆن
تەل ئەبیب



١



٢



٣



٤



٥

| | نووسيني رازاوه كەلوپەلي چنراو | قاپوقاچاخي رۆژانە | جل و نەخشاندن شتەكاني مەراسيم | چاوەزار و خشڵ |
|---|---|---|---|---|
| سێگۆشە |  |  |  |  |
| ئەڵماسی |  |  |  |  |
| نەخشی ئەلقەیی |  |  |  |  |
| بازنەیی |  | |  |  |
| لەزبزینەیی |  |  |  |  |
| پوولەكە |  | |  |  |
| دەست |  |  | |  |

| | نووسيني رازاوه کەلوپەلي چنراو | قاپوقاچاخي رۆژانه | جل و نەخشاندن شتەکاني مەراسيم | چاوەزار و خشڵ |
|---|---|---|---|---|
| درەختی ژیان |  | |  |  |
| تاوەر گوڵ باڵندە |  |  |  |  |
| ئای بی ئی ئێکس | |  |  |  |
| گوڵ لەناو چوارگۆشە |  | |  | |
| گورینگە | |  |  |  |
| نووسینی عیبری |  |  |  |  |

## فەرهەنگۆك

نووسیار: مامۆستا یۆنا سەبار

ئابریزم: ئاوریشم.

ئاکلیله: ″مریشك،″ دیزاینێك به ستایلی نەخشی سەقزی.

ئامره: خوریی مەڕ.

ئارەقچن: کڵاوی پیاوان، سەرپۆش له کوردستانی ئێران.

ئاسیکتا: موستیله.

باندە: داوی لۆکه.

بەکرباج: خەتێکی رەشه لەسەر باگگراوندی سپی له ستایلی چنینی مەرەزدا هەیه.

بەرگوس: چاکەتی پیاوان تا ناوقەد.

بەرماڵ: قوماشێکی درێژه وەك بەتانی، هەڵواسین به دیوار، نوێژکردن (بۆ موسڵمانەکان) بەکار دێت به دەست له سوف دێته دروستکردن. هەروەها سەیری ماوجی، جاجم و گۆنون بکه.

باریکته: فەرشی سەر ئەرز

بەتانیه: ١– وەك بازن له دەستی دەکرێ و له مووی بزن دێته دروستکردن.

٢– فەرشی چنراو به دەزووی زیوین وەك پێخەف بەکار دێ و لەژێر پێی بووکانیش دادەنرێ دوای مەراسیمی غوسل.

بەزمه: بازنەی کۆمەڵه ئاسنێك پێکەوه به زنجیرێك گرێ دەدرێن.

بینوده: قوماشی چنراوه بۆ سەلامەتیی منداڵ له لانکدا بەکار دێ.

بوخچه: قوماشێکی گەورەیه، بەکار دێ بۆ پێچانەوه شت و له هەردوو سەری گرێ دەدرێ.

بوره: دەنگەدەنگی زێڕینگران.

جاجم: قوماشێکی سوفی چنراوی درێژه و به دەست دروست دەکرێ (سەیری بەرماڵ و ماوجی بکه).

کادوره: بەروانکەی ئافرەتان.

چەقۆ: چەقۆ.

چەکوچ: چەکوشی ئاسنگەر و زێڕینگران.

کارکاڤا: یارییێکه.

چارۆگ: لەچکێکی درێژه ئافرەتان بەسەر شانیاندا دەدەن.

چایخانه: چایخانه.

عەبایه: جلێکی درێژه، بەرینییەکەی به قەد درێژکردنەوەی دەستەکانه، پیاو بۆ دەرەوه لەبەری دەکا و ئافرەتیش بۆ بۆنەکان.

دکالبوك: دەسرازەی ئافرەتان له ئاوریشم دروست کراوه و نەخش و نیگاری لەسەره.

دۆلا: دۆر لەگەڵ زورنا له زەماوەندەکان بەکار دێن.

دۆقه: باولێکی ئاوەژووه بۆ دروستکردنی نان بەکار دێ.

دوگەم: بازنەی زێڕ.

فیلفیل: جۆرێکی پارەی ئاسنە.

فستانە: فستانی ئافرەتان.

گالە: فەرشی بە دەست چنراو.

گەردەنە: گەردەنلغ.

گەوار: قوماشێکی چنراوە و شێوەی مەرمەڕی هەیە.

گیلدە: چەرم، فەرش لە پێستی مەڕ.

گیزنیزە: ملوانکەی لە ئاسن یان وایەری گرانبەها دروست کراوە.

گۆنونە: دەسرازەی زەماوەند، قوماشێکی تایبەتە بۆ شەوی زەماوەند، لە سوف بە دەست دروست دەکرێ.

جوبە: بۆ چنین یان بۆیاخکردن بەکار دێ.

گولیفکە: گورینگی ئاوریشمی.

گورێ: گۆریە، عادەتەن بە دەست دەچنرێ.

هەدیدە: دەسکێکی زێڕە لە لایەن ئاسنگەرەکان بەکار دێ.

هەسیرە: حەسیر.

هەسیر: زنجیرێکە لە چوار بەش پێك دێ لە شێوەی گوڵ یان ئەستێرە.

هاوەن: هاوەن.

هەلاوی: هێلەگ.

هیجولکەت: خڕخڕ.

هیلال: چاوەزاری منداڵان.

هۆرە: پارچە پەڕاوێکە بۆ نووسینی تۆرا بەکار هێنراوە

جاجك: خواردنەوەیەك لە ماست و گیا دروست دەکرێ

جەمەدانی: جەمەدانی

کاکی گورگە دیڤە: نووشتەی ددانە گورگە بۆ منداڵان دوای هاتنی یەکەم ددان

کالیلە: جوانکردنی دەنکە تەسبیح

کەمەر بەند: کەمەر بەند

خاوەرە: رەنگی سپی

کراس: کراس

کسیلە، کوسیتە: کڵاوی ئافرەتان، بۆ سەر پۆشین

کیستە: جانتا، گیرفان بۆ پارە، تووتن یان خشڵ

کیستەبانی: ئیسکیف

کلیلە: زنجیر بۆ بەستنەوەی دەسرازەکان

کەنیسە: کەنیسە

کۆما: رەنگی رەش

کولاڤ: سەرپۆشی بە گورینگە

کوندەرە: کەوشی چنراو

کورنجە: سوف

کوسیتە: کڵاوی ئافرەتان

کڤا: چاکەتی درێژی پیاوان، منداڵان، قۆڵ درێژە و لە پێشەوە دەکرێتەوە

لابی: سوفی نەچنراو

لەهمە رەکیکە: جۆرێکی نانە

لامی ڤلیمە: گیا بەکار دێ بۆ چاکردنەوەی برین

لامپا: لامپا

لیبە: سوفی نەچنراو

لیفە: لیفکە

لیرە: لیرە

لولە: نووشتەی لە ئاسن دروستکراوی لوولدراوە شتی لەناو دەنووسرێ

مابۆتی: قاپ

مەهفورە: مافوور

مەهیاب: نووشتە

ماکین: پارچە زێڕ

مەقەس: مەقەس

مەرەز: لە مووی بزن

ماسالا: ماشاڵا

مەسبەهە: ملوانکە

ماشك: ماشەی زێڕنگران یان ئاسنگەران

ماسیرکە: ئامێرێکە بۆ خۆشکردنی سوف

ماوجی: قوماشێکی درێژی چنراوە (سەیری بەرماڵ بکە)

میلاگۆ: زنجیری زێڕ

مەسیدەرهەب: فەرشی شێوەی کەلیمی

مەدرەسە: قوتابخانە

میهراب: شوێنی نوێژ

میروەدە: گوارە

مساربیس: ئامێرێکە بۆ چنین

مەست: چاوەزارێکی سیگۆشەییە

نپاسە: ئامادەکردنی فایبەری سوف

پیلاڤە: پێڵاو

پیتا: چنینی جاکوارد

پۆسیە: جەمەدانی بە گورینگە

کەلاب: قاپی لە زێڕ دروستکراو

کەلانە: چاوەزارێکی شێوە قۆپچەییە

کالی: مافوری چنراوە

کالیکە: سەندل

کاجوك: ئاوریشم

کارمیکە: دیزاینی تاوەری بچووکی بە نەخش و نیگار

کارموکە: زنجیر بۆ بەستانەوەی دەسرازە

کەیتان: قەیتان
کێیسی: مەقەس لە کوردستانی ئێران بەکار دێ.
کۆرنازە: فایبەری خۆشکراوی سوفی.
کوبە: کوبە.
راکی: پاچمێنت.
راشوك: جۆرێکە لە تووتن.
رازی: خوردەی ئاسن.
رازیەت: جوانکاریی کڵاوی سەر.
سابی: پاودەرە بۆ بۆیاخ.
سادە: ئاوریشمی سەرپۆش.
سادەی: چاوەزارێکی ئاسنە ناوی شادەی لەسەرە، هەروەها پێشی دەگوترێ یاهەدۆنی.
سافۆ: پارزنگی ئاسن.
ساهپارە: گۆشەی گورینگەکان.
ساکت: جلێکە تا سەر گۆزینگ دێ.
سالە: پشدێنێکی چوارگۆشەیییە لە کشمیری چنراو دروست دەکرێ.
ساللە: پانتۆڵی پیاوان لە مووی بزن.
سەماوی: شینی ئاسمانی.
سامۆکە پۆتە: سماق.
سامرە: سوفی مەڕ.
ساندان: ئاسنی زێڕنگران یان ئاسنگەران.
ساکت: بەلەکپێچ.
سندۆق: سندووق.
ساپکیتە: جلێکی پیاوانە لە سوفی بزنە و لەسەر بلوز لەبەر دەکرێ.
ساسپاراد: سەرپۆشی جوانکاریی ئافرەتان.
سەهارانە: فیستیڤاڵێکی باو، بە تایبەتی لە رۆژەکانی ناوەندی پاسۆڤەر یان سکوت.
سینار: بەروانکە.
شۆیە: ئامێرێکی نەخشاندنە لە لایەن زێڕنگر و ئاسنگەران بەکار دێ بۆ دروستکردنی چاوەزار.
سینانە: شەی پۆڵایین لە چنین بەکار دێ.
سیرمە: دەزوو.
سیرواڵە: شەرواڵ.
سوت کەناری: دەرمانێکە بۆ نەخۆشیی پێست.
سیوە: چەنگاڵی دار.
سۆری پسیپاس: رەنگێکی سووری مەیلەو قاوەییە لە چنین.
سراکە: تەشی.
سوان: ئامێری زێڕنگر و ئاسنگەران.
سوار: بازن.
سودرە: ژێر کراسی ئافرەتان.

سوتەك: پشتێنی چنراوی پیاوان.
سوخمە: سوخمە.
تەفسیر: لێکدانەوە.
تەھتا: دۆشەك.
تامری: کڵاوی لە زنجیر دروستکراو.
تەنوورە: تەنوورە.
تاوسی: کڵاوێکی ئاوریشمییە بۆ ئافرەتان بە دەزووی زێڕ نەخشێنراوە لە کوردستانی ئێران.
تاسە: تاسە.
تاسیە: داو.
تەختە: ١– تەختە ٢– پێخەفی دارین.
تۆلە تیرشە: گیایەکە بەکار دێ بۆ ژانە گەدە.
ئوبرە: دەرزیی ئاسن.
ئودین: چوارچێوە.
وەردە: گوڵ.
خەبوسە: نەخشێکە لە چاوەزار بەکار دێ (هەندێ جار پێی دەڵێن سێو).
خالخال: خڕخار.
خەموستە: نەخشێکە لە ستایلی نەخشی سەقزی.
خەنجەر: خەنجەر.
خەرخاسە: پشتێنی پیاو یان ئافرەتان، ڕەنگاوڕەنگە.
خەتامە: موستیلەی پیاو یان ئافرەتان.
خاسە: قاپیی ئاسن.
خەزامتە: خەزێم.
خوانە: خوانەی نانکردن.
خوارە: رەنگی سپی.
یامنی: کەوشی بن فلاتی بێ قەیتان
یاپراخ: یاپراخ (دۆڵمە)
یاقوت: بەردێکی سوورە
یەلەك: هێلەگ
زاگە: پاودەرێکە بۆ مەرەکەب بەکار دێ
زار دامسی: دەسکێکە لە دەسرازی پەرستگەکان قایم دەکرێ
زبون: چاکەتێکی درێژە بۆ پیاو و ئافرەتان (سەیری کورتەك بکە)
زێڕنگر: زێڕنگر
زیلوە: نەخشاندن
زنجیرە: زنجیر
زنجیرە بریمە: چوار زنجیرە پێکەوە بەستراونەتەوە
زوڕنا: زوڕنا
زودیات تەنورە: جۆرێکە لە نانی برژاو

## سوپاس و پێزانین

هاوکاریی خۆبەخشانەی هاوڕێیانی بەریتانیی مۆزە هونەرییەکانی ئیسرائیل سازدانی پێشانگەکە و بڵاوکردنەوەی کەتەلۆگی (عیبری)یان سانا کرد. پێشانگەی خشڵ و گەوهەر لە مۆزەی فێر گوێلکەکوند لە بەرلین هاتە سازکردن بەهۆی پارۆنس ئالیکس دو رۆتچیلد، پاریس.

ئەم شارەزایانەی خوارەوە یارمەتییەکی پڕ بەهایان پێشکێش کرد لە ڕێی ئامۆژگاری، رەخنە و بۆچوونیان: د. ئۆلگە گۆلدبێرگ لە زانکۆی عیبریی قودس، هایە میرۆتز لە قودس، براخە سادۆڤسکی لە قودس، رافی گرفمان لە قودس، د. مێیر بیناياهو لە قودس.

سوپاسگوزارین بۆ ئیلشیڤا بالیهۆن، تیبێریەس، هەروەها بۆ مۆردخای گەمپل، ماوز زۆین کە سەرنجی ئێمەیان راکێشا بۆ هونەری جووە کوردەکان.

گەشتی ئۆرا شوارتز – بێیری  بۆ کوردستانی ئێران هاتە سازکردن لە ڕێی یارمەتیی ئەمانەی خوارەوە: ئاندرێ ئیمەریچ لە نیویۆرک، مامۆستا مارسێلا برێنەر لە واشنتن دی سی، دەیڤد میرڤیش لە تۆرۆنتۆ. مامۆستا مایکل زاند لە زانکۆی عیبری و دان پێری زانیارییان دابین کرد بۆ گەشتەکە. سیمهی و بروریا شیلۆنی پێشوازی و هاوکاریی ئۆرایان کرد لەوێ.

ئەم کەسانەی خوارەوە شتیان بەخشیوە یان کۆمەکی داراییان دابین کردووە بۆ پێشانگەکە:

هەڤیڤ ئالۆن، قودس ، یلها و زادۆك ئازەریا، کیفار یۆنا، یۆسی بینیامینۆف، تەلئەبیب و نیویۆرک، جۆزیف بۆخنبۆم، قودس، زیڤا کۆن، ئیلۆری، نەعوم دەروێش، تیبێریەس، ویتا و شابتای ئیلمان، ریهۆڤۆت، عەزیز فەردی، میلیلۆت، گلادز هیلیل، قودس. فەندی کامیلە و فریتز هۆلەندەر، ستۆکۆڵم، بیزا و موشی مەهلوف، تیبێریەس، سارا و شموێل نافتالی، نۆگا، زیپۆرا و یزاك نەعوم، مینوعە، ئاهوڤا و مامۆستا ج. پیکارد، قودس، د. و خاتوو ویلی أ. ریبە، ڤالبێلا، سویسرا، بارۆنیس ئەلیکس دو رۆتچیلد، پاریس، موشی سەیدۆف، نیس حاریم، مریەم ساسۆن، تیبێریەس، یاکۆڤ یاکۆڤ، ماوز زیۆن، حەنا یۆنا، ئیشبول، زیڤ زاکن، قودس، سارا و شموێل نافتالی، نۆگا.

ئەم مۆزە، ئەرشیڤ و کەسانەی خوارەوە کەلوپەلیان بە قەرز دا پێشانگەکە:

د. مێیر بیناياهو، قودس، یۆسی بینیامینۆف، تەلئەبیب و نیویۆرک، مامۆستا ئێلی داڤیس، قودس. یزاك ئینهۆرن، تەلئەبیب. تەمەر ڤاڤیش، رەمات جان. لودویڤ و ئێریکا جیسلسن، نیویۆرك. کتێبخانەی زانکۆی نیشتمانیی جووان، بەشی دەسنووسەیل و ئەرشیڤ، قودس. مۆزەی ئیتنۆلۆجی و فۆلکلۆر، حەیفا. مۆزەی هونەری جوان، گێلز تاون، قودس. مۆزەی سیر ئیساك و زەیدی ئیدیس، هیکەل شلۆمۆ، قودس. ستاتلیچ موزین زو بەرلین، پریسیشخەر کولتەربرێتز، مۆزەی فێر گوێلکەکوند، ئاب وێستاسیەن.

ئەم ئەرشیڤ و کەسانەی خوارەوە ڕێیان پێ داین فۆتۆگرافەیل بە ناوی خۆیان بەکار بێنین:

سەنتەری ئەرشیڤەکانی مێژووی گەلی جوولەکە، قودس. فابیرو فابیر، لەندەن. مۆزەی فیڵدی مێژووی نیشتمانی، شیکاگۆ. کۆمەڵگەی ئیتنۆگرافی ئیسرائیل (کۆلێکشنی ئی براور). ماهانایم، بەلاڤۆکی سەرسازیی رابینایت، تەلئەبیب. مەتەری ڤێرلاگ، هامبۆرگ. وەزارەتی پەروەردە و کولتوور، سەنتەری کەلەپووری رۆهەڵاتی. مۆزەی دو هۆم، پاریس. دان پێری، تەلئەبیب.

